# سەرایدار



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هارۆڵد پینتەر

# سەرایدار

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

ڕێبوار ڕەشید



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: سەرایدار- شانۆنامە

نووسینی: هارۆڵد پینتەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار ڕەشید

پێشەکی: دانا ڕەئوف

بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٨٣

هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم، ٢٠٠٨

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧٧ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# هارۆڵد پینتەر و سەرەتاکانی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەوروپی

دانا ڕەئوف

*«هیچ جۆرە سنورێکی توند لەنێوان ڕاستی و ناراستیدا نییە، هەروەها لەنێوان واقیع و ناواقیعدا، هیچ شتێک نییە کە یەکێکیان ڕاستی ئەویتریان درۆ بێت، دەکرێت هەردووکیان ڕاست و درۆش بن.»* هارۆڵد پینتەر

هارۆڵد پینتەر یەکێکە لە دوا گرنگترین شانۆنووسەکانی نەوەی دوای جەنگ و کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە هەیە، کاریگەرییەکانی ئەم نووسەرە بەربڵاوە و مەسەلە دەروونی، ئاکار، ڕامیاری و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەوروپی دەگرێتەوە. هارۆڵد پینتەر درامایەکی مۆدێرنی خوڵقاند، ئەو درامایەی کە ئەمڕۆ ئێمە هەموومان تیا ئەژین. ئیبسن، ستریندبێری و چێخەف کۆتاییان بە سەدەیەک، بە کۆنەکە، بە هاوچەرخەکە هێنا و هارۆڵد پینتەریش سەرەتا و دەروازەی نەوەیەکی نوێ و سەردەمێکی نوێی شانۆی مۆدێرنی ئەوروپییە.

شانۆی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٥٦ دا و بە نەمایشکردنی شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) ی نووسەری بەناوبانگ جۆن ئۆزبۆرن ١٩٢١– ١٩٩٤ گەلێک گۆڕانکاری گرنگی بەخۆوە بینیوە، ئەو شانۆنامەیە لە پەنجاکانی ئەدەب و شانۆی



ئینگلیزیدا، هاوارێکی تووڕە، ڕاچڵەکینێکی توند و هەنگاوێکی نوێ بوو. جۆن ئۆزبۆرن سەرەتای هەنگاوەکان بوو، دوای ئەو هارۆڵد پینتەر، ئارنۆڵد ڤێسکێر، جۆن ئەردن و چەندەها نووسەری تر بڕەویان بەو شۆڕشە دراماتیکییە نوێیە دا[١]. جۆن ئۆزبۆرن بارودۆخێکی جیاوازی خولقاند و بەڕووی شێواز و جۆری بیرکردنەوەی نەوەکانی پێش خۆیدا چووەوە و جۆرێکی تری لە ڕیالیزمی شانۆیی خوڵقاند کە دواتر بە (ڕیالیزمی دەستشۆر) ناسرا. بەڵام هارۆڵد پینتەر هەر زوو توانیی لەم تەوژمەدا شێوازێکی تر و بوارێکی جیاواز و شەقڵێکی تووڕەتر لە خودی شانۆنامەکانی ئەو تەوژمەدا بدۆزێتەوە. هیچ شانۆنامەنووسێک هێندەی هارۆڵد پینتەر لەدوای جۆن ئۆزبۆرن – ەوە بەها و گرنگیی نەبووە، هارۆڵد پینتەر گۆڕانکارییەکی گرنگ، نوێکارییەکی جیاواز و شانۆیەکی هاوچەرخی مۆدێرنی فراوانی خوڵقاندووە. شانۆیەک مرۆڤ دەبێتە توخم و تەوەرەیەکی گرنگی ڕووداوەکان. شانۆی هارۆڵد پینتەر بووە گەردوونێکی گشتگری مرۆڤایەتی، لەو گەردوونەدا مرۆڤ، تەنیا مرۆڤ و دەروونێکی تەنیا، لە دەوروبەرێکی پڕ لە کێشەی دژواردا دەبێتە چەقی ڕووداوەکان. ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و ئاماژە پێکردنە لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا ئەوەیە کە زۆر گرانە جیهانە شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە جیهانە دیار و ئاشکراکان جیابکرێتەوە. جیهانێکی توندوتیژی و دوژمنکاری، سیمایەکی گرنگی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە پێک دەهێنێ و یەکە یەکە ڕیشاڵە دراماتیکییەکانی بەرجەستە دەکا: لە ناوەوە، لە ڕووکاری دەرەوە، لە هەموو لایەکەوە و لە کۆتاییدا دەبێتە هەموو شتێک و کەسایەتییەکان دەکاتە کەسانی نامۆ بەیەکتر. هەرچەندە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر بەشێوازیکی

ڕیالیزمی نووسراون، بەڵام لەکاتی نمایشکردندا لە ڕیالیزم و واقیعی ناچک و زیاتر ڕیالیزمێکی ئەندێشەئامێز دەبێتە سترکتوری نمایشە شانۆییەکانی.

شانۆنامەکانی هاڕۆڵد پینتەر پێکداچوون و پێکهاتەیەکی سەیر لەخۆدەگرن: گەمەی دەسەڵات، ستراتیژییەت، خەون، درۆ، ڕیا و فانتازیا، ئەمانەش هەموویان پێکەوە بنەما گشتییەکەی ئەو شانۆیە دەستەبەر دەکەن. هەندێ جار کەسایەتییەکان لەم گەمەی وشە و واقیع و فانتازیایەدا بە تەواوەتی ون دەبن و زۆر زەحمەتە بزانرێت کە ئەو کەسایەتییانە مردوون، یان جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان بەرجەستە دەکەن. مرۆڤ لەلای هارۆڵد پینتەر لە وتووێژێکی بەردەوامدایە لەگەڵ ناوەوەی خۆی و دەنگە نادیارەکانی دنیای ناوەوە و دەرەوە.

ڕەخنەگرەکانیش لە سەرەتادا ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە شانۆنامەکانی هاڕۆڵد پینتەر ئاڵۆزن، دوورن لە هەموو بنەما دراماتۆرگییەکانەوە و کەس نازانێ چی دەڵێن و باسی چی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا چەندین باس و لێکۆڵینەوە، کتێب و بڕوانامەی خوێندنی باڵا و لە هەموو ڕووەکانییەوە لەسەر شانۆنامەکانی هاڕۆڵد پینتەر نووسراون.

یەکێک لەو ڕەخنەگرانەشی کە سترۆکتور و شێوازێکی ڕەخنەیی، تیۆری و فیکریی بەخشییە شانۆی هارۆڵد پینتەر، (مارتن ئیسلین) بوو، ئەم ڕەخنەگرە گەورەیە ئەو شێوازە نادیار و فۆڕمە نهێنییە واقیعییەی گەیاندە ئاستێکی بەرز و هەموو کۆد و شانەکانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر دەکاتەوە و تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەیان دەخاتە سەر. مارتین ئیسلین لە کتێبە دانسقە و



بەباناوبانگەکەیدا، بەناوی شانۆی ئەبسوردThe Theatre of the Absurd _ کە لە ساڵی ١٩٦١ دا بڵاوکراوەتەوە. ریالیزمی هارۆڵد پینتەر ئاوێتەی تەوژم و سیمایەکی ئەبسورد دەکا و بە ڕیالیزمێکی ئەبسوردئامێز ناوزەدی دەکا. ڕاڤەکردنەکانی مارتن ئیسلین دەگەڕێتەوە بۆ جیهان و شانۆکەی هارۆڵد پینتەر: مرۆڤی ئاسایی لە جیهانەکەی هارۆڵد پینتەردا نییە، هیچ ڕەوش و هەڵوێستێکی ژیانی ڕۆژانە لەخۆناگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بابەت و ڕووداو و چیرۆکی شانۆنامەکانی باسی هەموو کەسێک دەکا. هارۆلد پینتەر کارەکتەرەکانی بە شێوەیەک لە ڕووداوەکاندا بەرجەستە دەکات کە شتێکی ئاسایی و ڕۆژانەیە، ڕۆژانە و ساکار تێکەڵاو دەکا، پێکدادەچێت لەگەڵ فۆرم و جیهانێکی ئەبسورددا و لەبەرئەنجامدا ژیانی هەزارەها کەس ڕەنگ دەداتەوە، بەرجەستە دەبێت و لە ڕوانگەی چیرۆکێکی ئاسایی نائاساوە دەردەکەون، وچان و دیالۆگەکان قووڵ دەکاتەوە و مەودایەکی نهێنی و هەندێ جار ترسناکیان پێ دەبەخشێ. هارۆڵد پینتەر کاریگەرییەکی گەورەی کردووتە سەر هەموو شانۆنامەنووسانی دوای خۆی، لە شانۆی ئینگلیزی و لە شانۆی جیهانیشدا، لە ئینگلستان داڤید مەمێنت و سارا کێنی دوو نموونەی ئاشکران، لە سوێد لاش نۆرێن و لە نەرویژیش یۆن فۆسە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی هارۆڵد پینتەردا بەرهەمەکانی خۆیان نووسیوە.

هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتاوە و دوای نەمایشکردنی شانۆنامەی سەرایدار(*)، دەچێتە ڕیزی نووسەرە گەورەکانی ئەو دەمەی

---

(*) سەرایدار: وشەیەکی فارسییە لە کوردیدا مانای پاشماڵە، ژێرماڵە و ناڤماڵی دێ

ئینگلستانەوە و ڕەخنەگرێکی ناوداری ئەو دەمە دەڵێ: (هارۆڵد پینتەر دەبێ یەکێک بێ لەو نووسەرانەی کە جێگایەکی بەرز و شیاویان لەسەر شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت بەدەست هێناوە.[٢]) نووسەرە گەورەکانی شەستەکان کە بۆ ئەو شانۆیەیان دەنووسی، دەمێک بوو ناوبانگیان هەموو ئەورووپای بڕیبوو، بەو شێوەیە هارۆڵد پینتەرێکی لاویش لەنێو ئەو نووسەرە گەورانەدا جێگای خۆی دەکاتەوە.

## هارۆڵد پینتەر کێیە؟

ژیانی هارۆڵد پینتەر لە ١٠ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٠ لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی هەژار و لە ڕۆژهەڵاتی شاری لەندەنەوە دەست پێ دەکات، باوکی بەرگدروو بووە و هارۆڵد پینتەر تەنیا منداڵی ئەم خێزانە بووە و خانەوادەکەشیان هەر لە سەرەتاوە و بەوپەڕی تواناوە هانی هارۆڵد پینتەر دەدەن، بارودۆخێکی هێمنی بۆ دابین دەکەن و خۆشەویستییەکی گەورەشی پێ دەبەخشن. لە تەمەنێکی ناسکی مێردمنداڵیدا، لە کاتێکدا کە پێویستی بە سۆزی دایک و باوکە، لە خێزانەکەیان دادەبڕێ و وەک زوربەی منداڵانی تری ئەو دەمە و لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا دەگوێزرێنەوە بۆ گوند و ناوچە دوورەدەستەکان. هارۆڵد پینتەری مێردمنداڵ ڕاستەوخۆ شاڵاوی سووکایەتی پێکردن و دژایەتیکردنی جوولەکەکان لە دەیەی سیی لەندەندا، بەچاوی خۆی دەبینێ و هەر لەو ساتەشەوە، زۆر بە توندی دژی هەموو جۆرە شەڕ و سەرکوتکردنێک دەبێتەوە.

هارۆڵد پینتەر لە سەرەتادا لاوێکی زۆر شەرمن و بێدەنگ بووە، بەڵام کە دەچێتە قۆناغی خوێندنی ئامادەییەوە گۆڕانکارییەکی زۆری



بەسەردا دێ و دەست دەکات بە یاریی تۆپی پێ و وتاری جۆراوجۆریش لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەیاندا بڵاودەکاتەوە. وەک خۆی لە هەندێ لە یادداشت و چاوپێکەوتنەکاندا باسی کردووە، ئەو گۆڕانکارییانە دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆڵ و هاندانی مامۆستای ئەدەب و کولتووری ئینگلیزی. هەر ئەو مامۆستایەش بەهرەی شانۆ و نووسین لەو لاوەدا دەدۆزێتەوە و بەردەوام هانی دەدات. هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی ئەدەب و هونەری هەبووە، زۆر بە وردی کافکا، جویس، دۆستۆیفسکی و هێمنگوای دەخوێنێتەوە، هەروەها وەک ئەکتەریش لە زوربەی چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکەیاندا بەشداری دەکا و هەر لەو قۆناخەی تەمەنیدا ڕۆڵی (ماکبێس) لە شانۆنامە بەناوبانگەکەی شەکسپیردا یاری دەکا.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٥٠ دا بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری Poetry London دا پارچە شیعرێکی بڵاودەکرێتەوە و لە ساڵی ١٩٥١ یشدا وەک ئەکتەرێکی دانپیانراو لە دەرەوەی سنووری قوتابخانەکاندا کاردەکات، دوای ئەوە لە ئێزگەی ئینگلیستان، لەگەڵ تیپ و گرووپە گەڕۆکەکان و زۆربەی شانۆکانی لەندەندا وەک ئەکتەر و ڕێژیسۆر، تا ساڵی ١٩٦٠ کاردەکات. هارۆڵد پینتەر بەو شێوەیە و لە سەرەتاوە هەموو ژیانی بۆ شانۆ تەرخان دەکا، نووسەر، ئەکتەر و ڕێژیسۆر و زۆرجار هەر خۆیشی ڕۆڵی کارەکتەری تووڕە و بێباکی پیەسەکانی خۆی یاریکردووە. هارۆڵد پینتەر بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ لەگەڵ تیپ و نمایشە شانۆیەکاندا، بە زوربەی شار و شارۆچکەکانی لەندەن و هەموو ئینگلیستاندا گەڕاوە، ئەمەش زیاتر و لە نزیکەوە بە هونەری شانۆ، پێداویستییەکانی، تەنگەژە، چارەسەرکردن و پراکتیک و

پرۆسە هونەرییەکان ئاشنا بووە و توانا کردەییەکانی دەوڵەمەند کردووە.

هارۆڵد پینتەر وەک ئەکتەر بەناوی (داڤید بارون)ەوە کاری کردووە و دواتریش کە شانۆنامەکانی بڵاودەکاتەوە لە داڤید بارۆنی ئەکتەرەوە دەبێتە هارۆڵد پینتەری شانۆنامەنووس و بۆ یەکەمجار شانۆنامەی (ژوورەکە) لە ساڵی ١٩٥٧ دا بڵاودەکاتەوە، هەر لەم شانۆنامە کورتەدا شێوازەکانی نووسینی هارۆڵد پینتەر دەردەکەوێ، بۆ نموونە ئەتمۆسفێر، کارەکتەر و ژوورە داخراوەکان، لە ساڵی ١٩٥٧ دا شانۆنامەیەکی تر The dumb waiter دەنووسێ. لەم شانۆنامەیەشدا سمیبوڵەکانی ژوورە داخراوەکان، دابڕان و نهێنییەکان بەکاردەهێنێ، کارەکتەرەکان لەو ژوورە داخراوانەدا بە تەواوەتی لەپەراوێزدان. تەکنیکی پشتەوەی تێکست و وشەکانی لە شانۆنامەی ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوون، ساڵی ١٩٥٨ بە تەواوەتی پەرە دەسێنێ و هێڵەکانی شانۆیەکی تایبەتمەندی هارۆڵد پینتەر دەردەکەوێ. هەر لەم شانۆنامەیەدا ئەو کۆمیدیا ئەبسوردەی لە بێکێتەوە فێری دەبێ، بە تەواوەتی دەردەکەوێ، ڕووداو و کارەکتەرەکان لە دیالۆگی ڕووت، ئاسایی و ڕۆژانەوە دەبێتە درامایەکی کافکایی. پیشەی شانۆنامەنووسیی ژیانی هارۆڵد پینتەر دابین ناکا، لەبەرئەوە ناچار دەبێ لەپاڵ نووسین و کاری شانۆدا و بۆ دابینکردنی گوزەرانی چەندین کاری تری وەک پاسەوان و شۆفێر بکا، ئەم کارانەش دواتر لە شانۆنامەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

هەرچەندە هارۆڵد پینتەر لە سەرەتای نووسینی شانۆنامەکانیەوە، وەک نووسەرێکی گەورە و جیاواز ئاماژەی بۆ دەکرێ، بەڵام



شانۆنامەکانی و لەکاتی نەمایشکردنەکانیاندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنن. لە ساڵی ١٩٥٧ دا هەردوو شانۆنامەی ژوورەکە و ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوون، نمایش دەکرێن، هەر زۆر زوو لەبیردەچنەوە و سەرنجی ڕەخنەگرەکانیش ڕاناکێشن. دوو ساڵ دواتر، هەمان شانۆنامە، واتە ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوون، بە شێوازێکی تر و وەک شانۆی تەلەفیزیۆنی پەخشدەکرێ، ئەم نمایشە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هارۆڵد پینتەر بەدەست دەهێنێ و لە شەو و ڕۆژێکدا دەبێتە یەکێک لە ناسراوترین نووسەرەکانی ئەودەمەی لەندەن. هارۆڵد پینتەر هەر لەم قۆناغەدا زۆر بە چڕی دەکەوێتە نووسین و بڵاوکردنەوە، شانۆنامەکانی بۆ BBC دەنووسێ، لەهەمانکاتدا بەردەوام دەبێت لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعر و فیلمنامە و تێکستە تەلەفیزیۆنییەکانی و تەنانەت وتاری سیاسییش بڵاودەکاتەوە. هەر لەم ساڵانەدا شانۆنامەی سەرایدار، ١٩٦٠ دەنووسێ و ئەم بەرهەمەی نەک تەنیا لە لەندەن بەڵکو لە زوربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ(٣).

هارۆڵد پینتەر دوای ئەوە گردبوون (گولێکسیۆن) ١٩٦١، یار ١٩٦٢، ئاهەنگی چا خواردنەوە ١٩٦٥، بە ماڵەوە شادبوونەوە ١٩٦٥، دیمەنێکی ئاسایی ١٩٦١، بێدەنگی ١٩٦٩، شەو ١٩٦٩، بێ وەفایی ١٩٧٨، خاکی بێ خاوەن ١٩٧٤.... هتد دەنووسێ. هارۆڵد پینتەر نەوەی سەر بە چینی کرێکاران و تەوژمی ریالیزمی نوێی شانۆی ئینگلیزییە، بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا پابەندی دەوروبەر و ئاوهەوایەکی واقیعیی شیعرئامێزە، بۆ نموونە لە ژیانێکی ڕۆژانەی زۆر ئاساییدا، هەڵوێستە، حاڵەتی دژایەتی و بەرگریکردن دەخوڵقێنێ

و زۆر جار دیالۆگەکانی فۆرمێکی لێپێچینەوە لەخۆدەگرێن، ئەم فۆرمە زیاتر لە شانۆنامە سیاسییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕووداو و ئاکامەکانی جەنگی جیهانیی دووەم کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بیر و هۆشی هارۆڵد پینتەر جێ دێڵێ، هەموو شتێک بە سیاسەت دەبینێ، لە بنەماکانی توندوتیژی، ڕەگەزپەرستی، جەنگ و دەسەڵات تێ دەگات. هەر لەبەر ئەوەشە کە بە هەموو شێوەیەک دژی هەموو ماناکانی سەرباز و سوپا و چەک دەبێتەوە، لە خزمەتی سەربازی هەڵدێت و بەهیچ شێوەیەک ئامادە نابێت کە جلوبەرگی سەربازی لەبەربکات و بچێتە ڕیزەکانی سوپای وڵاتەکەیەوە.

هارۆڵد پینتەر بە پێچەوانەی نووسەرانی نەوەکەی خۆیەوە، ئۆزبۆرن و ئارنۆڵد وێسکەر، شانۆنامەنووسێک یان نووسەرێک نییە کە نووسینەکانی لەسەر ژیان و بیۆگرافیای خۆی بنیات نابێ. شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر ڕێگایەک نین بۆ ناسینی ئەم نووسەرە و لە بەرهەمەکانیدا هیچ زانیارییەک دەربارەی ژیانی خۆی نادات بە دەستەوە. هارۆڵد پینتەر لەم ڕووەوە تاقە منداڵی خێزانەکەیان بووە. خۆی دەڵێ: (هیچم نییە سەبارەت بەخۆم بیڵێم. نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم، بە تایبەتی کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆم دەکەم، لەوە ڕادەمێنم کە ئاخۆ ئەو کەسە کێ بێ؟).

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ٢٠٠٥ دا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێت و لە دوای بێکێتەوە دادەنرێ بە گەورەترین شانۆنووسانی ئەوروپا و جیهان.



## مۆرک و سیماکانی شانۆی هارۆڵد پینتەر

هارۆڵد پینتەر هەر لە دەسپێکی شانۆنامەکانییەوە جیهانێکی تایبەتمەند بە خۆی دروست کردووە، دیالۆگ، کارەکتەرەکان، ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنێ، ئەو مەسەلانەی کە دەیانخاتە ڕوو، ئەتمۆسفێرە تەمومژاوییەکان و بارودۆخە نهێنییەکان شێوەیەک لە پینتەرییەت، تایبەتمەند و جیاواز دەخوڵقێنێ. کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر بەبێ هیچ چیرۆکێک، بەبێ هیچ پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاستێکی دیاریکراوی باری کۆمەڵایەتی یان چینایەتی دێنە سەر شانۆ، ئەو کارەکتەرانە لە دانوستانێکی بەردەوامدان سەبارەت بەوەی کە هەموویان جیگایان لە هەمان ژووردا ببێتەوە، بەرتەسکیی شوێنەکان، وەک هێمایەک لە زوربەی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا دووبارە دەبنەوە، شوێنەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، ئەم بەرتەسکیی شوێنانەش هێمایەکە بۆ تەنگژەی کارەکتەرەکان و سنووردارییی جووڵانەوەیان لە ژیاندا و ترسیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانی دەرەوە. تەنیا و دابڕاو لە بارودۆخێکی تەمومژاوی و نهێنیدا دێن و دەچن، ئەم بارە نادیار و تەمومژاوییە شانە گرنگەکانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر پێک دەهێنن. هارۆڵد پینتەر خۆیشی زۆرجار ئاماژەی بەوە کردووە لەوەی کە نووسیویەتی هیچ شتیکی زیاتر سەبارەت بە ژیانی کارەکتەرەکانی نازانێ. (ژیان هیچ لێک ناداتەوە، ئێمە هەرگیز وەڵامی هیچ پرسیارێک وەرناگرین، ئەدی بۆچی بیچمەکانی من وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.) ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هارۆڵد پینتەر خۆیشی نووسینی کردووتە ئامرازێک بۆ زیاتر ناسینی مرۆ و کارەکتەری شانۆنامەکانیشی، هەموو

شانۆنامەیەکی نوێ هەوڵێکی ترە بۆ زیاتر ئاشنابوونی بە کارەکتەرەکانی، بە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و بە ڕەوشە ڕامیارییەکانیان. هیچ سنوورێکی ئاشکرا لەنێوان ڕاستی، واقیع و خەیاڵدا نییە، هەروەها بە هەمان شێوە هیچ سنوورێک لەنێوان ڕاست و درۆدا نییە، بەم شێوەیەش جیهانی شانۆکەی، هەموو سنوورەکانی واقیع و فەنتازیا، خەون و خەیاڵ تێکەڵاو دەکات. هارۆڵد پینتەر شانۆنامەکانی بەبێ هیچ هۆکارێک یان ڕوونکردنەوەیەک دەنووسێ، بەبێ بۆچی و لەبەرئەوە. وەک شێعر و مۆسیقا وان: دیدەکان پێش ناکەون، بەڵکو بابەت و وێنەکان لە خودی پێوەند و ڕیزبەندییەکانەوە فۆرم و شێوازی خۆیان وەردەگرن. لەوانەیە هەموو شتێک بگەیەنێ و لەهەمانکاتدا هیچ مانایەکیشیان نەبێ، زۆر جار وێنەکان ژوورێک، هەڕەشە، خانەوادە، ئافرەتەکە، یادەوەرییەکان دووبارە دەبنەوە. یان ئەتمۆسفێرەکە: ئەو ترس و زەندەقچوونە بێ ناوەی کە لەنێوان خودی ترس و پێکەنینەکاندا خۆی حەشارداوە. هەندێ جار هەڵوێستە و ڕووداوەکان، لەنێوان شانۆ و بینەراندا حاڵەتێکی نائارام سەبارەت بە کامە ڕاستە و کامە درۆیە، کامە واقیعە و کامە ئەندێشەیە دروست دەکا.

کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر بەردەوام لە چاوەڕوانیی ئەوەدان بدوێن، یان بە واتایەکی تر ڕێگایان پێ بدرێ کە بدوێن، کە دەشدوێن بەهیچ شێوەیەک ڕووناکەنە بینەران، زۆرجار بەنێو دەروونی خۆیاندا ڕۆدەچنە خوارەوە، دابڕاون و هیچ پەیوەندییەکیان بە دوروبەرەکەی خۆیانەوە نییە، لەهەمانکاتدا ئەو کارەکتەرە تەنیایانە هێندە ورد، ڕاستەوخۆ و قووڵ بەستراونەتەوە بە ژیانی ڕۆژانەوە، بینەران



هەروەک ئەوەی ڕۆڵی کۆمەڵێ کەسایەتیی ڕاستەقینەی ژیانی واقیعی ببینن وایە.

هارۆڵد پینتەر تەنیا دووپاتی ئەوەمان بۆ ناکاتەوە کە ئێمە لەژێر گوشار و هەڕەشەیەکی ئەبەدی، ناوەکی و دەرەکیدا دەژین، بەڵکو ڕووبەڕووی هەست و سۆزێکی تاریکی سامناکمان دەکاتەوە کە لە ناوەوەی دەروون و جەستەی خۆماندایە. ئێمە لەو تاریکییە ترسناکەی دەروونماندا لە جەنگێکی بەردەوامداین لەگەڵ خۆمان و ئەوانیتردا، لەو تاریکییەدا هەموو شتەکان دەبنە پرسیار، هەموو شتەکان بەبێ وەڵام دەمێننەوە، هیچ کەسێکیش ڕزگاری نابێ و هەموو شتەکانیش تێکدەشکێن. لەپڕ کەسێک دەردەکەوێ و هەموو شتەکان هەڵدەگیرێتەوە، یان دەبێتە جێگای مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە.

هارۆڵد پینتەر زۆر زیرەکانە ژیانی مرۆڤە هەژارەکان، ئەو مرۆڤانەی لە دەرەوەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا توندکراون دەنەخشێنێ، لەهەمانکاتدا ژیان بێ باک و ڕواڵەتئامێزی دەوڵەمەندەکانیش دەخاتە ڕوو.

شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر تەنیا خستنەڕوویەکی بەرزی کۆمەڵگەی هاوچەرخ و ژیان و گوزەرانی چینی بۆرژوا نییە، بەڵکو زۆر بە وردی هەموو کولتوور و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئینگلستانی دوای جەنگ بەرجەستە دەکا.

یەکەم بەرهەمە شانۆییە دانپیانراوەکانی هارۆڵد پینتەر، زۆر بە ئاشکرا لە مەدارێکی نزیک بە جیهانی سامۆیل بێکێتدا دەسووڕێتەوە، کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر، چیرۆک و بنەما فیکرییەکانی زۆر نزیکە لە بێکێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە

که هارۆڵد پینتەر بە پێچەوانەی بێکێتەوە توانیویەتی ئەو کارەکتەرانە لەو بارودۆخە ئەبستراک و سیمبوڵییەی بیکێتەوە بگوێزێتەوە بۆ ناو بارودۆخێکی ئاشکرا و واقیعیی ژیانی ڕۆژانە و ناو ماڵی خێزان و کۆمەڵگەی ئینگلیزییەوە. لە شانۆنامەی (ژوورەکە) دا خانمێک بە بەردەوامی باسی ژوورە دڵگیرە خۆشە ڕازاوەکەیان دەکا، بەڵام ئەم خانمە و بینەرانیش هەست بە دڵتەنگیی ئەو ژوورە دەکەن و وەک بەندیخانە دەیبینن. لە شانۆنامەی (بە ماڵەوە شادبوونەوە[٤]) دازۆر بە خێرایی بۆچوونەکان، هەست و سۆزەکان گۆڕانکارییان بەسەدا دێ، کەسایەتییە فرۆیدییەکان لە گەمەیەکی ترسناکی دەسەڵاتی نێوان کارەکتەرەکاندا دەردەکەوێ. ژوورێکی ئاسایی دانیشتنی ڕۆژانە، کەلوپەل و کورسی و هەموو شتەکانی تر زۆر بە وردی و بە شێوازێکی واقیعی دەستنیشان کراون، ئەوەی لە سەرەتادا ڕوودەدات، دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکان و بەهەمان شێوە لە دوایشدا دووبارە دەکرێتەوە، بوم شێوەیەش ئەوەی لەوەوپێش وتراوە، ڕووی داوە، سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە و لە ڕووداوێکی نوێ و شتێکی جیاوازدا بەرجەستە دەبێ. زەمەنیش لە ڕوانگەی دووبارەبوونەوەکانەوە، کاتە جیاوازەکان و مانا هەمەچەشنەکان پێکدا دەچن و تێکەڵاو دەبن و گۆرانکارییان بەسەردا دێ.

لەم شانۆنامەیەدا زۆر بە خێرایی و هەندێ جار کوتوپڕانە ئەو ژوورە واقیعییە دەبێتە گێژاوێکی ڕەش، دەلاقەیەکی بی ئامان و هەموو شتەکان ڕاپێچ دەکا بۆ ناوەوە، بۆ دەرەوە، بۆ ژێرەوە و هەموو مەرزەکان: ئاکاری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، واقیعی تێک دەشکێنێ. ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە لەنێوان هارۆڵد پینتەر و سامۆیل





بێکێتدا. دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکانیش مەودایەکی قووڵ دەبەخشێتە چەمکی زەمەن و زەمەنە جیاوازەکانی ڕووداوەکان و ڕامانی تێپەڕبوونی زەمەنیش.

لە هەموو دیمەنێکی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا بە ڕوونی گەمەی دەسەڵات، لە ڕوانگەی زمان و بەکارهێنانی دەستەواژە و وشە هەڵبژاردراوەکانییەوە دەبینرێ. جیهانێکی نائارامی تۆقێنەری پڕ لە هەڕەشە هەیە، لەم نائارامییەدا کارەکتەرەکان لەژێرەوەن، یان لە سەرەوەن، بەڵام هەرگیز دەسەڵات لە یەک جێگادا جێگیر نابێ، بەڵکو چەمکی دەسەڵات وەک گەمەیەکی سەیر لە کەسایەتییەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسایەتییەکی تر و ئەوەی ئەمڕۆ براوەیە، سبەی دۆڕاوە._ کەس لە کەس دڵنیا نییە و کەس بڕوای بە کەس نییە و هەموو کەسێکیش نهێنییەکی شاردووەتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە نە خوێنەر و نە بینەریش و تەنانەت خودی کارەکتەرەکانیش نازانن ئەو شتە نهێنی و شاراوەیە چییە.

گەمەی دەسەڵات بە بەردەوامی لە هەموو شوێنێکدایە، بۆ نموونە لەنێوان ژن و مێردێکدا، کارەکتەرێکی کۆمیدی لە شانۆنامەی (یار) یان وەک گەمەیەکی پەیوەندییەکان لە شانۆنامەی (بێ وەفایی). بەڵام ئەم مەسەلەیە لە شانۆنامەی (خاکی بێ خاوەن) دا چەمک و مۆرکێکی زیاتر ئەزەلی لەخۆدەگرێ، شانۆنامەکە چوار کارەکتەری پیاو ڕۆڵەکان بەرجەستە دەکەن، ئەم چوار پیاوە چییان دەوێ؟ ئەمانە کێن؟ لەکوێوە هاتوون و بەرەو کوی دەچن؟ وزە و هێزی شانۆنامەکەش لەوەدایە کە ئێمە هەرگیز نازانین ئەو چوار کەسە کێن و چییان دەوێت.

لە شانۆنامەی (ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوون) دا گەمەی دەسەڵات

دەگاتە ئاستی ترۆپک، لەپڕ دوو پیاو، گوڵدباری و ماککان لە هیچەوە، هەروەک قارچک هەڵدەتۆقێن و هەموو شتەکان هەڵەوگێڕ دەکەنەوە. شانۆنامەکە زۆر نزیکە لە جیهانی کافکاوە. بێگومان گەمەی دەسەڵات لە زۆر دیمەن و شانۆنامەکانی تری هارۆڵد پینتەردا مۆتیڤێکی سیاسی لەخۆدەگرێ، باسی شەڕ، چەوسانەوە، چەوسانەوەی هەژار و بێلانەکان دەکات (دواتر زیاتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسەیان) هارۆڵد پینتەر بە شێوازێکی بەرزی نەبینراو، کەسایەتی و ڕووداوەکان دیاری دەکا و لەهەمانکاتدا دەیانبەستێتەوە بە ئاستە جیاوازەکانی واقیعەوە، کارەکتەرەکانی لە گەڕانێکی بەردەوام و دەستینیشانکردنی یەکتریدان و هەمیشە لەمیانەی میکانیزم و گەمەیەکی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتەوە لە بەراوردکارییەکی ورددان لەگەڵ یەکتری. یادەوەرییە کۆنەکان لە گەمە و ڕووداوەکاندا یادەوەرییەکی نوێ و بیرخستنەوەیەکی نوێ و جیاواز لە ئێستادا دروست دەکا، بەم شێوەیەش هەموو بیرەوەری و یادەوەرییەکان بنەمایەکی قووڵ و فرە مانا لەخۆ دەگرێ. چەندە شانۆنامەکەش بەرەو پێشەوە بچێت و زەمەن زیاتر تێ پەڕێ، هێندەش حاڵەتەکان زیاتر قووڵ دەبنەوە و دەچنەوە یەک، مەسەلەکان ئەوەیە کە تۆ کێیت؟ نەک بۆچی و چۆن و چی.

شانۆنامەی (بە ماڵەوە شادبوونەوە) یەکێکە لە شانۆنامە چڕ و تەمومژاوییەکانی لەسەر ئاستێک و ڕوون و ئاشکرا لەسەر ئاستێکی تر، پیاوێک کە مامۆستای زانکۆیە لە ئەمەریکا و لەگەڵ ژنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەندەن و بۆ ماڵی باوکی. باوکی و دوو برا و مامی بەبێ ئافرەت، بە سەڵتی دەژین. هەر دوای ساتێک پەیوەندییەکی نامۆ، نهێنی، سێکسی، تەمومژاوی، نادیار لەنێوان ئەو ئافرەتە و هەموو



پیاوەکانی ئەو ماڵەدا دروست دەبێ و کوڕەکەش بەبێ دەنگ، بەبێ جووڵە، بەبێ هەڵوێست لەم گێژاوەدا تەماشای ڕووداوەکان دەکا. ئەم خانەوادەیە و لە ڕوانگەی ڕووداوەکانەوە پەردە لەسەر خۆیان هەڵدەماڵن و سنوورەکانی نێوان وشە و بێدەنگی هەڵدەگیرێن. زوربەی ڕەخنەگرەکان وەک شانۆنامەیەکی دوژمنکارانە، دژی ئافرەت ئاماژەی بۆ دەکەن: پیاو و کۆمەڵگەی پیاوسالاری و جیهانی پیاو و بۆچوونەکانی پیاو سەبارەت بە ئافرەت بەرجەستە دەکا.

Michel Billington ڕەخنەگر و پسپۆڕ لە جیهانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا بە پێچەوانەوە دەڕوانێتە ئەم شانۆنامەیە و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە شانۆنامەی (بە ماڵەوە شادبوونەوە) ئاماژەیەکی گەورەی فێمینستییە.

هارۆڵد پینتەر لە وتاری خەڵاتی نۆبڵەکەیدا کە لە ٧ ی مانگی دیسەمبەری ساڵی

٢٠٠٥ دا لە کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی هەموو دونیادا پەخش کرا و دواتریش لەسەر ڕووپەڕی هەموو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، باسی چۆنییەتیی نووسینی شانۆنامەی (بە ماڵەوە شادبوونەوە) دەکات و دەڵێت:" من هەمیشە کە دەست دەکەم بە نووسینی شانۆنامەیەکی نوێ، بیچمەکانم، کارەکتەرەکانم ناودەنێم A, B, C. ئەو شانۆگەرییەی کە بوو بە (بە ماڵەوە شادبوونەوە) پیاوێکم بینی دێتە ژوورێکی ساردەوە و پرسیارێکی لە پیاوێکی لە خۆی گەنجتر کرد کە لەسەر کورسییەکی قەبەی ناشیرین دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی پێشبڕکێی ئەسپە. هەستم کرد A باوکە و B یش کوڕیەتی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نەبوو. ئەمە هەر دوای

ساتێکی کورت بۆم دەسەلمێت B (کە دواتر ناوی دەبێتە لێنی) بە A (کە دواتر ناوی دەبێتە ماکس) دەڵێت:" بابە، ئاساییە کە باسەکە بگۆڕین؟ دەمەوێ پرسیاری شتێک بکەم. ئەو خواردنەی ئێستا خواردمان ناوی چی بوو؟ تۆ ناوی چی لێ دەنێیت؟ بۆ نارۆی و سەگێک بۆ خۆت بکڕی؟ ئەوە خواردنی سەگە کە تۆ لێی دەنێی. بیگومان. تۆ لەو بڕوایەدای کە خواردن بۆ کۆمەڵێک سەگ ئامادە دەکەیت." هەر لەبەر ئەوەش کە B بە A دەڵێت " بابە "، بۆیە شتیکی سروشتی و ئاساییە کە ئەو دوانە ببنە باوک و کوڕ. زۆر روون و ئاشکراش دەردەکەوێ کە A خواردنەکەی ئامادەکردووە، هەروەها خواردنێکی بەتام و خۆش نەبووە. ئەمەش مانای وایە کە دایکێک بوونی نییە؟ ئەوەم نەدەزانی. بەڵام وەک خۆم لە خۆم پرسی بوو: سەرەتاکانمان هیچ دەربارەی کۆتاییەکانمان نازانن.[٥]"

هارۆڵد پینتەر لە شانۆنامەکانیدا زۆر بە وردی باس لەو بێتواناییە دەکا کە لە پەیوەندییەکانی نێوانماندایە، لە نەمانی پەیوەندی و ڕازینەکردنی یەکتری، لەو بارە ئاڵۆزەی هاوسەرێتی، هاوڕێ و هاوکارەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، لەو بارە پڕ لە ڕواڵەتەی کە حەز و ئارەزووەکانمان بەرەو دنیایەکی نادیار و لەرزۆک دەبا. هەندێ پەیوەندیی زۆر قەشەنگە، لەبەرئەوەی لەسەر درۆ و دەلەسە بنیات نراوە، کەی ئەو درۆیانەش ئاشکرابوون و پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵدرا، ئەوا هەموو شتەکان، ناشیرین، قێزەون و ناقۆڵا دەبن، هیچ گەرەنتییەک نییە و کردارەکانیشمان لەوەوبەر دیاریکراون.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٩٦ دا شانۆنامەی (خۆڵەمێش) دەنووسێ، شانۆگەرییەکە هەرچۆن لە تاریکیدا دەست پێ دەکا، بە



هەمان شێوە لە تاریکیدا تەواو دەبێ، ژوورەکە و باخچەی دەرەوە تەنیا دەبنە تاریکی. پێش ئەوەی هیچ وشەیەک بوترێ، زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ ڕووناکی دادەگیرسێنرێت، بەڵام هەموو ژوورەکە ڕووناک ناکاتەوە. ڕەبێکا هەروەک سەرمای بێ، لەسەر کورسییەکە گرمۆڵە بووە، دەڤێلین- یش بە پەرداخێک شەرابەوە بە پێوە وەستاوە. دیالۆگەکان وا دەست پێ دەکەن هەروەک ئەوەی کارەکتەرەکان لە ناوەڕاستی گفتوگۆیەکدا بن، یان باسی شتێک بکەن کە لەوەوبەر هەزار جار دووبارەیان کردبێتەوە[٦]. دیالۆگ و تێکستەکانی ئەم شانۆنامەیە زۆر تایبەتە، لە شتی ئاساییی ژیانی ڕۆژانەوە، بۆ ڕەوشە چڕ و گرانەکان، لە ساکارەوە بۆ ڕاز و نهێنی دەڕوا.

ژن و پیاوێک (ڕەبێکا و دەڤێلین) بەرەو دابڕان و جیابوونەوە دەڕۆن، ئافرەتەکە بیرەوەریی ئێجگار ناخۆش و تاڵی هەیە و ژیانی ڕابردوویی چەوسانەوەیەکی گەورەیە بۆ ساتەکانی ئێستای. ڕابردوو بوونێکی گەورەی هەیە و کارەکتەرەکان هەڵدەسووڕێنێ و ناچاریان دەکا کەسێتییەکانیان، شوێن و تەنانەت کەلوپەلەکانیشیان بگۆڕنەوە. هارۆڵد پینتەر بۆ یەکەمجار لەم شانۆنامەیەدا باسی قەلاچۆکردنی جوولەکە دەکا، هەستی بەکۆمەڵ و یادەوەرییەکان لە بێدەنگییەکانیاندا، لە تاریکیدا دەبریسکێنەوە و قەلاچۆکردنی ڕەگەزی جوولەکەمان لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا دەهێنێتەوە یاد، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو مەسەلەیەش بکا. بێ دەنگی لەم شانۆنامەیەدا تەنیا لەنێوان دیالۆگی کەسایەتییەکاندا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەیر لەنێو خودی دیالۆگەکاندایە. کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی دووبارەکردنەوەی پرسیارە بێ وەڵامەکانەوە و بەشێوەیەکی

ئەبسورد دەبنە دیالۆگی بێ دەنگ، بێ دەنگییەکی ترسناک.

هارۆڵد پینتەر پێشنیاری ئەوەی کردووە کە شانۆنامەی خۆڵەمێش لەژێر ئاودا نەمایش بکرێ، ئافرەتەکە، ڕەبێکا هەروەک ئەوەی کەوتبێتە بنی دەریایەکەوە، خەریکە بخنکێ، یان خنکاوە و دەست ڕادەکێشێ تا کەسێک بە هانایەوە بێ، یان شتێک کە خۆی پێوە بگرێ، بەڵام بێهوودەیە. ڕەبێکا بەبێ یارمەتی لە تەقەللای ڕزگاربووندایە. ئافرەتێک دەیەوێ لە چارەنووسێک ڕابکا، چارەنووسێک کە لەو بڕوایەدا بووە، چارەنووسی کەسانی ترە، نەک ئەو. بەکورتی دەتوانین بڵێین دەسەڵات، خۆشەویستی و دادپەروەری بەشێوەیەکی ئاشکرا و لەسەر سێ ئاست: کەسی، فەرمی و گلۆباڵ لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا ڕەنگیان داوەتەوە. یەکەم قۆناخی کە بە شانۆنامەی (بە ماڵەوە شادبوونەوە) کۆتایی دێت، زیاتر ئاستە کەسی و تایبەتییەکەی دەگرێتەخۆ. لە (خاکی بێ خاوەن، سەردەمی بەسەرچوو، بێ وەفایی) دا ژیانە تایبەت و کەسییەکە ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێ، ژوورە داخراوە تاریکەکانی بەرهەمەکانی سەرەتای، لەم قۆناخەدا، تەنانەت بە ڕووی کۆمەڵگە نێونەتەوەییەکاندا دەکرێتەوە و هارۆڵد پینتەر ئەوە دەخاتەڕوو کە هیچ خۆشەویستییەک بەبێ یەکسانی و دادپەروەری خۆشەویستی نییە.

## چەمکە سیاسییەکانی شانۆی هارۆڵد پینتەر

هارۆڵد پینتەر هەرچەندە هەموو شانۆنامەکانیدا، هەر لە پەنجاکانەوە تا ئێستا، جیهانێکی سیاسی و مۆرکێکی بنەما فراوانەکانی سیاسەت بەخۆوەدەگرێ، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی



ڕابردووەوە، ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە نووسینی شانۆی سیاسی. لەم قۆناخەدا مەسەلە سیاسییەکان پەیامێکی ڕاستەوخۆ و زەنگێکی وریاکردنەوەی مەسەلە مرۆییەکان و مافی ئازادیی ڕادەربڕین و پرۆسەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەخاتەڕوو. دەوڵەمەندیی ناوەڕۆک و جۆراوجۆریی شانۆنامەکانی، پانتاییەکی گەورەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانیدا دەتوانین هێڵێکی ڕەخنەگرانەی فراوان دژی درۆ و دەلەسە سیاسییەکان، زمانی سیاسەتمەداران و چەواشەکردنی خەڵکی و دەسەڵاتی کەمینە بەسەر دید و بیرکردنەوەی زۆرینەوە ببینین. گەر کەسایەتییەکانی باسی شیعر، تۆپی پێ، خۆشەویستی یان توندوتیژی بکەن، بنەمایەکی سیاسییان لە پشتەوەیە. لە هەموو دیمەنێکدا کارەکتەرەکان لەسەر شتێک ڕێک کەوتوون. هەندێ جار نازانین ئەو شتە چییە و نەبینراوە، هەر بەو پێیەش دەچنە ڕۆڵەکانیانەوە و ئاستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان دابەش دەکەن. بەڵام لەپڕ یەکێک ئەو ڕێککەوتننانە، ئەو پەیمانە دەشکێنێ و یاسا و ڕێساکان ئاڵوگۆڕ پێ دەکات. بەم شێوەیەش ئاستی دەسەڵات و گەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێ. زۆرجار مۆتیڤە سیاسییەکان وەک هەڕەشەیەکی کۆمیدی دەردەکەون، لەو مۆتیڤەدا زمان دەبێتە چەکێکی ڕاستەوخۆ دژی دەستدرێژی، بیانوو، بەهانە و ئازاردان. هارۆڵد پینتەر ئەو شانۆنامانە وەک مێتافۆر بەرامبەر بە دیکتاتۆریەت دەبینێ، دەسەڵات و دیکتاتۆرییەتیش چەندین جۆر هەیە: دەسەڵاتی دەوڵەت، خانەوادە و ئاین. لە زۆر شوێندا تەقەلای دۆزینەوەی شوێنێک، بارستاییەک کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ترەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەرجەستە دەکا. لەم ڕەوشەدا زمان، سێکسوالییەت، ڕاسیزم، مۆراڵ،

بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە بنەمای ئەو کۆنترۆڵ و ململانێ سیاسییە.

گەڕان بە دوای خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، ڕێز و دانپیانان، زۆرجار بەرەو ململانێ و توندوتیژیمان دەبا، حەزی دەسەڵات و خۆسەپاندن بەسەر ئەوانیتردا هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو جۆرە پەیوەندییەک. هارۆڵد پینتەر فانتازیا ڕووبەڕووی دەسەڵات دەکاتەوە، هەروەها زمانێکی هونەریی ڕاستەقینەی بزوێنەر بەرامبەر سیاسەتمەدارەکان بەرجەستە دەکا، لە خودی ئەو زمانەوە ستۆرکتۆری دەسەڵات و پەیوەندییەکان ئاوێزانی یەکتر دەکا.

شانۆ سیاسییەکەی هارۆڵد پینتەر دوورە لە هەر جۆرە پروپاگەندەیەکەوە، ڕێگا بە کارەکتەرەکانی دەدا لە جیهانە شاراوە و تەلیسماوییەکەیدا گەمەی ناپاکی، هەڵخەڵەتاندن، توندوتیژی و سادییەت بەرامبەر ئەوانیتر بکەن. هارۆڵد پینتەر بە هیچ شێوەیەک کارەکتەرەکانی بەند ناکا، یان نایانبەستێتەوە بە بیروبۆچوونەکانی خۆیەوە، بەڵکو کارەکتەرەکانی ئامادەییەکی بەهێزیان هەیە بۆ بەراوردکاری و خوێندنەوەی جیاواز. لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا مەسەلە سیاسییەکان لە ژووری دانیشتنەکانەوە سەرچاوە دەگرن، لەم ژوورانەدا دیالۆگ و وتووێژەکان ستڕۆکتوری دەسەڵات وەردەگرێت و دواتر هەر لەو ڕێگایەشەوە لە کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەدەنەوە. هارۆڵد پینتەر و کارەکتەرە سیاسییەکانی تەنانەت ئەوانەشی کە لە هەموو بیرۆکەیەکی سیاسییەوە دوورن، بە سەربەستی ڕێگای خۆیان دەگرن.

لە شانۆنامەی (کۆتاییی ڕێگا)دا باسی خێزانێکی گەنج دەکا کە



بەهۆی جیاوازیی بیروڕا دەربڕینەوە دەکەونە بەر هێرشێکی توندوتیژی لێپێچینەوەی دەزگاکانی پۆلیس، لە (پرێسکۆنفەرانس) یشدا کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا نووسیویەتی، باسی بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی دەزگا نهێنییەکانی وڵاتێکی دیکتاتۆر دەکا کە دەبێ بە وەزیری ڕۆشنبیری. بەو شێوەیە گاڵتە بە دەزگاکانی پڕوپاگەندە و کۆنترۆڵکردن و سانسۆرکردنی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەو وڵاتانە دەکا. ئەم شانۆنامەیە چەندین سیمبولی بە بەها و موتیڤی سیاسی و کۆمیدیایەکی ڕەش و ڕەوشێکی سیاسی کاریکاتێری و واقیعئامێزی ئەو وڵاتانە بەرجەستە دەکات. هارۆڵد پینتەر پشتگیرییەکی گەورەی لە خەباتی ئازادیخوازی کوردستانی باکور دەکات، لە هەموو بۆنەکاندا هێرش دەکاتە سەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، شۆڤێنی و دیکتاتۆریی تورکیای کەمالی[7]. هارۆڵد پینتەر بۆ یەکەمجار لەگەڵ شانۆنامەنووسی ئەمریکی ئەرسەر میللەر و لە ساڵی ١٩٨٥ دا سەردانی تورکیا دەکەن، هارۆڵد پینتەر ئەم گەشتەی تورکیا دەقۆزێتەوە بۆ بەسەرکردنەوەی مەسەلە گرنگەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی گەلی کورد و دەمکوتکردنی ڕای گشتی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری. بۆ ئەم مەبەستە بە نهێنی و بە ئاشکرا پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییە سیاسییە ئازادکراوەکانەوە دەگرێ، گفتوگۆ لەگەڵ بەرهەڵستکاران دەکا و بە دەنگی بەرز دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتکارانەی تورکیا دەدوێ[8].

ئەزموونی ئەو گەشتەی تورکیا و پشتگیریکردنی لە مەسەلەی کورد، شانۆنامەی (زمانی چیا) ی لێ لەدایک دەبێت، زمانی چیا زۆر بە ڕاشکاوی باسی چەوساندنەوەی میللەتێک دەکا کە زمانەکەی

بەتەواوەتی قەدەغە کراوە. زمانی چیا شانۆنامەیەکی چڕە، بە شێوازێکی قێزەون، کورت و توندوتیژ بەرجەستەی پێکداچوونی خەڵکی شاخ و دەزگاکانی پۆلیس دەکاتەوە، لەهەمانکاتدا بە شێوەیەکی شانۆیی، بێ لایەنانە و ڕاستەوخۆ بینەران ڕووبەڕووی ئامرازە سەرکوتکەرەکانی دەزگا پۆلیسییەکان و مۆراڵی نامرۆڤانەی ئەو دەزگایانە و ڕووداوەکان دەکاتەوە.

زمانی چیا تەنیا نیو کاتژمێر دەبێ، بەڵام دەکرێ چەندین کاتژمێر، کاتژمێر دوای کاتژمێر بخایەنێت، دەکرێ زەمەن وەستا بێت، دەکرێ زەمەن زەمەنێکی بێ کۆتا بێ و ڕووداوەکان مەودایەکی هەتاهەتایی لەخۆبگرن[٩].

## زمانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر

هارۆڵد پینتەر دیالۆگی شانۆنامەکانی، کۆمەڵێ بیرۆکە و دیدی گرنگ لەخۆدەگرن، بەڵام هەندێ جار ئەو دید و بیرۆکانە لەپشت وشەکانیەوە خۆی دەشارنەوە و بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە، یان لەپڕ لەهەندێ هەڵوێستەی تەمومژاوی و نهێنیدا دەبنە بوونێکی واقیعی، حاڵەتێکی ئاشکرا و هەستپێکراوی نێوانمان. دیالۆگ و کارەکتەرەکان ڕاستی و واقیعیین، بەڵام کاریگەری بەرئەنجام و کۆتاییەکانی دەبێتە ئەفسوون، نادیار، مەجاز و شیعرێکی پێکداچوو. هەروەها زمانە شانۆییەکەی هارۆڵد پینتەر لەسەر ئاستێکی بەرز بوارێکی فراوان بۆ کەسایەتییەکانی دەکاتەوە تا هەنگاوی خۆدۆزینەوە بدەن. هارۆڵد پینتەر بڕوای وایە کە وشە جۆرێکە لە دەمامک، ترس، دڵەڕاوکێ و ڕووتوقووتیی خۆمانی لە پشتەوە پێ دەشارینەوە.



دیالۆگەکانی هارۆڵد پینتەر زۆر بەسەلیقە نووسراون، بە شێوەیەک هیچ جۆرە وتووێژێک لەخۆناگرن، دیالۆگی کورت، پرسیاری بەردەوام و بێدەنگی و مرۆڤیش تەنیا وچانێکە لەنێوان کاتەکاندا. بلیمەتیی هارۆڵد پینتەر لەنێوان ڕستەکانیدایە، گرنگیی داهێنانی ئەم نووسەرە لەوەدایە کە ئێمە هەست بە کاریگەرییەکان، بە وزەیەکی شاراوە، بە توانای زمان دەکەین، بەبێ ئەوەی بزانین کە لەکوێوە دێن. لە ڕێگای دانانی بەدیقەتی وشەیەکەوە، یان وچان و بێ دەنگییەکەوە، یان بە هێماکردنی ڕەوشێکی ساکار و ئاسانەوە کە لەخودی تێکستەکەدا نییە، بەڵام لەم هەڵوێستانەدا، لە ڕەوشەکاندا، لە پڕ و لە چاوترووکانێکدا وەبیرمان دەهێنێتەوە کە ئێمە دەزانین کارەساتێک بەڕێگاوەیە. زمانە چڕەکەی، لە جووڵەیەکی بەردەوام و فرە مانادایە، ئەمەش وا لەو شێوازە سیاکۆلۆژییە ڕیالیزمییە دەکا کە پێودانگ و مۆرکێکی پینتەریی تایبەتمەند لەخۆبگرێ. هەروەها ڕەخنەگرەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن گەر ئەو ڕۆحە کۆمیدیا و زمانە جیاوازە نەبووایە، زۆر زەحمەت دەبوو کە ئەو ڕیالیزمە سایکۆلۆژییە ڕووتەی هارۆڵد پینتەر ئەو سەرکەوتنەی ئێستای بەدەست بهێنایە.

بێ دەنگی و ئاستە جیاوازەکانی زمان، مانای بێ توانایی مرۆڤ ناگەیەنێ لەبەکارهێنانی زماندا، لە نەمانی پەیوەندییەکانی مرۆڤدا، بەڵکو گەڕانەوەیەکی ترە بۆ زمان، قووڵبوونەوەی حاڵەتەکانە، بە نهێنیکردنی کارەکتەر و ڕووداوەکان و بەخشینی مانا و مەودا و هێزێکی ترە بە زمان. زۆرجار شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر بە مەنەلۆگێکی ناوەکی دەست پێ دەکەن، دوای ئەوە هێدی هێدی ون دەبێت تا زمان دەبێتە تەنیا چەند خاڵێکی تەمومژاوی و دواتریش لە

بێ دەنگیدا دیارنامێنێ، زمانەکەی لە هەموو شتە لاوەکییەکان پاکژ دەکاتەوە و لە شانەکانی شیعر نزیک دەبێتەوە. جیاوازییە زمانەوانییەکان و وچانەکان دیاری دەکا، تا ڕیتمێکی دیاریکراو و کاریگەرییەکی هەمەلایەن بەدەست بهێنێ.

هەروەها هارۆڵد پینتەر دەسەڵاتێکی گەورەی لە بەکارهێنانی دیالێکت و فۆنەتیکە جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزیدا هەیە، وشەی بازاڕی و سەرزاری خەڵکی و فۆنەتیکە جیاوازەکان و زمانی توێژەکانی خوارەوە، لە یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە. کە کارەکتەرێک لە شانۆیەکی هارۆڵد پینتەردا بە دیالێکت و فۆنەتیکێکی جیاواز دەدوێ، لەهەمانکاتدا چیرۆکێکی تایبەت بەو ناوچەی بەکارهێنانی فۆنەتیکە و بەو کارەکتەرەش بەرجەستە دەکا.

## تەکنیکی بێدەنگی

هارۆڵد پینتەر لە یەکەمین شانۆنامەکانییەوە تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی داهێناوە و ئەم تەکنیکەش لە ماوەی ئەم چل پەنجا ساڵەی ڕەوتی نووسیندا بەرەوپێشەوە چووە، قووڵ بووەتەوە و بووەتە مۆرکێکی تایبەتمەندی هارۆڵد پینتەر و کاری کردووەتە سەر زوربەی شانۆنامەنووسانی جیهانیش. ئەو تەکنیکەش بێ دەنگییە کە بووتە فۆرم و ستایلێکی گرنگی شێوازی نووسین و ڕۆڵێکی گرنگی لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا بینیوە، لەو شێوازەدا بە ئاشکرا ئاستە جیاوازەکانی زمان و بەکارهێنانی وشەکان دیاری دەکا. ئەوەی جێگای سەرنجە لەو دیاریکردنەی زمان و وشەکاندا، وچان، بێدەنگی و شێوازی بەکارهێنانی دەنگەکان ڕۆڵێکی بەبەها دەگێڕێ، بۆ نموونە



هارۆڵد پینتەر: وچانێکی کورت، وچانێکی بچوک، وچان، وچانێکی درێژ و بێ دەنگی، دەخاتە داڕشتە و بونیادی دیالۆگ و نێوان دیمەن و ستروکتوری شانۆنامەکانییەوە.

**دەیڤس:** لێرە دەخەویت، وایە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** لەکوێ، لەوێ؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** زۆرباشە، لەو سەرما و تەڕییەی دەرێ ڕزگاریت.

**ئەستن:** با زۆر نایگرێتەوە.

**دەیڤس:** باشترە نەیگرێتەوە. جیاوازییەک دەبێ کە نەهێڵێت بێتە ژوور.

**ئەستن:** ئەرێ.

**دەیڤس:** کەواتە هەر بایە کە دێتە ژوور.

[وچان]

**ئەستن:** ئەرێ، کاتێک کە با هەڵ دەکات...

[وچان]

**دەیڤس:** بەڵێ....

**ئەستن:** ئم...

[وچان]

**دەیڤس:** هەر زۆر سارد و تەڕە.

**ئەستن:** ئا.

**دەیڤس:** هەر زۆر هەستیارم پێی.

**ئەستن:** پێی هەستیاریت؟

**دەیڤس:** هەمیشە وا بووم.

[وچان]

ئایا ژووری دیکەت هەن. هەتە؟

**ئەستن:** لەکوێ؟

**دەیڤس:** لە پشت ئێرە... لە سەرەوە.

**ئەستن:** خراپن.

**دەیڤس:** وا مەڵێ.

**ئەستن:** کاریان زۆر دەوێت

[وچانێکی کەم]

**دەیڤس:** ئەدی خوارەوە؟

**ئەستن:** داخراوە. دەبێ چاوێکی لێ بکرێت... زەوییەکەی...

شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی یەک

هیچ کەسێک وەک هارۆڵد پینتەر نازانێ بێدەنگی و وچانەکان لەکوێدان و چەند درێژن، هیچ کەسێک ناتوانێ بە سەد دا سەد وەک هارۆڵد پینتەر شتەکان بەبێ وشە بڵێ، هارۆڵد پینتەر لەسەر شانۆ دەتوانێ هەموو شتێک بەبێ وشە و بە بێدەنگی بڵێ و شێوەیەک لە شیعرییەتی بێ دەنگی بخولقێنێ. پەردە لەسەر ترس و دڵەڕاوکێی ناوەوەی مرۆڤی ئاسایی هەڵدەماڵێ، بەبێ ئەوەی باسی فەلسەفەی بوونگەرایی بکات، چرکەساتە وردەکانی هەڵوێستە و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بەرجەستە دەکا، بەبێ ئەوەی ببێتە ئەدەبێکی سروشتیئامێز، لەهەمانکاتدا دووردەکەوێتەوە لە واقیعییەتی واقیع بەبێ ئەوەی ببێتە



هێما یان سورڕیالیزمێکی ساکار و هەرزان.

بێ دەنگییەکان هەندێ جار دەبنە پانتاییەکی ئازاد لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و خودی دیالۆگە درێژەکاندا، لەم ڕووەوە دیالۆگ بێدەنگییە و بێ دەنگییش دیالۆگە. هەروەها دووبارەبوونەوەکانی دیالۆگەکان و هەندێجار لەنێو وچان و بێ دەنگییەکاندا بزاڤێکی جیاواز لەنێوان کات و شوێنەکاندا دەخولقێنێ، لەم بزاڤەدا ڕابردوو و ئاینده لە ئێستادا ون دەبێ. ئێستاش دەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ گۆڕانکاری و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان کاتە جیاوازەکان و هەڵوێستە جیاوازەکاندا، تەنیا لە ئێستادا شتەکان ڕوودەدەن. هەندێ جاری تر دیالۆگەکان، کارەکتەرەکان بەرەو بێ دەنگییەکی کوشندە دەبەن، دووبارەبوونەوەکان دەچنە بێدەنگییەوە، بێ دەنگییەک کە لەوانەیە تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانە بێت کە لە خودی تێکستەکاندایە: گرانیی جیاکردنەوەی شتە خودییەکان و جیهانە کۆلێکتیڤەکەی کارەکتەرەکان، ئەمەش لە کۆمەڵگەی ئەوروپادا مانای چارەنووس و مێژوویەکی هاوبەش و یەک سەردەم دەگەیەنێ، گرانیی جیاکردنەوە و لەیەکدابڕانی منەکان و ڕابردوو (من و ڕابردوو).

لەو تەکنیکەدا دیالۆگەکان ریتم و فۆرمێکی جیاواز لەخۆدەگرن، ڕیتمێک ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر چۆنییەتیی نواندنەکە و سەمایەکی ناوەکی و بێ دەنگ لە جەستەی کارەکتەرەکاندا دەخولقێنێ، توانای گوێگرتن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی دەنگی بێ دەنگی دروست دەکات. شانۆنامەکان هێمایەکی ئاڵوگۆڕی گەورە، چڕ و جیاواز لەنێوان دەنگ و بێ دەنگیدا لەخۆدەگرن، بێ دەنگیی شتەکان دەگەیەنن، بەتایبەتیش لەوکاتانەدا کە زۆر زەحمەتە

ڕاستییەکان، گەمەی دەسەڵات، هەڵوێستە، ڕەوش و توندوتیژییەکان بکەنە بینەران، بێ دەنگی دەگەیەنێ. کارەکتەرەکان لە ناوەوە دەجووڵێنەوە، هەندێ کجاریش دەبنە ڕواڵەتی دەرەکی بۆ گوزارشتکردن لە دڵەڕاوکێی ناوەکی. هەر لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە دوو جۆر بێ دەنگی لەلای هارۆڵد پینتەر بووەتە چەمکێکی گرنگی ئەو فۆرمە: یەکەمیان ئەو بێ دەنگییانەیە کە وەک وچانێکی درێژ خۆیان دەئاخننە نێو دێڕ و دیمەنەکانەوە و حاڵەت و بێدەنگییەکی ترسناک لەسەر شانۆ دەخولقێنن، جۆرەکەی تریشیان بێ دەنگییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترسە کە لەلای کارەکتەرەکانی سەرهەڵئەدات. هەردوو شێوەکەشیان لە ڕوانگەی دروستکردنی، یان خولقاندنی جۆرێک لە هورووژمی وشە، هەن دێجار وشەی بێ ماناش بڵاودەکاتەوە، بەم شێوەیەش ژوورە چۆڵوهۆڵەکان بە دیالۆگی نالۆژیکی، بە دووبارەبوونەوە، بەبێدەنگی پڕ دەکاتەوە، ئەمەش لەڕاستیدا جۆرێکە لەخۆدزینەوەی کارەکتەرەکانی لەو شتانەی کە مەبەستیانە بیلێن. هەروەها وچان و بێ دەنگییەکان لە سترۆکتوری شانۆنامەکاندا شانۆنامەیەکی تر لەژێرەوە، لە ناوەوە و لەپشت وشەکانەوە دروست دەکا و بەمەش دیقەت و ڕوانینێکی زیاتر و مەوادایەکی قووڵتر دەبەخشێتە وچان و بێ دەنگییەکان. هەن دێجار تەکنیکی بێ دەنگی و وچانی دیمەنەکانی، مەغزایەکی سیاسی لەخۆدەگرن: هەمان بۆچوونمان نەبێت، قایلنەبوون بە یاسای گەمەکانی ئەوانیتر، هەروەها لەم ڕەوش و هەڵوێستانەدا، بێ دەنگی دەبێتە دەروازەیەک بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی دەنگی خۆمان، پێداگرتن لە بوونی خۆمان و وەلاوەنانێکی بە تەواوەتیی ئەوانیتر و هەڵوێستەکانی تر و هەڵوێست وەرگرتن.





**دەیڤس:** ڕاستە.

[کەمێک وچان]

ئەو شتە چییە، چییە بەتەواوی؟

**ئەستن:** (دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە و لە دەرەوە دەڕوانێ.)

**ئەستن:** مشاری پێچیی؟ ببینە، شتێکە لە خانەوادەی مشاری بڕەر، بەڵام ئەمە ئامێریکە کە دەبێ لەسەر درێلێکی بگوێز دای بەستی.

**دەیڤس:** ئۆی، ئەرێ ڕاستە. ئەوە هەر زۆر حازربەدەست دەبێ.

**ئەستن:** ئەرێ، وایە.

[وچان]

دەزانی، ئەو ڕۆژە لە چایخانەیەک دانیشتبووم. بەڕیکەوت لەسەر هەمان مێز دانیشتبووم کە ئەو ژنەی لێ بوو. ئێ، دەستمان کرد.... دەستمان کرد بە هەندێک قسە. نازانم... سەبارەت بە پشووگای ئەو، ئەو شوێنەی کە پشووی لێ دابوو. شوێنێک لە ڕۆخی باشوور بوو، بەڵام بیرم نایەت لەکوێ. بەهەرحاڵ، هەردووکمان هەر دانیشتبووین و، مەشغووڵی ئەو تۆزە دەمەتەقێیە بووین.... و لەپڕیکدا دەستی هێنا و خستییە سەر دەستم..... و پێی گوتم، پێت چۆنە سەیرێکی لەشت بکەم؟

**دەیڤس:** دە واز بێنە.

[وچان]

**ئەستن:** هەر ئاوا لە ناوەڕاستی قسەی ئاوادا شتی وا گوتن. کەمێک بەلامەوە سەیر بوو.

**دەیڤس:** شتی وایان بە منیش گوتووە.

## شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی یەک

هارۆڵد پینتەر دەڵێ: (گوێ لە خەڵک بگرە، گوی لەوانە بگرە کە لەکاتی بەرچاییدا باسی چا و سەموون و پەنیرەکانیان دەکەن. یان گوێ لە پیرە بی لانەکان بگرە کە لە قاوەخانەیەکی شەوانەدا دانیشتوون و قسە دەکەن. من هەرگیز لەمە بێزار نابم، ئەو دەمەتەقێیانە لە سنوورەکانی بێ دەنگیدان.) هارۆڵد پینتەر ڕاپۆرتەکانی لە سنوورەوە دەنیرێ بۆ بێ دەنگی و دووپاتی ئەو شتانە دەکاتەوە کە ئێمە بە وتە و بە وشە بۆ یەکتری باس ناکەین.

### سەرایدار و دەروازەکانی گەمەی دەسەڵات

هارۆڵد پینتەر وەک لەمەوبەر و لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەندین جار ئاماژەم بۆ کردووە، ناسراوە بەوەی کە زۆر بە جوانی بەرجەستەی گەمەی دەسەڵاتی کردووە، ئەم گەمەیەش لە ڕوانگەی دیالۆگێکی بێ لایەنەوە دەردەکەوێ و لە گفتوگۆیەکی ئاسایی ڕۆژانەوە سەرچاوەدەگرێت. هەموو شتەکان لە بێ دەنگیدا ڕوودەدەن و هارۆڵد پینتەر زیرەکانە ئەو گەمەی دەسەڵاتە دەخزێنێتە نێو بێدەنگی و وچانەکانەوە. لەو بێ دەنگییەدا دەروازەیەکی کراوەش بەڕووی بیرەوەری و یادەوەرییەکانماندا دەکاتەوە، لەو کرانەوەیەدا یادەوەریی تاکەکەسی و گەمەی دەسەڵات دەبەستێتەوە بە پانتاییەکی فراوانترەوە، لەو پانتاییەدا یادەوەرییەکانمان بە کۆمەڵێ گەمەی دەسەڵات و کرداری توندوتیژدا تێ دەپەڕێ. لە سەرایداردا، گەمەی دەسەڵات، یادەوەرییەکان لەنێوان دوو برا و لەهەمانکاتدا کەسێکی



نەناسراو کە داڵدەیان داوە دروست دەبێ.

بەم سەرەتایە نزیک دەبینەوە لە سترۆفکتۆر، ڕووداو، پێودانگە دراميیەکان و جیهانە تەمومژاوییەکەی شانۆنامەی سەرایدار(١٠). شانۆنامەی سەرایدار باسی سێ کەس دەکا، کرێگرتەیەک، خاوەن ماڵ و شەڕانگێزێکی بێ لانە، کرێگرتەکە کەسێکی دڵپاک و یارمەتیدەرە، لە خانوویەکی کۆن و داڕوخاودا دەژی، هەمیشە دڵۆپە دەکا و باران لە پەنجەرەکانییەوە دێتە ژوورەوە. بەزەیی بە شەڕانگێزەکەدا دێتەوە و داڵدەی دەدا، بەڵام ئەو نایەوێ هیچ کارێک بکات، خاوەنی بەزەیی نییە و پشت دەکاتە ئەو کەسەی کە لە تەنگانەدا بە هانایەوە چووە. نەک هەر ئەوە بەڵکو هەوڵ دەدات خاوەن ماڵ و کرێگرتەکە بەشەڕ بدا و پێگەی خۆی بەو شێوەیە بەهێز بکا، بەڵام لەبەرئەنجامدا ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و دەیکەنە دەرەوە(١١).

**دەیڤس:** بەڵام، بەڵام، سەیر بکە، ئاخر، گوێ بگرە، مەبەستم ئەوەیە...

(ئەستن ڕوودەکاتەوە پەنجەرەکە.)

ئەدی ئێستا من ڕوو لەکوێ بکەم؟

[وچان]

چی بکەم؟

[وچان]

بۆ کوێ سەری خۆم هەڵگرم؟

[وچان]

شانۆنامەی سەرایدار، دوا پەردە

## کەسایەتییەکان

سیما، پێودانگ و بیروهۆشی کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە زۆر دوورن لە یەکترییەوە، هیچ خاڵێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە و بەتەواوەتی سێ کەسایەتی و سێ جیهانی جیاوازن لە یەکترییەوە. ئەستن، مرۆڤێکە زۆر بە خاوی دەبزوێ، بە خاوی بیردەکاتەوە، دڵپاک، لەسەرخۆ و مرۆدۆستە، داڵدەی مرۆڤێکی شەڕانگێز و سپڵەی وەک دەیڤس دەدا. ئەستن هەمیشە بە دەستەکانی خەریکی کارێکە و هەرچەندە هیچ کارێکی دامەزراوی نییە و تەنیا ئاگاداری خانووبەرەی براکەیەتی، کارکردن پێناسی ئەوە و بەدەستوبردە و کەسێکی کردەییە. هەردەم باسی پرۆژەکانی دەکا و چەندین پلانی هەیە، دروستکردنی ژوورێک، بەرزکردنەوەی دیوارێک، کڕینی مشار، داروتەختە. ئەم کارەکتەرە بڕوای تەواوی بەخۆیەتی و دەزانێ چی دەکا، هەرچەندە هێمن و لەسەرخۆیە، بەڵام بەهێزە و دەکرێ بڵێین لەهەندێ حاڵەتی تایبەتدا ترسناکە، هەروەها لەگەڵ ڕەوتی شانۆنامەکەدا تێدەگەین کە ئەستن تووشی کێشەی دەروونیی گران بووە و ئەقڵ و هۆشیشی زۆر تەواو نییە.

**ئەستن**: گرفتەکە لەوەدابوو کە دووچاری خەیاڵگرتوویی دەبووم. خەیاڵگرتوویيش نەبوو، هێن بوو، تووشی ئەو هەستە دەبووم کە پێم وابوو شت دەبینم... بە ڕوونی، هەموو شتێک.. وا ڕوون بوو. هەموو شتێک... هەموو شتێک.. هەموو شتێک بێدەنگ دەبوو...

شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی دووەم

دەیڤس کەسێکی سپڵە، توندوتیژ، شەڕانگێز، بێ لانە و بێ کارە و



بە کەڵکی هیچ کارێکیش نایەت، هیچ کارێکی پێ هەڵناسوورێت، ئەستن: لە دەست چەند کەسێک ڕزگاری دەکا و لەلای خۆی داڵدەی دەدا و جێگای دەکاتەوە، بەڵام بەم داڵدانەدانە ڕازی نابێ و هەمیشە زیاتر و زیاتری دەوێ. هەوڵدەدات نێوانی ئەستن و مایکی برای تێک بدات، لەگەڵ هەردووکیان گەمەی دەسەڵات دەکا.

دەیڤس بە پێچەوانەی ئەستنەوە مرۆیەکی خێرا و بەدەستوبردە، هەمیشە لەباری بەرگری و شاڵاودایە، زۆر دەڵێت، بەبێ ئەوەی شتێکی دیاریکراو بڵێ، قسەکانی بێسەروبەرن و بە ئاسانی پشت دەکاتە ئەو کەسەی کە ساتێ لەوەوبەر دەستی یارمەتیی بۆ درێژکردووە.

مایک برای ئەستنە، خاوەنی ماڵەکەیە، هەر زۆر زوو دەزانێ دەیڤس چ کارەکتەرێکی هەیە، گەمەی دەسەڵاتی لەگەڵ دەکات، هەندێ جار دەیوروژێنێ، هەندێ جار پێگەیەکی دەداتێ و لەپڕ پشتی تێ دەکاتەوە. مایک بەهێزە و خاوەنی دەسەڵات و سەرمایەشە و بەشێوەیەکی تاکتیکی لەنێوان ئەستن و دەیڤسدا گەمە دەکا.

## هێزی دیالۆگەکان

هارۆڵد پینتەر دیالۆگی شانۆنامەکەی لەسەر ئاستێکی بەرز، بە سەلیقە و هەستێکی ورد داڕشتووە، زمانێکی ڕوون و ئاشکرا، زمانی ڕۆژانە، دیالێکت، زمانی توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و ئەو کەسانەی کە زمان وەک زمانی کەسێکی ڕۆشنبیر، لایەنە بەهێزەکەی ژیانیان نییە و بڕوانامە و خوێندنیان تەواو نەکردووە و ئەوەش بەڕوونی بە زمانی بەکارهێنراوی کەسایەتییەکانیانەوە، بەتایبەتیش دەیڤس دیارە. بەڵام لەڕووی تەکنیک و شێوازەوە، وەک زۆربەی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر لەسەر بنەماکانی دووبارەبوونەوە،

دووبارەبوونەوەی ڕستە، وشە و بەشەکانەوە پێک هاتووە.

**دەیڤس:** (دەیڤس لە پارچە تەختەکان دەڕوانێ.)

ئایا خەریکی دروستکردنی شتێکیت؟

**ئەستن:** ڕەنگە هۆدەیەک دروست بکەم.

**دەیڤس:** دارتاشیت، ها؟

(تەماشایەکی (مەکینەی) چیمەنبڕەکە دەکا.)

چیمەنت هەیە؟

**ئەستن:** خۆت سەیری بکە.

**ئەستن:** (ساکی لای پەنجەرەکە بەرزدەکاتەوە. هەردووکیان لە دەرەوە دەڕوانن.)

**دەیڤس:** کەمێک چڕ دیارە.

**ئەستن:** زێدە شین بووە.

**دەیڤس:** ئەوە چییە، حەوزە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** چیت هەیە، ماسی؟

**ئەستن:** نا، هیچی تێدا نییە، بەتاڵە.

[وچان]

**دەیڤس:** ئەو هۆدەیە لەکوێ دروست دەکەی؟

**ئەستن:**( ڕووی تێ دەکا)

جارێ دەبێت باخەکە خاوێن بکەمەوە.

**دەیڤس:** جا کابرا! خۆ تراکتۆرێکت پێویستە.

**ئەستن:** خاوێنی دەکەمەوە.



**دەیڤس:** کاری دارتاشی، ها؟

**ئەستن:** (بێ جووڵە ڕادەوەستێت)

حەزدەکەم.... کار بە دەستەکانم بکەم.

شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی یەک

دیالۆگەکان بەردەوام لە خاڵێکەوە، لە باسێکەوە دەچنە سەر خاڵ و باسێکی تر، دوای ئەوە دەگەڕێنەوە سەر خاڵ و باسی یەکەم، ئەم مەسەلەیەش لەدیالۆگەکانی نێوان ئەستن و دەیڤسدا بەئاشکرا دەبینرێ. هەروەها دیالۆگەکان تەواو ناکرێن، ڕستەکان ناتەواوە، یان بەبێ تەواوکردنیان دەبڕێ و مەودایەکی تر، یان ڕێچکەیەکی تر لەخۆدەگرن.

**دەیڤس:** ئەو هاوڕێیەم لە شێپەردس بوش هەیە، لە شۆردنگاکە. بەڵێ،

ئەو لە شۆردنگاکە بوو، باشترین شۆردنگایان بەڕێوەدەبرد.

(ئەوجا لە ئەستن دەڕوانێت.)

باشترین

دانەیان بەڕێوە دەبرد، هەمیشە لەتە سابوونێکی دەدامێ، هەرجارێک بچوومایە. سابوونی زۆر باش. پێم وایە دەبێ باشترین سابوونیان هەبێ. هەرگیز بێ سابوون نەدەبووم لەوێ، هەرکاتێک لەوناوە بوومایە و لە قاپیی شێپەردس بوشم بدایە، پارچە سابوونێکم دەست دەکەوت.

**ئەستن:** (جووتێک کەوش بە دەستەوە لەبن تەختەکە دێتەدەر

جووتێکی قاوەیی.)

شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی یەک

هارۆڵد پینتەر توانیویەتی ئەتمۆسفێر و کەشێکی ئاڵۆز، پڕ لە ڕاز و نهێنی و نادیار لە شانۆنامەکەدا بخولقێنێ، بینەر لە چاوەڕوانیی ئەوەدا نییە کە لە دیمەنی داهاتوودا چی ڕوودەدات، لە چاوەڕوانیی ساتە یەک لەدوای یەکی نەمایشەکەشدا نییە، وەک لە زوربەی شانۆنامە کلاسیکی و تەقلیدییەکاندا پەیڕەو دەکرێ. لەم شانۆنامەیەدا هارۆڵد پینتەر دەتبەستێتەوە بە ساتەکانی ئێستاوە، واتا بەو ساتەی دیمەنەکەی تێدا ڕوودەدا و بەو شێوەیە چ بینەران یاخود خوێنەر لەگەڵ ساتە چاوتروکاندنەکانی شانۆنامەکەدا دەژی. بینەران دەیانەوێت ئێستا، لەگەڵ دیالۆگی یەکەم، هەڵسوکەوتێکی ئەو کاتوساتەی کەسایەتییەکان، لەگەڵ کوژاندنەوەی ڕووناکی و دەرگاکردنەوەیەکدا بزانن چی ڕوودەدات. کە شانۆنامەکە دەست پێ دەکات، مایک بەتەنیا لە ژوورەکەدایە، ساتێک بە تەنها دەمێنێتەوە، گوێمان لە دەنگی پێی کەسانێکی ترە لە دەرەوە، مایک خێرا و بەهێمنی دەچێتە دەرەوە و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخا.

دوای ئەوە ئەستن و دەیڤس دێنە ژوورەوە: کەسی یەکەم بۆ چووە دەرەوە؟ ئەی ئەم دوو کەسەی کە دێنە ژوورەوە کێن و لەکوێ یەکتریان بینیوە و لەکوێوە هاتوون؟ ئەمانە و چەندەها پرسیاری تر، لەگەڵ سەرەتاکانی، ساتەکانی شانۆنامەکە دروست دەبن, ١٢

بە کورتی شانۆنامەکە مەسەلەی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەخاتەڕوو، خاڵێکی گەوهەریی شانۆنامەکەش کە زۆر گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەستن لەکۆتاییی بەشی دووەمدا، مەنەلۆژێکی دووردرێژی ناتەبا، جیاواز لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، نامۆ، گرنگ و بەهێز بەرجەستە دەکات. مەنەلۆژەکە لەسەر ئاستێکی بەرزە، بینەر



ڕووبەڕووی بیرکردنەوە و ڕامان و گومان دەکاتەوە، هەموو یاسا کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی و مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵگە و شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەخاتە بەردەم گومان و تاوانەوە. لەم مەنەلۆژەوە تێ دەگەین کە ئەستن لە نەخۆشخانەی ئەقڵیی توندکراوە و دواتریش نەشتەرگەرییەکی قورسی بۆکراوە.

**ئەستن:**

.... شەوێکیان. من دواترین بووم. بە تەواوی چاوم لێ بوو چیان لەوانەی تر دەکرد. بۆیشیان دەلوا وا بکەن. نازانم چی بوون... ئەو شتانە لە مووکێشی گەورە دەچوون، کە وایەریان پێوەبوو، وایەرەکان بە ماشێنێکی بچووکەوە بوون. ئەلەتریکیی بوو. کەسەکەیان توند پاڵ دەخست و دەیانگرت، و سەرۆکەکەش، سەرۆکە دکتۆرەکە، مووکێشەکانی، شتێک بوون هەر دەتگوت گوێشەی بیستن، دەخستە سەر ئەملاوئەولای کەللەسەری کەسەکە. پیاوێک ماشینەکەی بەدەستی هەڵ دەگرت، دەبینیت و، پاشان دای دەگیرساند. ئەوجا سەرۆکەکەیش ئەو مووکێشەی دەخستە سەر کەللەسەری کەسەکە و لەوێدا دای دەنا.

شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی دووەم

لە نەخۆشخانە نەشتەرگەری لە مۆخ و کەللەسەری ئەستندا کراوە، هەر لە بەرئەنجامەکانی ئەو نەشتەرگەرییەوە تووشی خاوی بووە لەبیرکردنەوەدا، نایەتەوە یادی کە لەوەوبەر باسی چی کردووە و بیری لە چی کردووتەوە.

## تەکنیکی شانۆنامەکە

شانۆنامەکە بریتییە لە سێ پەردە، پەردەکان دابەش نەکراون بەسەر دیمەن و بەشی بچووکی تردا، لەگەڵ ئەوەشدا بەشەکان لەیەک زەمەنی دیاریکراودا ڕوونادەن. هارۆڵد پینتەر بۆ ئەوەی کاتە جیاوازەکان لەیەک بەشدا دیاری و جیابکاتەوە، لە دیمەنێکەوە بچێتە سەر دیمەنێکی تر، پەنا دەباتە بەر تەکنیکی (تاریکی). بۆ نموونە لە شوێنێکدا، لە پەردەی یەکەمدا، بەم شێوەیە کات و ڕێچکەی ڕووداوەکان دەگۆڕێ.

**ئەستن:** (دادەنیشێت و خەریکی پلاکەکەیە.)

[ڕووناکییەکە کەم دەبێتەوە. تاریکی.]

[ڕووناکییەکان پێ دەبن. بەیانییە.]

بەڵام کە پەردەی یەکەم تەواو دەبێت، ئەوا پەردە دادەدرێتەوە، لە پەردەی دووەمیشدا، بەم شێوەیە دیمەنەکە دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە زەمەنیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێ.

[بێدەنگی.]

[گڵۆپەکان لە کزییەوە بەرەو خامۆش بوون دەچن.]

[لە پەنجەرەکەوە ڕووناکیی گڵۆپێکی کز دێتە ژوور.]

[دەرگایەک زرمەی دێ.]

[دەنگی کلیلێک لە دەرگای ژوورەکەدا.]

**دەیڤس:** (دێتە ژوور، دەرگاکە دادەخات، سویچی گڵۆپەکە تاقی دەکاتەوە، پێ، خامۆش، پێ، خامۆش.)

بەهەمان شێوە لە پەردەی سێیەمدا، بەم شێوەیە گۆڕانکاری لە



زەمەنی ڕووداوەکاندا دەکا.

[تاریک دادێ.]

[شەوە. ئەستن و دەیڤس هەردووکیان لەناو جێگادان. دەیڤس بەدەم خەوەوە دەناڵێنێ.]

دوای ئەم گۆڕانکارییەش، بەم شێوەیە بەرەو کۆتاییی شانۆنامەکە دەڕوات.

دەیڤس (دەچێتەدەر، ئەستن دەوەستێ.)

[تاریک دادێت.]

[ڕووناکی. سەرلەئێوارەیە.]

(لەسەر پلیکانەکان دەنگ دێت.)

(مایک و دەیڤس دێنەژوور.)

ئەم گۆڕانکارییەش لە ڕوانگەی ڕووداوەکان، هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی کەسایەتییەکانەوە دیاریدەکرێ.

ئەم تەکنیکەش هارۆڵد پینتەر دای هێناوە و بەم شێوەیەش بەتەواوەتی یەکەی کاتی وەلاوە ناوە، هەرچەندە پابەندە بە یەکەی شوێنەوە و هەموو ڕوداوەکانی شانۆنامەکە لە یەک شوێندا، لە ژوورەکەی ئەستندا ڕوودەدا. لەو دەمەدا شانۆنووسەکان کەموزۆر پەیڕەوی یەکە کلاسیکییەکانیان، یەکەی کات، شوێن و ڕووداویان دەکرد و هارۆڵد پینتەر ئەو یەکانەشی بەتەواوەتی تێکشاند. بەکارهێنانی تەکنیکی تاریکی و بەم شێوەیەش جیاکردنەوەی دیمەنەکان و دەستنیشانکردنی زەمەن و ڕووداوەکان، تا ئێستاش بەکاردەهێنرێ و

شانۆنامەنووسەکانیش هەریەکە و بەپێی ڕیتم و چۆنییەتی و شێوازی شانۆنامەکانیان، تاریکی و ڕووناکی بەکاردەهێنن.

" بەڵام هەروەک لەوەوپێش وتم: مرۆ هەرگیز نابێ واز لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا بهێنی. هەرگیز ناکرێت ئەو گەڕانە دوابخرێ، ناکرێ بخرێتە ڕۆژی دوایی. دەبێ مرۆ یەکاویەک ڕووبەڕووی بێتەوە، بەبێ دواکەوتن."

هارۆڵد پینتەر

## پەراوێزەکان

١- جۆن ئۆزبۆرن، شانۆنامەی بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە، تەوژمەکەیان و ئەو کۆمەڵە گەنجەی کە لەدەوری کۆبوونەوە بە گەنجە تووڕەکان ناوزەدکران. ئەم ناونانەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەوکاتەی لەندەن. بێکاری، تارمایی شەڕ و شەڕی ئەتۆمی، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و زۆر هۆکاری تری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی... هتد.

٢- شانۆیڕۆیاڵ کۆرت لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەبێتە یەکێک لە شانۆ هەرە گرنگەکانی لەندەن و نووسەرە گەنجەکان لەم شانۆیە و بۆ ئەم شانۆیە بەرهەمەکانیان دەنووسن. چەندین نووسەری بەتوانای وەک جۆن ئۆزبۆرن، ئارنۆڵد ڤێسکێر و جۆن ئەردن و دواتریش هارۆڵد پینتەر، لەم شانۆیەوە گەشە دەکەن، ناوبانگ دەردەکەن و تەوژمێکی نوێی شانۆش دادەمەزرێنن. ئەم ڕەوتەی شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت کاردەکاتە سەر زۆربەی شانۆ بچوک و ئەزموونگەرییەکانی ئەوروپا و تا ئێستاش وەک شانۆیەکی تایبەتمەند و گرنگ لە شانۆی ئینگلیزی و شانۆی هاوچەرخی ئەورووپیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٣- سەرایدار لە ساڵی ١٩٦٤ یشدا کراوەتە فیلم.

٤- بە ماڵەوە شادبوونەوە لە ساڵی ١٩٧٣ دا کراوەتە فیلم.

٥- هارۆڵد پینتەر لەهەمان وتاردا باسی نووسینی شانۆنامەی (تاریک) بەم شێوەیە دەکا: پەنجەرەیەکی گەورە. ئاسمانی شەو، پیاوێک A (کە دواتر ناوی دەبێتە دلی)، ئافرەتێک B (کە دواتر ناوی دەبێتە کاتێ) دانیشتوون و هەریەکەیان پەرداخێ شەرابیان بە دەستەوەیە، " ئەستوور یان باریک " پیاوەکە پرسیار دەکات. ئەوان باسی کێ دەکەن؟ بەو شێوەیە ئافرەتێک دەبینم، C (کە دواتر ناوی دەبێتە ئانا) لە پێشەوە، لەبەردەم پەنجەرەیەکدا و لەبەر ڕووناکییەکی تردا وەستاوە و بە قژێکی ڕەشەوە پشتی کردووەتە ئەوان.

٦- خۆڵەمێش یەکێکە لە شانۆنامە کورتە یەک پەردەییەکانی هارۆڵد پینتەر و هەر خۆشی لەساڵی ١٩٩٦ دا وەک ڕێژیسۆر و لەسەر شانۆی Royal Court کاری تێداکردووە. خۆڵەمێش تا ئێستا لەسەر شانۆی زوربەی وڵاتانی جیهان نەمایش کراوە.

٧- هارۆڵد پینتەر ئەندامێکی چالاکی ئۆرگانی نێونەتەوەیی ئێمنستی و پێن کلوبە و بەرگری لە زوربەی گەلانی ژێردەستە بۆ نموونە: گواتیمالا، نیکاراگوا، کوردستان، باکووری ئەفەریقا، ڕواندا، سۆمالیا کردووە و زۆر بە توندی دژی شەڕی عێراقیش بووە.

٨- باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەسەر شەرەفی ئارسەر میللەر ئێوارەخوانێکی گەورە لە خانووبەرەی باڵیۆزخانە سازدەکا، هارۆڵد پینتەر لەبری وتاری بەباقوبریق و درۆ و دەلەسە، بە فاکتەوە هێرشێکی توندوتیژ دەکاتە سەر تورکیا و پەردە لەسەر ئامرازەکانی گرتن، ئازاردان و کوشتنی بەندە سیاسییەکان هەڵدەماڵێ. ئەندامانی باڵیۆزخانە، شەخسی باڵیۆزی ئەمریکا خۆی و میوانە تورکەکان ناتوانن هارۆڵد پینتەر بێ دەنگ بکەن، ناچار دەیکەنە دەرەوە. ئارسەر میللەریش وەک پشتگیری لەو هەڵوێستەی هارۆڵد پینتەر ئاهەنگەکە بەجێدێڵێت.

٩- هارۆڵد پینتەر دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە لەکاتی نەمایشکردنی زمانی چیا دا کارەکتەرە کوردەکان زمانێکی میللی و باو بەکاربهێنن، پۆلیس و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیش زمانێکی فەرمی.

١٠- هارۆڵد پینتەر شانۆنامەی سەرایداری لە ساڵی ١٩٦٠ دا نووسیوە. سەرایدار سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و هارۆڵد پینتەریش دەبێتە یەکێک لە گرنگترین نووسەرەکانی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی و جیهانیش.

شانۆنامەی سەرایدار بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٦٠ دا و لەسەر شانۆی The Arts Theatre لە لەندەن نەمایش کراوە. هەر لەو ساڵەدا شانۆنامەی سەرایدار هەڵدەبژێردرێ بە باشترین شانۆنامەی ساڵ، هەروەها تێکڕا ڕەخنەگرەکانی ئینگلستان شانۆنامەی سەرایدار دادەنێن بە یەکێک لە باشترین شانۆنامەکانی سەد ساڵی ڕابردوو.

١١- هارۆڵد پینتەر دەیەوێ دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە هیچ شوێنێک نییە مرۆڤ بتوانێ خۆی تێدا حەشار بدا، دونیای دەرەوە بە هەموو هێزە جیاواز و خۆسەپێنەرەکانیەوە هەڕەشەمان لێدەکا و ڕاومان دەنێ، لەهەمانکاتدا هێزە ترسێنەرەکانی دنیای دەرەوە دەمانخزێنێتەوە ژوورە داخراوەکانەوە، بەڵام هەڕەشەکان دەگاتە ئەوێش و جارێکی تر هەڵاتن و وەدەرنان و ڕاوەدوونان دەبێتەوە چارەنووسی مرۆڤ.

١٢- ئەم فۆرم و زمان و ئەتمۆسفێرە تازەیە، هارۆڵد پینتەری گەیاندە ئاستێکی بەرز و شانۆنامەی (سەرایدار) یش ناوبانگێکی جیهانیی بەدەست هێنا، ڕەخنەگری بەناوبانگی ئینگلیزی هارۆڵد هوبسون دوای ئەوەی شانۆنامەی سەرایدار، بۆ یەکەمجار لە لەندەن نەمایش دەکرێ، دەڵێت:" ئەم شانۆنامەیەم دووجار بینیوە، هەوڵ ئەدەم بە زووترین کات جارێکی تریش بیبینم، دواى ئەوە بۆ جاری چوارەم دەیبینم، جاری پێنجەم و... "

شانۆگەریی "سەرایدار" یەکەم جار ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن ئایەر مێتهون چاپ کراوە.

ساڵی ١٩٦٢ دووبارە پێداچوونەتەوە و لە چاپ دراوەتەوە

ساڵی ١٩٩١ لەلایەن فەیبەر ئەند فەیبەر لیمیتد بڵاوکراوەتەوە

# پێشەکی وەرگێڕ

لاوازیی شانۆ و کەمیی دەقی باشی شانۆیی هەمیشە بە کوردستانەوە دیار بووە، دیارە ئەویش لایەنێکی ئەو سیاسەتەی کولتوور و فەرهەنگە کە داگیرکار بەسەر نەتەوەی بندەستدا دەیسەپێنێت. لەبەرئەوە پەیدابوونی ئەم دەقە شانۆییانە بە زمانی کوردی دەتوانێ کەلێنێکی گەورە لەو نەبوونییە پڕ بکاتەوە.

حەز دەکەم خوێنەر ئاگادار بێ کە من بە ئەنقەست هەوڵم داوە هەندێک وشە بەکاربهێنم کە زیاتر لە خۆرهەڵاتی کوردستان پێی دەدوێن، یاخود وشەگەلێکی هاوواتام لێرە و لەوێ دووپات کردووەتەوە بۆ ئەوەی بە گشتیی ئەوانەی بە کوردیی خواردوو دەدوێن بە جۆرێک خۆیانی تێدا بناسنەوە. ئەو وشانە وەکوو "سەرایدار" کە لە باشوور بەکار نابرێ، بەڵام وشەی "سەرا" بەکار دەبێ. دەنا بۆ نموونە دەبووایە وشەی "حەرەس" یان "حەرەسی خانوو"م بەکار ببردایە. ئەڵبەت ئەویش هەر دروست نەدەبوو، چونکە لە ڕاستیدا حەرەسی خانوو تەنیا پاسەوانی خانوویە کە ئەویش لە کاتی دروستکردنیدا. بەڵام "سەرایدار" ئەرکی چاولێکردن، ئاگالێبوون و چاککردنەوە و دەستپێڕاگەیشتنی گشتییە و هێشتا لە باشوور ئەوە نەبووە بە کارێکی تایبەتی.

هەروەها وشەی "ساک"م لە جیاتی "جانتا" بەکارهێناوە، بەڵام هاوکات وشەی جانتاشم بەکار بردووە. لە جیاتی "زبڵ" وشەی "خۆڵ و



خاشاک"م بەکاربردووە، چونکە نە هەر بە تەنیا پاشماوەی خۆراک دەگرێتەوە، بەڵکو هەروەها هەموو ئەو شتومەکانەی تریش دەگرێتەوە کە ئیتر بەکار نابرێن و فڕێ دەدرێن، ئەمە لە شانۆگەریەکەدا دروستە چونکە لەوێدا کەرەکتەرەکان خەریکی چاککردنەوە و باشکردنی خانووەیەکن. وشەکە وشەیەکی سەربەخۆی لێکدراوە و جێی خۆیەتی بە "خۆڵوخاشاک" بنووسرێ، نەک لێک جیابکرێنەوە.

وشەی "دەمپایی" لەجیاتی "نەعل"، "شەمچە" لە جێی شقارتە و "کەشەف" لە جێی "چەکمەجە" بەکار بردووە. وشەی تریش هەن، بۆ نموونە "قەیتان" لە جیاتی "بەن".

هاوکات خوێنەر دەزانێ کە دەکرێ دەقێکی شانۆیی بە دیالێکتی ناوچەییش پێشکەش بکرێ و پێویست ناکات ئەکتەرەکان تەواو وابەستەی وەرگێڕانەکە بن کە لێرەدا تا ڕادەیەک کوردییەکەیی ستاندەردی کوردیی خوارووە_.

کەسایەتیی "دەیڤس" لە دەقەکەدا وایە کە بە پچڕپچڕی دەدوێت و باش خۆی فۆرمولە ناکات و زمانی لە ئاستی توێژێکی خوراوودایە لە چینی کرێکاردا. لە دەقەکەدا ئەو پلە چینایەتییە بە زمانەکەیەوە دیارە و منیش کوردییەکەم لەو چوارچێوەیەدا هێشتووەتەوە.

ڕێبوار ڕەشید

٨٠٠٢/٧/٧

ئەکتەرەکان بە پێی دەرکەوتنیان

١. ئەستن:

٢. دەیڤس:

٣. مایک:



# پەردەی یەک

(مایک لە ژوورەکەدا بە تەنیایە، لەسەر سیسەمەکە (تەختەکە) دانیشتووە. چاکەتێکی چەرمیی لەبەردایە.)

[بێدەنگی]

(لەسەرخۆ لە هەر دانە شتێکی ناو ژوورەکە دەڕووانێ. تەماشای بنمیچەکە دەکات، لە سەتڵەکە وردە دەبێتەوە. دەوەستێ، تەواو بێدەنگ دادەنیشێت، بێ هیچ جۆرە دەربڕینێکی ڕوخسار، ڕوو لە پێشەوە.)

[بێدەنگی بۆ ماوەی سی چرکە.]

(زرمەی دەرگایەک دێت. دەنگی کپ دەبیسترێ.)

(مایک ئاوەڕ دەداتەوە. هەڵدەستێتە سەر پێ، بە بێ دەنگی ڕووەو دەرگاکە دەڕوا، دەچێتە دەر، و بە ئەسپایی دەرگاکە دادەخات.)

[بێدەنگی.]

دووبارە دەنگ دەبیسترێ. دەنگەکان نزیکتر دەبنەوە و پاشان نامێنن.

(دەرگاکە دەکرێتەوە. ئەستن و دەیڤس دێنە ژوور. ئەستن: لە پێشدا دێتە ژوور، دەیڤس: بە دوایدا، تەکان بە خۆ دەدات و وچانی سوارە.)

(ئەستن پاڵتۆیەکی خوری درشتی کۆنەی لەبەردایە، لە ژێرەوەیدا قاتێکی شینی تۆخی خەتوردی دوگمەداری یەکڕیزەی کڵاودار و کراسێکی ڕەنگچووەوە و کەراواتێک. دەیڤس پاڵتۆیەکی قاوەیی کۆنە، پانتۆڵی کیسەیی، چاکەتێکی کەوایی لە پێشەوە دوگمەدار، ڤێستێک، بێ کراس، لەبەردایە و دەمپایی لە پێدایە. ئەستن کلیلەکەی دەخاتە گیرفانی و دەرگاکە دا دەخات. دەیڤس لە ژوورەکە دەڕوانێ.)

**ئەستن:** دانیشە.

**دەیڤس:** سوپاس (لەملاولای خۆی ورد دەبێتەوە) ئۆهـ...

**ئەستن:** هەر تۆزێک.

ئەستن لە دەوری خۆی بۆ کورسییەک دەگەڕێ، کورسییەک لە تەنیشتی خۆیەوە لای مافوورە لوولکراوەکەوە نزیک بە کوورەکە دەبینێ و دەست دەکا بە هێنانە دەرەوەی.

**دەیڤس:** دانیشتن؟ ها... خۆ من تا ئێستا هەر دانەنیشتووم... خۆ هەر نەمتوانیوە دانیشم... ئەرێ، هەر نازانم چۆنت پێ بڵێم...

**ئەستن:** (کورسییەکە دادەنێت) ها فەرموو.

**دەیڤس:** دە خولەک دەست لە کار هەڵگرتن بۆ وچان وەرگرتنی چای خواردنەوەیەک لە نیوەی شەودا لەو شوێنە و، کەچی نەمتوانی شوێنێک ببینمەوە لێی دابنیشم، یەک دانە جێ. یۆنانیەکان هەموویان داگیریان کردبوو، پۆڵۆنیی، یۆنانی، ڕەشپێست، هەر زۆر زۆر بوون، هەموو بیانییەکان داگیریان کردبوون. منیش لەوێ کارم بۆیان دەکرد... کارم بۆ دەکردن...



**ئەستن:** (لەسەر سیسەمەکە دادەنیشێت، قوتوویەکی تووتن و سیغار دەردەهێنێ و دەست دەکات بە پێچانەوەی سیغارێک بۆ خۆی. دەیڤس سەیری دەکات.)

هەموو ڕەشەکان داگیریان کردبوو، ڕەشپێست، یۆنانی، پۆڵۆنیی، هەر زۆر زۆر بوون، ئاوا، هەر شوێنێکیشم بۆ نەمابووەوە، وەک پۆخڵەوات مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم. کاتێک ئەم شەو هات بۆ لام ئەمەم پێم گوت.

[وچان]

**ئەستن:** دانیشە.

**دەیڤس:** باشە، بەڵام دەبێت لە پێشدا شتێک بکەم، دەبینیت، دەبێت ئەوە بکەم، دەبێت کەمێک ئارام ببمەوە، تێ دەگەی چ دەڵێم؟ دەمتوانی لە خوارەوە وا بکەم.

**دەیڤس:** (بە دەنگی بڵند داخێک هەڵدەکیشێ، بە مست بۆکسێک ڕووەو خوارەوە دەهاوێ، پشت لە **ئەستن:** دەکات و لە دیوارەکە دەڕوانێ.)

[وچان]

(ئەستن سیغارێک دادەگیرسێنێ.)

**ئەستن:** دەتەوێ سیغارێک بۆ خۆت بپێچیتەوە؟

**دەیڤس:** (ڕووی تێ دەکات) چی؟ نا، نەخێر، هەرگیز سیغار ناکێشم.

[وچان]

(دەیڤس دێتە پێش.)

بەڵام، پێت دەڵێم چی. کەمێکم لەو تووتنە دەوێ بۆ پایپەکەم،

ئەگەر ڕێگا دەدەی.

**ئەستن:** (قوتووەکە دەداتە دەستی) بەڵێ، فەرموو. هەندێکی لێ ببە.

**دەیڤس:** میهرەبانیت قوربان، هەر ئەوەندەی بەشی پایپەکەم بکات، هەر ئەوەندە، زیاتر نا.

(پایپێک لە گیرفانی دێنێتە دەر و دایدەگرێتەوە.)

منیش قوتوویەکم هەبوو... هەر کەمێک، کەمێک لەمەوپێش. بەڵام تیایاندا نەهێشت. لەگرەیت وێست ڕۆد تیایاندا نەهێشت.

قوتووەکە ڕا دەگرێ.

لە کوێ دای بنێم؟

**ئەستن:** من لێت وەردەگرم.

**دەیڤس:** (قوتووەکەی دەداتێ) کاتێک هات بۆ لام ئەم شەو پێم گوت. مەگەر نا؟ خۆت گوێت لێ بوو کە پێم گوت، گوێت لێ نەبوو؟

**ئەستن:** بینیم کە بۆت هاتبوو

**دەیڤس:** بۆم هاتبوو؟ گلەییەکت نییە. ئەو شتە پیسە، پیاوەپیرێکی وەکوو من، من کەسێکم کە خوانم لەگەڵ باشترین کەساندا هەبووە.

[وچان]

ئەرێ، بینیم کە تێت ورووکابوو.

**دەیڤس:** هەموویان کەوشە کۆنەن، هاوڕێم، دەڵێی بەرازن. شایەت من چەند ساڵێک لەسەر جادان بووبم بەڵام دەتوانیت باوەڕم پێ بکەیت کە خاوێنم. خۆم بەرز ڕادەگرم. لەبەرئەوە بوو ژنەکەمم



جێ هێشت. دوو هەفتە پاش ئەوەی کە هێنام، نا، نا هێندەشی نەخایاند، هەفتەیەک زیاتر نەبوو، سەری مەنجەڵەکەم بەرز کردەوە، دەزانیت چی تێدا بوو؟ یەک دەستە لە جلوبەرگی ژێرەوەی نەشۆردراوی خۆی. مەنجەڵەکە هی سەوزە بوو، ئەرێ. مەنجەڵی سەوزە. ئیتر بەجێم هێشت و لەو ساوە نەمبینیوەتەوە.

**دەیڤس:** (ڕوو وەردەگێڕێ و بە پاخشکێ ئەو سەری ژوورەکە دەکات، و ڕووی بە ڕووی پەیکەرێکی بووداوە دەبێت کە لەسەر تەباخە گازەکە دانراوە، سەیرێکی دەکات و ئاوەڕ دەداتەوە.)

من خۆراکی خۆمم لەسەر باشترین دەوری چێشتووە. بەڵام ئیدی گەنج نەماوم. وەبیرم دێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک هەر کەسێکیان بەدەستوبرد بووم. هەر نەیانتوانی هیچی خراپم دژ بکەن. بەڵام لەو دوایانەدا تەندروستیم باش نەماوە. چەند شاڵاوێکم بردووە.

[وچان]

(نێزیکتر دەبێتەوە) ئایا بینیت چی بەسەر ئەوەیان هات؟

**ئەستن:** هەر تەنها ئاگام لە کۆتاییەکەی بوو.

**دەیڤس:** لێم هاتە پێش، سەتڵێک خۆڵ و خاشاکی هێنایە بەردەمم، و پێم دەڵێ بڕۆ بیبە دەرێ. ئەوە کاری من نییە سەتڵەکە ببەمە دەر! منداڵێکیان ڕاگرتووە بۆ ئەوەی ئەو سەتڵە بباتە دەر. من هەرگیز ئەو کارەم نەکردووە کە سەتڵەکە ببەمە دەر. کاری من خاوێنکردنەوەی زەوییەکەیە، خاوێنکردنەوە و سڕینی مێزەکانە،

کەمێک شۆردن و شتی وایە، و هیچ کاتێک بریتی نەبووە لە بردنە دەرەوەی ئەو سەتڵانە!

**ئەستن:** ئم.

(بەرەو خوار بە لای ڕاستدا دەڕوا بۆ ئەوەی نانبرژێنەرەکە بهێنێ.)

**دەیڤس:** (بەدوایدا دەڕوا) ئەرێ، جا بڵێ با ئەوەشم کردبێ! تەنانەت ئەگەر کردبێتیشم! وا دایبنێین کە لەسەر منیش پێویست بووە سەتڵەکە ببەمە دەر، جا ئەو هەتیوە کێیە بێت و فەرمان بە سەر مندا بدا؟ هەردووکمان هاوئاستین. خۆ ئەو سەرکاری من نییە. ئەو هیچ لە من گەورەتر نییە.

**ئەستن:** چی بوو، یۆنانی؟

**دەیڤس:** نا، ئەو نا، ئەو سکۆتییە. ئەرێ سکۆتی.

**ئەستن:** (نانبرژێنەرەکەی پێیە و دەچێتەوە سەر تەختەکەی دادەنیشێ و دەست دەکا بە بادانی پلاکەکەی. دەیڤس وەدووی دەکەوێ.) چاوت لێی بوو، مەگەر نا؟

**ئەستن:** ئەرێ.

**دەیڤس:** پێم گوت چی لە سەتڵەکەی بکا. مەگەر نا؟ خۆت گوێت لێ بوو. سەیرکە، پێمگوت، من پیاوێکی پیرم، پێم گوت، لەو شوێنەی کە تیایدا گەورەبووم زانیومانە چۆن بەڕێزەوە لەگەڵ کەسانی بەساڵداچوو بدوێین، ئێمە بە بیری دروستەوە پەروەردە کراوین، ئەگەر چەند ساڵێکم کەمتر بووایە، هین... لە ناوەڕاستدا دەمکردی بە دوو کەرتەوە. ئەو دەمە ئەو کاتە بوو



کە قایمقام گوللەکەی پێوە نام. پێم دەڵێ گرمەگرم زۆر دەکەی. من گرمەگرم! سەیر بکە، پێم گوت، من مافم هەیە. ئەوەم پێ گوت. شایەت گەڕۆکیەکم کردبێ، بەڵام هیچ کەسێک زیاتر لە من مافدار نییە. پێم گوت با کەمێک دادوەرانە ڕەفتار بکەین. کەچی گوللەکەی پێوە نام.

(لەسەر کورسیەک دادەنیشێ.)

ئەوە ئەو شوێنەیە.

[وچان]

ئەگەر تۆ نەهاتیتایەتە دەر و ئەو هەتیوە سکۆتیەت نەوەستاندایە، ئێستا لە نەخۆشخانە کەوتبووم. ئێستا کەللەی سەرم لەسەر ئەو شۆستەیە لەت بووبوو ئەگەر بەرم بکەوتایە. چاری دەکەم. شەوێک چاری دەکەم. با ڕێگام بکەوێتە ئەو ناوە.

ئەستن دەچێت بۆ لای سندووقی پلاکەکان بۆ ئەوەی پلاکێکی دیکە بهێنێ.

زۆریشم بەلاوە گرینگ نییە بەڵام هەموو شتەکانی خۆمم لەوێ لەو شوێنە بەجێ هێشت، لەوێ لە ژوورەکەی پشتەوەدا. هەر هەمووی، هەر هەمووی کە زۆر بوون، دەبینی، ئا لەم جانتایەدا. هەموو پارچەیەک لەو شتە خوداگرتووانەم کە هەمبوون لەو شوینە بەجێهێشتووە. لەو پەلەپەلەیەدا. دڵنیات دەکەم کە ئێستا ئا لەم کاتەدا چنگی خستووەتە ناویانەوە.

**ئەستن:** جارێک کە ڕێگام دەکەوێتە ئەوێ هەڵی دەگرم و بۆت دەهێنم.

(ئەستن دەگەڕێتەوە سەر تەختەکەی و دەست دەکاتەوە بە

چاککردنەوەی پلاکی نانبرژێنەرەکە.)

**دەیڤس:** بە هەرحاڵ، قەرزارتم، کە ڕێگام دەدەی، ڕێگام دەدەی کەمێک وچان بدەم، هەر... ئاوا چەند خولەکێک.

(دەیڤس لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ.)

ئەمە ژووری تۆیە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** شتی باشت لێرە هەن.

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** هەندێک پارە دەکەن،... ئەگەر بخرێنە سەر یەک.

[وچان]

هەر زۆر زۆرن.

**ئەستن:** هەندێکن. باشن.

**دەیڤس:** لێرە دەخەویت، وایە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** لە کوێ، لەوێ؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** زۆر باشە، لەو سەرما و تەڕیەی دەرێ ڕزگاریت.

**ئەستن:** با زۆر نایگرێتەوە.

**دەیڤس:** باشترە نەیگرێتەوە. جیاوازییەک دەبێت کە نەهێڵێت بێتە ژوور.

**ئەستن:** ئەرێ.



**دەیڤس:** کەواتە بایەکە هەر دێتە ژوور.

[وچان]

**ئەستن:** ئەرێ، کاتێک کە با هەڵ دەکات...

[وچان]

**دەیڤس:** بەڵێ...

**ئەستن:** ئم...

[وچان]

**دەیڤس:** هەر زۆر سارد و تەڕە.

**ئەستن:** ئا.

**دەیڤس:** هەر زۆر هەستیارم پێی.

**ئەستن:** پێی هەستیاریت؟

**دەیڤس:** هەمیشە وا بووم.

[وچان]

ئایا ژووری دیکەت هەن، هەتە؟

**ئەستن:** لە کوێ؟

**دەیڤس:** لە پشت ئێرە... لە سەرەوە.

**ئەستن:** خراپن.

**دەیڤس:** وا مەڵێ.

**ئەستن:** کاریان زۆر دەوێت.

[کەمێک وچان]

**دەیڤس:** ئەدی خوارەوە؟

**ئەستن:** داخراوە، سەری گیراوە. دەبێ چاوێکی لێ بکرێ... زەوییەکەی...

**دەیڤس:** بەخت یار بووم کە هاتی بۆ ئەو چایخانەیە. ڕەنگە ئەو هەتیوە سکۆتییە بکەوتایەتە وێزەم. لە جارێک زیاتر کەوتوومەتە چنگی مەرگەوە.

**ئەستن:** چی؟

**دەیڤس:** (بە ئاماژە) تێبینیم کرد...

**ئەستن:** بەڵێ. خەڵکێکی زۆر بە درێژایی ئەو شەقامە دەژین.

**دەیڤس:** بەڵێ، تێبینی ئەو پەردانەم کرد لەو خانووەی ئەملاوە دادرابوونەوە کاتێک کە دەهاتین.

**ئەستن:** دەراوسێن.

[وچان]

**دەیڤس:** کەواتە ئەمە خانووی خۆتە، هی خۆتە؟

[وچان]

**ئەستن:** من بەرپرسیارم.

**دەیڤس:** تۆ خاوەنیت، تۆیت؟

پایپەکە دەنێتە دەمیەوە و بێ ئەوەی دای بگیرسێنێت مژی لێ دەدا.

ئەرێ، سەرنجی ئەو پەردە قورسانەم دا دادرابوونەوە کاتێک کە هاتینە ژوور، هی ئەو دەرگایەی تەنیشتان. سەرنجی ئەو پەردە



گەورە قورسانەم دا ڕێک بەسەر پەنجەرەکاندا شۆڕبووبوونەوە. بیرم کردەوە کە دەبێ خەڵکێک لەوێ بژی.

**ئەستن:** خانەوادەیەکی هیندیی لێ دەژین.

**دەیڤس:** ڕەش؟

**ئەستن:** زۆر نایانبینم.

**دەیڤس:** ڕەشن، وایە؟

**دەیڤس:**(دەوەستێت و دەبزوێ.)

باشە چەند وردە دیکۆرگەرێکی (تحوفی) باشت هەن، ئەرێ. من حەزم لە ژووری چۆڵ نییە.

(ئەستن بەرەو لای دەیڤس بۆ ناوەڕاستی شانۆ دەڕوا)

پێت دەڵێم، ئەرێ هاوڕێ، جووتێک کەوشی زیادەت نییە؟

**ئەستن:** کەوش؟

(ئەستن بەرەو لای ڕاستی شانۆ دەبزوێت.)

**دەیڤس:** سەگبابەکانی ئەو مەیموونخانەیە دووبارە ڕەنج بە خەساریان کردمەوە.

**ئەستن:** (دەچێتە سەر جێگاکەی خۆی) کوێ؟

**دەیڤس:** لە لوتۆن، مەیموونخانەکەی لوتۆن... هاوڕێیەکم لە شێپەردس بوش هەیە، ئەرێ...

**ئەستن:** (سەیری ژێر سیسەمەکەی خۆی دەکا) ڕەنگە جووتێکم هەبێ.

**دەیڤس:** ئەو هاورێیەم لە شێپەردس بوش هەیە. لە شۆردنگاکە. بەڵێ، ئەو لە شۆردنگاکە بوو، باشترین شۆردنگایان بەڕێوە دەبرد.

ئەوجا لە ئەستن دەڕوانێ.

باشترین دانەیان بەڕێوە دەبرد. هەمیشە لەتە سابوونێکی دەدامێ، هەر جارێک بچوومایە. سابوونی زۆر باش. پێم وایە دەبێ باشترین سابوونیان هەبێ. هەرگیز بێ سابوون نەدەبووم لەوێ، هەر کاتێک لەو ناوە بوومایە و لە قاپیی شێپەردس بوشم بدایە، پارچە سابوونێکم دەست دەکەوت.

**ئەستن:** (جووتێک کەوش بە دەستەوە لە بن تەختەکە دێتە دەر) [جووتێکی قاوەیی.]

**دەیڤس:** ئێستا لەوێ ڕۆیشتووە. ڕۆی. ئەو بوو کە خستمیە ناو ئەو مەیموونخانەیە. دروست ئەو بەری لوتۆن. بیستبووی کە کەوش دەبەخشنەوە.

**ئەستن:** دەبێ جووتێک کەوشی باشت هەبن.

**دەیڤس:** کەوش؟ کەوش بۆ من مەسەلەی مان و نەمانە. ناچار بووم هەتا لوتۆن ئا بەمانەی لە پێدایە بڕۆم.

**ئەستن:** ئەی چی ڕووی دا کە گەیشتیتە ئەوێ؟

[وچان]

**دەیڤس:** بوتدرۆویەکم دەناسی لە ئەکتن. هاوڕێیەکی باشی من بوو.

[وچان]

دەزانیت ئەو هەتیوە مەیموونە چی پێ گوتم؟

[وچان]

چەند ڕەشی تر لەم دەوروبەرەت هەن؟



**ئەستن:** چی؟

**دەیڤس:** ڕەشی تر هەن بێ لەمانە؟

**ئەستن:** (کەوشەکانی بە دەستەوە ڕاگرتووە) بزانە ئەمانە بەکەڵت دێن؟

**دەیڤس:** دەزانیت ئەو هەتیوە مەیموونە چی پێ گوتم؟

لە پێڵاوەکان دەڕوانێ.

پێم وایە ئەمانە کەمێک بچووکن.

**ئەستن:** پێت وایە؟

**دەیڤس:** نا، لە سایزی من ناچن.

**ئەستن:** خراپ نابن.

**دەیڤس:** ناتوانم کەوشێک لە پێ بکەم کە بە پێم نەبن. هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە. بەو مەیموونەم گوت، بووانە، پێم گوت، بڕوانە ئێرە مستەر، ئەویش دەرگاکەی کردەوە، دەرگایەکی گەورە، دەرگاکەی کردەوە، بووانە ئێرە مستەر، پێم گوت، ئەو هەموو ڕێگایەم بڕیوە تا گەیشتوومەتە ئێرە، بڕوانە، پێم گوت، ئەمانەم نیشاندا، پێم گوت، جووتێک کەوشت نییە بۆ من، هەتە، جووتێک کەوش، پێم گوت، هەرئەوەندەی بتوانم ڕیگایان پێ ببڕم. بڕووانە ئەمانەی پێم، خەریکن بەکەڵک دەکردن. پێم گوت، ئەمانە ئیتر بە کەڵکم نەماون. بیستوومە بارێک کەوشت هەن لێرە. بڕۆ ون بە، لێم هاتە زمان. بڕوانە، پێم گوت، من پیاوێکی بەساڵداچووم، ئاخر نابێت ئاوا بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکەیت. بە خەیاڵمدا نایەت تۆ کێیت، پێی گوتم، ئەگەر نەڕۆیت و ون نەبیت ئەوا هەتا بەر دەروازەکە بە شەق دەت بەم. بەڵام

بڕوانە، پێم گوت، کەمێک چاوەڕێ بکە، تەنیا و تەنیا داوای جووتێک کەوش دەکەم، پێویست ناکا ئاوا بکەویتە وێزەم، سێ ڕۆژم پێ چووە تا گەیشتوومەتە ئێرە. پێم گوت، سێ ڕۆژ بە بێ پاروونانێک، خۆ من دوو پاروونان دەهێنم، مەگەر نایهێنم؟ بە لای ئەو گۆشەیەدا لابدەوە بۆ ئاشپەزخانەکە، پێی گوتم، بەو سووچەدا با بدە، هەر ئەوەندەی خۆراکەکەت خوارد بڕۆ و ون بە. ڕۆیشتم و بام دایەوە بۆ ئاشپەزخانەکە، دەزانی، خۆراکیان پێ دام! باڵندەیەک، ئەرێ پێت دەڵێم باڵندەیەک، باڵندەیەکی بچووک، باڵندەیەکی ڕیوەڵە، خۆی دەیتوانی بە دوو خولەک هەڵی لووشێ. باشە، پێیان گوتم، وا خۆراکی خۆتت خوارد، دەی ئێستا بڕۆ. خۆراک؟ پرسیارم لێ کردن، پێتان وایە من چیم، سەگم؟ هیچ شتێک لە سەگ باشتر نییە. پێتان وایە من چیم، ئاژەڵێکی دڕندەم؟ ئەی چی سەبارەت بەو جووتە کەوشەی کە ئەو هەموو ڕێگایەم بۆ بڕیوە و کە بیستبووم دەیبەخشنەوە؟ دەبێ بە دایکت بگەیەنمەوە. یەکێک لەوانە، هەرزەکارێکی شەڕانیی ئیرلەندی، هات بۆم. وازم هێنا. قەدبڕ چووم بۆ واتفۆرد و لەوێ جووتێکم پەیدا کرد. گەیشتمە نۆرس سیرکولەر و بە ئاستەم هێندۆنم جێ هێشتبوو، هەر لەوێدا کە دەڕۆیشتم بنەکەی لێ بووەوە. پیادەڕۆییم دەکرد. بەختم هەبوو کە جووتە کۆنەکەی خۆمم پێچابووەوە و پێم بوون، هێشتا هەڵم گرتبوون، بەسەری تۆ، دەنا ئێستا نەمابووم. لەبەرئەوە هەر ناچاربووم ئەمانە هەڵبگرم، دەبینیت، بەکەڵک نەماون. هیچ باش نین، تلپەی تەڕیان تێدا نەماوە.



**ئەستن:** ئەمانە تاقی بکەوە.

(دەیڤس کەوشەکان وەردەگرێ، ئەوانەی خۆی دادەکەنێ و ئەوەکانی دیکە تاقی دەکاتەوە.)

**دەیڤس:** جووتە کەوشێکی خراپ نیین.

(بە ناو ژوورەکەدا دەسوورێتەوە.)

جووتە کەوشێکی بەهێزن، چاکە. ئەرێ، پێڵاوی خراپ نین. ئەم چەرمە توندە، وا نییە؟ زۆر قایمن. پیاوێک لەم ڕۆژانەدا دەیویست جووتێکی قیفە (پێستەمشک) بە زۆر بدات بە سەرمدا. نەمدەتوانی لە پێیان بکەم. پێستەمشک کەی دەتوانێ چەرم ببەزێنێ. پێستەمشک خۆی بەردەدات، هەڵدەدات، هەر بە پێنج خولەک پەڵە دەگرێ و هەرگیز لێی نابێتەوە. چەرم شتی چاکە. ئەرێ، ئەمانە شتی چاکن.

**ئەستن:** باشە.

(دەیڤس لاقی ڕادەوەشێنێ.)

**دەیڤس:** بەڵام بە پێم نابن.

**ئەستن:** ئۆی؟

**دەیڤس:** نا، پشتی پێم پانن.

**ئەستن:** ئمممم

**دەیڤس:** ئەمانە زۆر نووک تیژن.

**ئەستن:** ئەها.

**دەیڤس:** ئەمانە بە هەفتەیەک سەقەتم دەکەن. ئەمانەی خۆم دەڵێم کە

له پێم دان، هیچ باش نین، بەڵام بە هەرحاڵ لە پێدا خۆشن.
هیچی وا نین، بەڵام ئازارم نادەن.

(دەیڤس لە پێیان دادەکەنێ و دەیانداتەوە بە ئەستن.)

بە هەرحاڵ، زۆر سوپاس مستەر.

**ئەستن:** سەیر دەکەم بزانم چی ترم دەست دەکەوێ بۆت.

**دەیڤس:** بەخت یار بێت. من ناتوانم ئاوا بەردەوام بم. ناتوانم لەم شوێن بچمە شوێنێک یتر. منیش دەبێ ببزوێم، دەبینی، دەبێت کارەکانم مەیسەر بێ.

**ئەستن:** بۆ کوێ دەچیت؟

**دەیڤس:** ئۆ، یەک دوو شتم لە خەیاڵدایە. چاوەڕێی ئاووهەواکەم بیشکێنێت.

[وچان]

**ئەستن:** (لەگەڵ نانبرژێنەرەکەدا مەشغووڵە) ئایا... ئایا پێت خۆشە لێرە بخەوێ؟

**دەیڤس:** لێرە؟

**ئەستن:** بۆت هەیە لێرە بخەویت ئەگەر دەتەوێ.

**دەیڤس:** لێرە؟ ئۆ، نازانم چی بڵێم.

[وچان]

تا کەنگێ؟

**ئەستن:** تا... تا کاری خۆت جێبەجێ دەکەی.

**دەیڤس:** (دادەنیشێت) ئا، باشە، جا...



**ئەستن:** دۆخی خۆت باش بکە...

**دەیڤس:** چاکی دەکەم... هەر بەو زووانە...

[وچان]

لە کوێدا بنووم؟

**ئەستن:** لێرە. ژوورەکانی تر بۆ تۆ... بۆ تۆ باش نیین.

**دەیڤس:** (هەڵدەسێت، لە چواردەوری خۆی دەڕوانێ) لێرە؟ لە کوێ؟

**ئەستن:** (هەڵدەسێ، ڕوو بە لای ڕاست دەڕوانێ) سیسەمێک لە پشت ئا ئەو هەموو شتانەوەیە.

**دەیڤس:** ئۆ، ئەرێ. باشە، جێیەکی بەدەستە. باشە، ئەوە.... پێت دەڵێم چی، ڕەنگە بە قسەت بکەم... هەر تەنیا تا ئەو کاتەی کارەکانی خۆم جێبەجێ دەکەم.

شتومەکی ناوماڵت زۆرە لێرە.

**ئەستن:** کۆمکردوونەتەوە. هەر لێرە جارێ دایان دەنێم. ڕەنگیشە باش بێت کە لە بەردەستدان.

**دەیڤس:** ئەم تەباخی گازە کار دەکات، مەگەر نا؟

**ئەستن:** نا.

**دەیڤس:** ئەی بە چی کوپێک چایی دەم دەکەیت؟

**ئەستن:** بە هیچ.

**دەیڤس:** ئەوە کەمێک ناخۆشە.

(دەیڤس لە پارچە تەختەکان دەڕوانێ.)

ئایا خەریکی دروستکردنی شتێکیت؟

**ئەستن:** ڕەنگە هۆدەیەک دروست بکەم.

**دەیڤس:** دارتاشیت، ها؟

(تەماشایەکی (مەکینەی) چیمەنبڕەکە دەکا.)

چیمەنت هەیە؟

**ئەستن:** بۆ خۆت سەیرکە، بزانە.

(ئەستن ساکی لای پەنجەرەکە بەرز دەکاتەوە. هەردووکیان لە دەرەوە دەڕوانن.)

**دەیڤس:** کەمێک چڕ دیارە.

**ئەستن:** زۆر بەرز بووەتەوە.

**دەیڤس:** ئەوە چییە، حەوزە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** چیت هەیە، ماسی؟

**ئەستن:** نا. هیچی تێدا نییە بەتاڵە.

[وچان]

**دەیڤس:** ئەو هۆدەیە لە کوێ دروست دەکەی؟

**ئەستن:** (ڕووی تێ دەکات) جارێ دەبێت باخەکە خاوێن بکەمەوە.

**دەیڤس:** جا کابرا، خۆ تراکتۆرێکت پێویستە.

**ئەستن:** خاوێنی دەکەمەوە.

**دەیڤس:** کاری دارتاشی، ها؟

**ئەستن:** (بێ جووڵە ڕادەوەستێ) حەز دەکەم.. کار بە دەستەکانم بکەم.



(دەیڤس پەیکەرەکەی بوودا هەڵدەگرێ و بە دەستییەوە دەیگرێ.)

**دەیڤس:** ئەمە چییە؟

**ئەستن:** (لێی وەردەگرێ و لێی ورد دەبێتەوە) ئەمە بوودایە.

**دەیڤس:** بەردەوام بە.

**ئەستن:** بەڵێ. زۆری حەز لێ دەکەم. لە... لە دووکانێک دەستم کەوت. زۆر جوان هاتە پێش چاوم. نازانم بۆ. تۆ ئەم بودایانەت پێ چۆنە؟

**دەیڤس:** ئۆ، خراپ نیی، نا خراپ نین، وا نییە؟

**ئەستن:** نەخێر، دڵخۆش بووم کاتێک کە ئەمەم بە دەستەوە گرتبوو. زۆر بە باشی دروست کراوە.

(دەیڤس ڕوو وەردەگێڕێ و بە وردی لە ژێر دەستشۆرییەکە دەڕوانێ.)

**دەیڤس:** ئەمە جێگای خەوە، وایە؟

**ئەستن:** (بەرەو لای سیسەمەکە دەڕوا) ئەم شتانە هەموو لە کۆڵ خۆمان دەکەینەوە. پەیژەکە لەژێر سیسەمەکە جێی دەبێتەوە.

(پەیژەکە دەخەنە ژێر سیسەمەکە.)

**دەیڤس:** (ئاماژە بە دەستشۆریەکە دەکا) ئەی ئەمە؟

**ئەستن:** پێم وایە ئەوەش هەر لەو ژێرەوەیەدا جێی دەبێتەوە.

**دەیڤس:** با دەستێکی بدەمێ لەگەڵتدا.

(پێکەوە بەرزی دەکەنەوە.)

(تۆنێک دەبێت، وا نییە؟)

**ئەستن:** لەم ژێرەوە.

**دەیڤس:** جا خۆ ئیتر هیچ بە کەڵکی کار دێ؟

**ئەستن:** نا. لە کۆڵ خۆمی دەکەمەوە. ئا لێرە.

هەردووکیان دەستشۆرییەکە دەخەنە ژێر سیسەمەکە.

لە سەر زەوی بەینی پلیکانەکان تەوالیتێک هەیە. لەو تەوالێتە دەستشۆرییەکی لێیە. دەتوانین ئەم شتانە بخەینە ئەوێ.

(دەست دەکەن بە جوولاندنی سەتڵی خەڵووزەکە، گالیسکەی شتومەک کڕین، چیمەنبڕەکە و کەشەفەکانی مێزی سیسەم بەرەو دیوارەکەی لای ڕاست دەبەن.)

**دەیڤس:** (دەوەستێت) خۆ لەگەڵ کەسدا بەشی ناکەی، دەیکەی؟

**ئەستن:** چی؟

**دەیڤس:** مەبەستم ئەوەیە خۆ تەوالێتەکە لەگەڵ ئەو ڕەشانەدا بەش ناکەی، دەیکەی؟

**ئەستن:** ئەوان لە تەنیشتمەوە دەژین.

**دەیڤس:** نایەنە ژوور؟

**ئەستن:** (کەشەفێک دەاتە بەر دیوارەکە.)

لەبەرئەوەی، دەزانیت، مەبەستم ئەوەیە... حەق حەقە...

(ئەستن دەچێت بۆ لای سیسەمەکە، تۆز دەتەکێنێ و بەتانییەکە ڕادەتەکێنێت.)

**ئەستن:** کیسەیەکی شین دەبینیت؟



**دەیڤس:** کیسەیەکی شین؟ لێرە لەم خوارەوە. بڕوانە. لای فەرشەکەیە.

(ئەستن دەچێ بۆ لای کیسەکە، دەیکاتەوە، سەرچەفێک و سەرینێک دەردەهێنێ و لەسەر سیسەمەکە دایان دەنێ.)

ئەوە سەرچەفێکی باشە.

**ئەستن:** بەتانییەکە بە تەنیا کەمێک تۆزاوی دەبێ.

**دەیڤس:** کورە گوێ مەدەرە شتی وا.

**ئەستن:** بە پێوە دەوەستێ، توتنەکەی دەردەهێنێ و دەست دەکا بە پێچانەوە سیغارێک. دەچێ بۆ لای سیسەمەکەی و دادەنیشێت.

**ئەستن:** وەزعی پارەت چۆنە؟

**دەیڤس:** ئۆه، جا... ئێستا، مستەر، ئەگەر ڕاستییەکەیت دەوێت... کەمێک بێ پارەم.

(ئەستن هەندێک وردە لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێ، جیایان دەکاتەوە و پێنج شیلینگ لە بەری دەستیدا ڕادەگرێ.)

**ئەستن:** ها ئەوە هەندێک وردەیە.

**دەیڤس:** (وردەکان وەردەگرێت) سوپاس، سوپاس، بەختدار بیت. هەر ئێستا تێ گەیشتم کە کەمێک بێ پارەم. دەبینیت، هیچ پارەم بۆ ئەو هەموو کارەی ئەو هەفتەیەی پێشوو وەرنەگرت. ئەوە وەزعەکەیە، ئا وایە.

[وچان]

**ئەستن:** ئەو ڕۆژە چووم بۆ بارێک. داوای بیرەیەکی گەینێسم کرد. لە پەرداخێکی ئەستووردا بۆیان تێ کردم. دانیشتم بەڵام نەمتوانی بیخۆمەوە. ناتوانم گەینێس لە پەرداخی ئەستووردا

بخۆمەوە. تەنیا پێم خۆشە لە پەرداخی تەنکدا بێت. یەک دوو قومم لێ دا بەڵام نەمتوانی تەواوی بکەم.

(ئەستن دەرنەفیزێک و پلاکێک لەسەر سیسەمەکەی هەڵدەگرێت و خەریکی پلاکەکە دەبێت.)

**دەیڤس:** (بە هەستێکی زۆرەوە) هەر ئەوەندە ئەو هەوایە بگۆڕدرێت! ئیتر دەمتوانی بچم بۆ ئەو خوارە بۆ سایدکەپ!

**ئەستن:** سایدکەپ؟

**دەیڤس:** کەشوهەواکە هێندە ناخۆش و خراپە، ئاوا بەم کەوشانەوە چۆن دەتوانم بگەمە ئەو خوارە بۆ سایدکەپ؟

**ئەستن:** بۆ دەتەوێت بگەیتە ئەو خوارە بۆ سایدکەپ؟

**دەیڤس:** کاخەزەکانم لەوێن!

[وچان]

**ئەستن:** چییەکانت؟

**دەیڤس:** کاخەزەکانم لەوێن!

[وچان]

**ئەستن:** کاخەزەکانت لە سایدکەپ چ دەکەن؟

**دەیڤس:** لای پیاوێک دامناوم کە دەیناسم. لای ئەو بەجێم هێشتن. دەبینی؟ ئەو کاخەزانە دەیسەلمێنن کە من کێم! ناتوانم بێ ئەوان ببزوێم. ئەوان نیشانی دەدەن کە من کێم. دەبینی! بێ ئەوان هیچم پێ ناکرێ.

**ئەستن:** بۆ؟

**دەیڤس:** دەبینی، چی پێ دەڵێن، دەبینی، ناوی خۆم گۆڕیوە! چەندین



ساڵ لەمەو بەر. هەر بە ناوێکی ساختەوە سووڕاومەتەوە! ئەوە ناوی ڕاستەقینەی خۆم نییە.

**ئەستن:** بە چ ناوێکەوە سووڕاویتەوە؟

**دەیڤس:** جێنکینس. بێرناند جێنکینس. ئەوە ناوەکەمە. ئەوە ئەو ناوەیە کە پێی ناسراوم، بە هەر حاڵ. بەڵام بۆ من باش نییە کە ئیتر بەو ناوەوە بێم و بچم. مافم نییە ئەوە بکەم. کارتێکی بیمەم پێیە.

**دەیڤس:** (کارتێک لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێ.)

بە ناوی جێنکینسەوەیە، دەیبینیت؟ بێرناند جێنکینس. بڕوانە. چوار دانە مۆری پێوەیە. چوار دانە. بەڵام بەمە زۆر دوور ناڕۆم. ئەوە ناوی ڕاستەقینەی خۆم نییە، بۆیان دەردەکەوێ، بە مل دەمگرن. چوار مۆر. خۆ بە پێنی (فلس) نەمکڕیوە، بە پاوەند (دینار) دەستم کەوتووە. پاوەندم لەسەر کەوتووە نەک پێنی. مۆری تریشیان هەبوو، زۆریان هەبوو، بەڵام ئەو ڕەشانە لێیان نەدا. هەرگیز کاتم نەبوو خۆمی پێوە خەریک بکەم.

**ئەستن:** دەبا کارتەکەیان بۆ مۆر بکردیتایە.

**دەیڤس:** خۆ هەر بە کەڵک نەدەها! ئەو کاتەش هەر هیچ سوودێکی نەدەبوو. خۆ ئەوە ناوی ڕاستەقینەی من نییە. ئەگەر بەو کارتەوە بسووڕێمەوە بە مل دەمگرن.

**ئەستن:** ئەدی ناوە ئەسڵییەکەت چییە؟

**دەیڤس:** دەیڤس. ماک دەیڤس. ئەوە ناوەکەم بوو پێش ئەوەی بیگۆڕم.

[وچان]

لەوە دەچێ بتەوێت هەموو ئەوانە تێ بگەیت.

هەر ئەوەندەی بمتوانیایە بگەمە سایدکەپ! چاوەڕێی کەشوهەواکەم کردووە بگۆڕێ. ئەو کابرایە کاخەزەکانمی لایە، ئەو پیاوەی لام داناوە، هەمووی لای ئەوە لەو خوارە. دەتوانم هەموو شتێک بسەلمێنم.

**ئەستن:** لە کەنگێوە لە لای ئەون؟

**دەیڤس:** چی؟

**ئەستن:** لە کەنگێوە لە لای ئەون؟

**دەیڤس:** ئۆ، ڕەنگە... لە کاتی شەڕەکەدا بوو... ڕەنگە... ئاوا پازدە ساڵێک لەمەوبەر بێت.

(لە پڕێکدا چاوی بە سەتڵەکە دەکەوێت و سەیری سەرێ دەکات.)

**ئەستن:** هەر کاتێک پێت خۆشە... بڕۆ بۆ ناو جێگەکەت، هەر بڕۆ و پاڵ بکەوە. گوێ مەدە من.

**دەیڤس:** (پاڵتۆکەی دادەکەنێ) ئێ، باشە. پێم وایە وا دەکەم. کەمێک... کەمێک ماندووم.

(پانتۆڵەکەی دادەکەنێت و بە دەستیەوە ڕای دەگرێ.)

ئایا ئەمانە لێرە دابنێم؟

**ئەستن:** بەڵێ.

دەیڤس چاکەت و پانتۆڵەکەی دەخاتە سەر فۆرمی جل وشک کردنەوەکە.



**دەیڤس:** دەبینم کە سەتڵێکت بەو سەرەوە هەڵواسیوە.

**ئەستن:** دڵۆپە.

(دەیڤس سەری بەرز دەکاتەوە و لێی دەڕوانێ.)

**دەیڤس:** باشە، کەواتە لەسەر سیسەمەکە ڕادەکشێم. تۆ خۆت ناخەویت؟

**ئەستن:** من جارێ خەریکی چاکردنەوەی ئەم پلاکە دەبم.

(دەیڤس تەماشایەکی ئەستن دەکات و پاشان لە تەباخی گازەکەش دەڕوانێ.)

**دەیڤس:** ئەرێ... ئەرێ ناتوانیت ئەمە لاببەی، ها؟

**ئەستن:** کەمێک قورسە.

**دەیڤس:** دیارە.

(دەیڤس دەچێتە ناو جێگا. کێش و باڵای خۆی لە سەری تاقی دەکاتەوە.)

خراپ نییە. خراپ نییە. سیسەمێکی باشە. پێم وایە لێرەدا دەخەوم.

**ئەستن:** دەبێت کڵاوێکی باش بۆ ئەو گڵۆپە دروست بکەم. ڕۆشناییەکەی کەمێک لە چاو دەدا.

**دەیڤس:** گوێ مەدە ئەوە، مستەر. گوێ مەدە ئەوە.

(ڕوو وەردەگێڕێ و سەری خۆی دادەپۆشێ.)

(ئەستن دادەنیشێت و خەریکی پلاکەکەیە.)

[ڕووناکییەکە کەم دەبێتەوە. تاریکی.]

[رووناکییەکان پێ دەبن. بەیانییە.]

**ئەستن:** (پانتۆڵەکەی خۆی توند دەکاتەوە، لە تەنیشت سیسەمەکەوە ڕاوەستاوە. پێخەفەکەی چاک دەکا. با دەداتەوە و دەچێ بۆ ناوەڕاستی ژوورەکەی و لە دەیڤس دەڕوانێ. بادەداتەوە، چاکەتەکەی لەبەر دەکات، پێچ دەکاتەوە و بەرەو لای دەیڤس دەڕوات و لێی دەڕوانێت.)

(دەکۆخێ. دەیڤس لە پڕ هەڵدەستێ.)

**دەیڤس:** چی؟ چی بووە؟ چی بووە؟

**ئەستن:** هیچ نییە.

**دەیڤس:** (تەماشا دەکات) چی بووە؟

(دەیڤس لەملاولا دەڕوانێ.)

ئۆ، ئەرێ.

(ئەستن دەچێ بۆ لای سیسەمەکەی، پلاکەکە هەڵدەگرێت و ڕایدەوەشێنێ.)

**ئەستن:** باش خەوتی؟

**دەیڤس:** ئەرێ. خەوی مەرگم بوو. دەبێت بورابێتمەوە.

**ئەستن:** (بەرەو خوارەوە بۆ لای دەستەڕاست دەڕوات، نانبرژێنەرەکە هەڵدەگرێ و لێی وردەبێتەوە.)

**ئەستن:** تۆ... هێن...

**دەیڤس:** ها؟

**ئەستن:** خەونت بە شتێکەوە دەبینی یان...



**دەیڤس:** خەون بینین؟

**ئەستن:** ئا.

**دەیڤس:** من خەون نابینم. هەرگیز خەونم نەبینیوە.

**ئەستن:** نا، منیش نابینم.

**دەیڤس:** منیش نا.

[وچان]

ئەی کەوایە بۆ لێم دەپرسی؟

**ئەستن:** لە خەودا دەنگە دەنگت بوو.

**دەیڤس:** کێ؟

**ئەستن:** تۆ.

(دەیڤس لە پێخەفەکەی دێتە دەر. پانتۆڵی ژێرەوەی درێژی لەبەردایە.)

**دەیڤس:** ئادەی، خولەکێک بوەستە. خولەکێک بوەستە. مەبەستت چییە؟

**ئەستن:** بە دەم خەوەوە دەتناڵاند. هەر دەتدا بە یەکدا.

**دەیڤس:** دەمدا بە یەکدا؟ من؟

**ئەستن:** ئا.

**دەیڤس:** من نایدەم بەیەکدا، ئەی پیاو. کەس لەوە پیش شتی وای پێ نەگوتوم.

[وچان]

**ئەستن:** نازانم.

**دەیڤس:** مەبەستم ئەوەیە، سوودی چییە؟

[وچان]

کەس لەوەبەر شتی وای پێ نەگوتووم.

[وچان]

خۆت لە پیاوێکی هەڵە هەڵدەسویت، هاوڕێ.

**ئەستن:** (بە نانبرژێنەرەکەوە ڕووەو لای سیسەمەکەی دەڕوات) نا، تۆ خەبەرت کردمەوە. گوتم ڕەنگە خەون ببینی.

**دەیڤس:** خەونم نەدەبینی. لە هەموو ژیانمدا خەونم نەبینیوە.

[وچان]

**ئەستن:** ڕەنگە خەتای جێگاکە بێ.

**دەیڤس:** ئەو جێگایە هیچ عەیبێکی نییە.

**ئەستن:** ڕەنگە کەمێک نائاشنا بێ.

**دەیڤس:** هیچ شتێک بۆ من نائاشنا نییە، سەبارەت بە جێگا. من لە ناو پێخەفاندا خەوتووم. دەنگەدەنگ و ناڵەم نایە هەر لەبەرئەوەی لە پێخەفێکدا ڕاکشاوم. لە زۆر پێخەفدا خەوتووم.

[وچان]

پێت دەڵێم چی بووە، ڕەنگە ئەو ڕەشانە بوو بن.

**ئەستن:** چی؟

**دەیڤس:** دەنگەکان.

**ئەستن:** کام ڕەشانە؟

**دەیڤس:** ئەو ڕەشانەی خۆت. دەراوسێکانت. ڕەنگە ئەو ڕەشانە بووبن



دەنگە دەنگیان کردبێ، دەنگەکە لە دیوارەکانەوە هاتوونەتە ژوور.

**ئەستن:** ئممممم.

**دەیڤس:** ئەوە بۆچوونی منە.

**ئەستن:** (پلاکەکە دادەنێ و دەچێ بۆ لای دەرگاکە.)

بۆ کوێ دەڕۆیت، بۆ دەرێ؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** (دەمپاییەکان هەڵدەگرێ) خولەکێک ڕاوەستە، هەر خولەکێک.

**ئەستن:** چی دەکەیت؟

**دەیڤس:** (دەمپاییەکان لە پێ دەکات) باشتر وایە لەگەڵتدا بچمە دەر.

**ئەستن:** بۆ؟

**دەیڤس:** مەبەستم ئەوەیە، باشتر وایە لەگەڵ تۆدا بچمە دەر، ئیتر.

**ئەستن:** بۆ؟

**دەیڤس:** باشە، ناتەوێت بڕۆمە دەر؟

**ئەستن:** بۆ بمەوێ؟

**دەیڤس:** مەبەستم ئەوەیە... کاتێک کە تۆ لە دەرەوە بی. ئایا ناتەوێ منیش لە دەرەوە بم... کاتێک کە تۆ لە دەرەوە بیت؟

**ئەستن:** پێویست ناکا تۆ لە دەرەوە بیت.

**دەیڤس:** مەبەستت ئەوەیە... کە دەتوانم هەر لێرە بم؟

**ئەستن:** ئەوە بکە کە پێت خۆشە. پێویست ناکات بێیتە دەر تەیها

لەبەرئەوەی من دەچمە دەر.

**دەیڤس:** گوێ نادەیتێ کە من لێرەم.

**ئەستن:** دوو دانە کلیلم هەیە.

(دەچێت بۆ لای سندووقێک لای سیسەمەکەی و دەیدۆزێتەوە.)

(ئەم دەرگایە و دەرگاکەی دەرەوە.)

(هەردووکیان دەدا بە دەیڤس.)

**دەیڤس:** زۆر سوپاس. بەرخوردار بیت.

[وچان] (ئەستن دەوەستێ.)

**ئەستن:** پێموایە بە جادەکەدا سەربەرەوخوار کەوەریی دەیجنم. دووکانێکی... بچووک هەیە. ئەو ڕۆژە مشارێکی پێچیی لێ بوو. بە تەواوی حەزم لە شێوەکەی بوو.

**دەیڤس:** مشارێکی پێچیی، هاورێ؟

**ئەستن:** ئەرێ، دەتوانێت زۆر بە سوود بێت.

**دەیڤس:** ڕاستە.

[کەمێک وچان]

ئەو شتە چییە، چییە بە تەواوی؟

(ئەستن دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە و لە دەرەوە دەڕوانێ.)

**ئەستن:** مشاری پێچی؟ ببینە، شتێکە لە خانەوادەی مشاری بڕەر. بەڵام ئەم ئامێرێکە کە دەبێ لەسەر درێلێکی بگوێز دایبەستی.

**دەیڤس:** ئۆی، ئەرێ ڕاستە. ئەوە هەر زۆر حازر بەدەست دەبێ.

**ئەستن:** ئەرێ، وایە.



[وچان]

دەزانی، ئەو ڕۆژە لە چایخانەیەک دانیشتبووم. بە ڕێککەوت لەسەر هەمان مێز دانیشتبووم کە ئەو ژنەی لێ بوو. ئێ، دەستمان کرد... دەستمان کرد بە هەندێک قسە. نازانم... سەبارەت بە وچانگای ئەو، ئەو شوێنەی کە وچانی لێ دابوو. شوێنێک لە ڕۆخی باشوور بوو، بەڵام بیرم نایەت لە کوێ. بە هەرحاڵ، هەردووکمان هەر دانیشتبووین و مەشغووڵی ئەو تۆزە دەمەتەقێیە بووین... و لە پڕێکدا دەستی هێنا و خستییە سەر دەستم... و پێی گوتم، پێت چۆنە سەیرێکی لەشت بکەم؟

**دەیڤس:** دە واز بهێنە.

[وچان]

**ئەستن:** هەر ئاوا لە ناوەڕاستی قسەی ئاوادا شتی وا گوتن. کەمێک بە لامەوە سەیر بوو.

**دەیڤس:** شتی وایان بە منیش گوتوە.

**ئەستن:** گووتویانە؟

**دەیڤس:** ژنان؟ زۆر جاران هاتوون بۆ لام و کەموزۆر هەر هەمان شتیان لێ پرسیوم.

[وچان]

**ئەستن:** گوتت ناوت چی بوو؟

**دەیڤس:** بێرناند جێنکینس ناوە ناڕاستەکەمە.

**ئەستن:** نا، ناوەکەی ترش؟

**دەیڤس:** دەیڤس. ماک دەیڤس.

**ئەستن:** ویڵشیت، ئایا وایە؟

**دەیڤس:** ها؟

**ئەستن:** ئایا ویڵشیت؟

[وچان]

**دەیڤس:** ها، من، دەزانیت، کە جێگا زۆر ڕۆیشتووم... مەبەستم ئەوەیە... لە زۆر شوێن...

**ئەستن:** دەی لە کام شوێنانە بووی؟

**دەیڤس:** (بە دەنگی گیراوەوە) مەبەستت چییە؟

**ئەستن:** لە کوێ لە دایکبوویت؟

**دەیڤس:** من لە... ئۆ.. لە هین... کەمێک گرانە. وەکو، ئاوا کە بتوانی وەبیرت بێتەوە... خۆ دەزانیت مەبەستم چییە... کەمێک... شوێن پێیەکەت لە دەست دەدەیت... دەزانی...

**ئەستن:** (دەڕوات بۆ ئەوەی فوو لە کوورەکە بکا) ئەم پلاکە دەبینیت؟ ئا لێرەوە بای بدە، ئەگەر پێت خۆشە. ئەم ئاگرە بچووکە.

**دەیڤس:** باشە، مستەر.

**ئەستن:** هەر ئا لێرا پلاکەی پێدا بکە.

**دەیڤس:** باشە، مستەر.

(ئەستن بەرەو لای دەرگاکە دەڕوا.)

(بەنیگەرانییەوە) چی بکەم؟

**ئەستن:** هەر خولێکی پێ بدە و دای بگیرسێنە، هەر ئەوەندە. ئاگرەکە خۆی پێ دەبێ.



**دەیڤس:** دەزانی چی، هەر وازی لێ دێنم.

**ئەستن:** کەیفی خۆتە.

**دەیڤس:** نا، من زۆر کارم بەو جۆرە شتانەوە نییە.

**ئەستن:** دەبێت کار بکات. (پێچ دەکاتەوە) وایە.

**دەیڤس:** ئا، دەمویست لێت بپرسم، مستەر، ئەی ئەم تەباخە؟ مەبەستم ئەوەیە، پێت وایە ئەمە هیچ گاز دەدەڵێنێ... پێت وایە؟

**ئەستن:** نەبەستراوە.

**دەیڤس:** دەزانیت، گرفتەکە ئەوەیە، کە دروست بەسەر جێگاکەی منەوەیە، دەیبینیت؟ دەبێت چاوم لە تەماسی... ئەو شیلانی گازانە بێ، نەکا بە ئانیشک لێی دەم کاتێک کە لە خەو هەڵدەستم، تێ دەگەیت دەڵێم چی؟

دەچێ بۆ ئەو سەری تەباخەکە و لێی ورد دەبێتەوە.

**ئەستن:** هیچ نییە گوێی بدەیتێ.

**دەیڤس:** ببینە، ئێستا گوێ بگرە، تۆ گوێ مەدە ئەوە. هەر ئەوەندە دەکەم کە جار جار چاوێکم دەخەمە سەر ئەو شیلانی گازانە، دەزانیت، دەبینیت هەموو گیراونەتەوە. وازیان لێ بێنە بۆ خۆم.

**ئەستن:** پێم وانییە کە....

**دەیڤس:** (دەچێتە ئەو لاوە) ئێ، مستەر، هەر یەک شت... ئێ... ناتوانێت یەک دوو فلسم (پێنیم) بدەیتێ، بۆ کوپێک چایی، هەر ئەوەندە، دەزانی؟

**ئەستن:** خۆ دوێ شەو چەند فلسێکم (پێنیەکم) دایتێ.

**دەیڤس:** ئێ، ئا داتمێ. داتمێ. لە بیرم چوو. تەواو لە بیرم چووبوو. ڕاستە. سوپاس، مستەر. گوێ بگرە، ئێستا تۆ دڵنیایت، تۆ دڵنیایت کە گوێ نادەیتێ لێرە بمێنمەوە؟ مەبەستم ئەوەیە، من کەسێک نیم کە بە ئارەزووی خۆم پێی لێ ڕابکێشم.

**ئەستن:** نەخێر. مانەوەت ئاساییە.

**دەیڤس:** ڕەنگە پاشان لە درەنگانێکی ڕۆژدا بڕۆمە خوار بۆ وێمبڵێ.

**ئەستن:** ئێ. ئێ.

**دەیڤس:** لەوێ چایخانەیەک هەیە، دەبینی، ڕەنگە بتوانم شتێک بۆ خۆم بدۆزمەوە. دەزانی، لەوێ بووم؟ دەزانم کەمێک بێ یارمەتی بوون. دەشێت پێویستیان بە تۆزێک یارمەتی بێت.

**ئەستن:** ئەمە کەی بوو.

**دەیڤس:** ها؟ ئۆ، ئەوە... نێزیکەی... ئەوە چەند دەبێت... ئەوە قەدەرێک لەوە پێشتر بوو. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە، ئەوەیە کە ئەو شوێنانە کەسانی دروستیان بۆ پەیدا نابێ. ئەو شوێنانە هەوڵ دەدەن، هەوڵ دەدەن لەو غەریبانە ڕزگاریان بێ. دەزانیت، لە ڕێستورانەکاندا. حەز دەکەن ئینلیزێک چایەکەیان بۆ تێ بکات، ئەوەیان دەوێ، ئا بۆ ئەوە هاواریانە. خۆ ئەوە ئاساییە، مەگەر وا نییە؟ ئا بەوەوە خەریکم... بەوەوە، ئۆهـ... خەریکی ئەوە دەبم.

[وچان]

هەر ئەوەندەی بگەیشتمایەتە ئەوێ.

**ئەستن:** ئمممممممممممم



(ئەستن بەرەو لای دەرگاکە دەڕوا.)

باشە، کەواتە پاشان دەتبینم.

**دەیڤس:** ئەرێ، چاکە.

**ئەستن:** (دەڕواتە دەر و دەرگاکە پێوە دەدا.)

**دەیڤس:** بە بێدەنگیی ڕادەوەستێت. چەند چرکەیەک چاوەڕێ دەکات، پاشان دەچێت بۆ لای دەرگاکە، دەیکاتەوە، و لە دەرەوە دەڕوانێ، دای دەخا. پشت لە دەرگاکە دەوەستێ، بە خێرایی ئاوڕ دەداتەوە، دەیکاتەوە، سەیری دەرەوە دەکات، دێتەوە شوێنی خۆی، دەرگاکە دادەخاتەوە، کلیلەکانی گیرفانی خۆی دەدۆزێتەوە، یەکێکیان تاقی دەکاتەوە، ئەوی تریشیان تاقی دەکاتەوە، دەرگاکە دادەخا. سەیرێکی ژوورەکە دەکا. ئەوجا بە خێرایی دەچێت بۆ لای سیسەمەکەی ئەستن، دەچەمێتەوە، جووتێک کەوش دەردەهێنێ و تاقییان دەکاتەوە.)

جووتێک پێڵاوی خراپ نین. کەمێک نووکتیژن.

(جووتە کەوشەکە دەخاتەوە ژێر سیسەمەکە. لە دەوروبەری سیسەمەکەی ئەستن: دەڕوانێ. گوڵدانێک هەڵدەگرێ و لێی ورد دەبێتەوە، و پاشان سنووقێک هەڵدەگرێت و ڕای دەوەشێنێت. لە ژوورەکەدا دەست دەکا بە گەڕان بە دوای شتدا.)

پێچ و مۆر!

(لە سەروو سیسەمەکەوە سەتڵە بۆیە دەبینێ، دەچێ بۆ لایان و لێیان دەڕوانێ.)

بۆیە. بە تەمایە چی ڕەنگ بکات؟

(سەتڵەکە دادەنێ، دەچێ بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە، لە سەتڵەکە دەڕوانێ و دەمی خۆی خوار دەکاتەوە.)

دەبێت ئەمەم بۆ روون بێتەوە.

(دەچێ بۆ لای ڕاست و چرایەک هەڵدەگرێ.)

هەندێک شتومەکی هەیە

(بووداکە هەڵدەگرێت و سەیرێکی دەکا.)

پڕە لە شت. سەیری ئەمەیان بکە.

(چاوی دەکەوێتە سەر کۆمەڵێک کاخەز.)

ئەم هەموو کاخەزەی بۆ چییە؟ ئەم هەموو کاخەزە قۆڕە.

(دەچێ بۆ لای بەستەیەکیان. بەستەکە دەبزوێ و ئەمیش ڕاستیان دەکاتەوە.)

بوەستە، بوەستە!

بەستەکە دەوەستێنێ و پاڵ بە کاخەزەکانەوە دەنێتەوە بۆ شوێنی خۆیان.

[دەرگاکە دەکرێتەوە.]

**مایک:** (دێتە ژوور، کلیلەکە دەخاتە گیرفانی خۆی، بە بێدەنگی دەرگاکە پێوە دەدات. لە لای دەرگاکە دەوەستێت و لە دەیڤس دەڕوانێ.)

ئەم هەموو کاخەزەی بۆ چییە؟

**دەیڤس:** (بە فەرشەکەدا هەڵدەگەڕێت بۆ لای ساکە شینەکە.)

خۆ لێرە سەرچەف و سەرینی هەیە.



(ساکەکە دەکاتەوە.)

هیچ.

(ساکەکە دادەخاتەوە.)

(هەرچۆنێک بێت خەوتووم. من غەڵبەغەڵب ناکەم.

(لە دەرگاکە دەڕوانێ.)

ئەمە چییە؟

(ساکێکی تر هەڵدەگرێ و هەوڵ دەدا بیکاتەوە. مایک: دەچێتە سەر.)

[بێدەنگی]

داخراوە.

(دای دەنێ و دێتە خوار.)

دەبێت شتێکی تێدا بێت.

(کەشەفێک هەڵدەگرێت، لە شتەکان دەڕوانێ و پاشان دای دەنێتەوە.)

**مایک:** بە خشکەیی دەچێت بۆ ئەو سەری ژوورەکە.

**دەیڤس:** (نیوە ئاوڕێک دەداتەوە. مایک هەردوو باڵی دەگرێ و دەیبات بۆ پشتەوە. دەیڤس هاوار دەکا.)

ئۆه! ئۆه! ئۆه! چی! چی! ئۆه!

(مایک بە خێرایی دەدیدا بە زەویدا، دەیڤس دەیەوێت دەست بکاتەوە، دەم بادەدات، دەنوزێنێ و واقی وڕماوە.)

(مایک دەستی هەڵ دەگرێ، دەستەکەی تری دەخاتە سەر

دەمی، و پاشان دەست دەخاتە سەر دەمی دەیڤس. دەیڤس واز دەهێنێ. مایک وازی لێ دەهێنێت بڕوات. دەیڤس بەخۆیدا دەشکێتەوە. مایک پەنجەیەکی ئاگادارکردنەوەی لێ بەرز دەکاتەوە. پاشان دەچێتە سەر چۆکان و لە دەیڤس دەڕوانێ، لێی ورد دەبێتەوە، پاشان هەڵدەستێت و لە سەرەوە تێی دەڕووانێت. دەیڤس باڵی خۆی دەشێلێ، سەیری مایک دەکات. مایک لەسەرخۆ با دەداتەوە تا لە ژوورەکە بڕوانێ. دەچێت بۆ جێ پێخەفەکەی دەیڤس و بەتانییەکەی لەسەر لا دەبات و سەیری دەکا . ئاوڕ دەداتەوە، دەچێت بۆ لای کەوانتەری جلوبەرگەکە و پانتۆڵەکەی دەیڤسی لەسەر لادەبات و دەیگرێ بە دەستیەوە. دەیڤس هەڵدەستێتەوە. مایک بە لاق و پێ دای دەنیشێنێتەوە و لەسەری ڕادەوەستێ.)

پاش ماوەیەک لاقی لەسەر لا دەبات. لە پانتۆڵەکە دەڕوانێ و بە فڕێدانەوە هەڵی دەدا بۆ دەیڤس. دەیڤس هەر لەسەر زەویەکە دەمێنێتەوە، ئەژنۆ لەسەر زەوی. مایک لەسەر خۆ دەچێت بۆ لای کورسییەکە، دادەنیشێ، و لە دەیڤس دەڕوانێ، ڕوخساری دەربڕینی تێدا نییە.

[بێدەنگی.]

**مایک:** ئەم گەمەیەمان چییە؟

[پەردە دادەدرێتەوە.]



## پەردەی دوو

[چەند چرکەیەک دوای ئەوە.]

[مایک دانیشتووە، دەیڤس لەسەر ئەردەکەیە، نیوە دانیشتووە.]

[چوارمشقی.]

[بێدەنگی]

**مایک:** ئێ؟

**دەیڤس:** هیچ، هیچ. هیچ.

دەنگی ترپەی درۆپەکردن دێ کە دەکەوێتە ناو سەتڵەکەوە بەو سەرەوە. هەردووکیان سەربەرز دەکەنەوە و لێی دەڕوانن. مایک لە دەیڤس دەڕوانێتەوە.

**مایک:** ناوت چییە؟

**دەیڤس:** ناتناسام. نازانام تۆ کێیت.

[وچان]

**مایک:** ها؟

**دەیڤس:** جێنکینس.

**مایک:** جێنکینس؟

**دەیڤس:** بەڵێ

**مایک:** جێن...کینس.

[وچان]

دوێنێ شەو لێرە نووستووی؟

**دەیڤس:** بەڵێ.

**مایک:** باش نووستی؟

**دەیڤس:** بەڵێ.

**مایک:** هەر زۆر خۆشحاڵم. زۆر دڵخۆشم بە ناسینی.

[وچان]

گوتت ناوت چییە؟

**دەیڤس:** جێنکینس.

**مایک:** ببوورە؟

**دەیڤس:** جێنکینس!

[وچان]

**مایک:** جێن... کینس.

(دەنگی ترپەیەک دێت بۆ ناو سەتڵەکە. دەیڤس سەر هەڵدەبڕێ.)

تۆ برای مێردی پوورم بیر دەخەیتەوە. ئەو کابرایەش هەمیشە لە بزووانندا بوو. هەرگیز پەساپۆرتی دا نەدەنا. لەگەڵ کچان چاوباز بوو. زۆر بالای لە تۆ دەکا. کەمێک وەرزشەوانە. پسپۆڕی بازی درێژە. خووی بەوەوە گرتبوو کە لە کاتی کریستمسدا لە ژووری ڕەسمکردنەکەدا هەڵ بێ. شێتی بادام بوو. ئەرێ، شێتی بادام بوو. هەر بادام و بادام. هەرگیز حەزی



پێیان نەدەشکا. بادام، گوێز، بادامی برازیلی، چوالەبادام هەرگیز قامکی لە کێکی میوە نەدەدا. کاتژمێرێکی کاتگری ئەنتیکەی هەبوو. لە هۆنگ کۆنگ هێنا بووی. هەر ئەو ڕۆژەی کە لە سەلڤەیشن ئارمی ئیزنیان دابوو. بە زۆری لە بێکنهام ڕێسیرڤسدا چوارەم بوو. ئەوە پێش ئەو وەختە بوو کە مەدالیا زێڕەکەی وەربگرێ. هەمیشە وێڵۆنەکەی بە کۆڵیدا دەدا. وەک بەچکە هیندیی سوورپێست. پێم وایە کەمێک ڕۆحی هیندیی سوورپێستی تێدا بوو. ڕاستییەکەیت پێ بڵێم هەرگیز تێنەگەیشتووم کە ئەو چۆن بووە بە برای مێردی پوورم. هەمیشە پێم وابوو کە دەبێ ئەو مێردی پوورم بێ. مەبەستم ئەوەیە کە مێردی پوورم برای ئەو بووایە و ئەویش مێردی پوورم. بەڵام هیچ کاتێک بە مام بانگم نەکردووە. لە ڕاستیدا بە سید بانگم دەکرد. دایکیشم هەر سیدی پێ دەگوت. شتێکی سەیر بوو. هەر تەواو کۆپیی تۆ بوو. بوو بە هاوسەری چینییەک و چوو بۆ جامایکا.

[وچان]

هیوادارم دوێ شەو باش خەوتبی.

**دەیڤس:** گوێ بگرە! من نازانم تۆ کێیت!

**مایک:** لە کام پێخەفەیاندا خەوتیت؟

**دەیڤس:** ببینە...

**مایک:** ها؟

**دەیڤس:** ئەو دانەیە.

**مایک:** ئەوەکەی تریان نا؟

**دەیڤس:** نا.

**مایک:** چاکە.

[وچان]

ژوورەکەی منت پێ چۆنە؟

**دەیڤس:** ژووری تۆ؟

**مایک:** ئەرێ.

**دەیڤس:** ئەوە ژووری تۆ نییە. نازانم تۆ کێیت. من هەرگیز لەوەبەر نەمبینیوویت.

**مایک:** دەزانیت، بڕوا دەکەیت یان نا. تۆ هەر دەچیتەوە سەر کەسێک کە کاتی خۆی لە شۆرەدیتچ دەمناسی. لە ڕاستیدا لە ئاڵدگەیت دەژیا. ئەو کاتە من لە لای ئامۆزایەکم لە شاری کامدن دەژیام. ئەو کابرایە بە زۆریی لە پارکی فینسبەری یاریی بە تۆپێک دەکرد، هەر نێزیکی وێستگای ئۆتۆبووسەکە. کاتێک کە ناسیم بۆم دەرکەوت کە لە شاری پوتنەی گەورە بووە. ئەوەش هیچ بە لای منەوە گرینگ نەبوو. چەند کەسێک دەناسم کە لە پوتنەی گەورە بوون. ئەگەر لە پوتنەی لەدایک نەبووبن ئەوا لە فولەهام لەدایکبوو بوون. تەنیا ناخۆشییەک ئەوە بوو کە ئەو لە پوتنەی لەدایک نەبووبوو، ئەو لە پوتنەی گەورە بووبوو. دوایی دەرکەوت کە کابرا لە کالەدونیان ڕۆد لەدایک بووبوو، تۆزێک پێش ئەوەی بگەیتە نەگس هێد. دایکی هێشتا لە ئەنجڵ دەژیا. هەموو ئۆتووبەسەکان دروست بە بەردەم دەرگاکەیدا دەڕۆیشتن.



دایکی دەیتوانی سوار ئۆتوبوسی ژمارە ٨٣، ١٨٥، ٣٠ یان ٨٣ ببێ، بەرەو خوار لە چاوترووکاندنێکدا بگاتە ڕۆد ئیسێکس لە چوارڕای داڵسۆن. ئەڵبەت بێگومان ئەگەر سواری ژمارە ٣٠ بووایە ئەوا بەرەو جادەی ئەپەر (ژووروو)ـی دەبرد، بە دەوری کۆرنەری هایبەریدا و بەرەوخوار ڕووەو کڵێسای سەینت پاوڵ، بەڵام دروست هەر دەگەیشتە چوارڕای داڵسۆن. بەزۆری کاتێک کە دەچووم بۆ کار پاسکیلەکەمم لە باخچەکەی ئەودا جێ دەهێشت. ئەرێ شتێکی سەرنجڕاکێش بوو. بەڵێ، هەر کۆپیەی تۆ بوو. لووتی کەمێک لە لووتی تۆ گەورەتر بوو، زیاتر نا_.

[وچان]

ئایا دوێ شەو لێرە نووستیت؟

**دەیڤس:** بەڵێ.

**مایک:** باش نووستیت؟

**دەیڤس:** ئەرێ!

**مایک:** ناچار بوویت بە شەو خەبەرت بێتەوە؟

**دەیڤس:** نا.

[وچان]

**مایک:** ناوت چییە؟

**دەیڤس:** (خۆ دەجووڵێنێ، خەریکە هەڵدەسێ) سەیر بکە!

**مایک:** چی؟

**دەیڤس:** جێنکینس!

**مایک:** جێن...کینس.

**دەیڤس:** (بەپەلە دەجوولێ تا هەڵسێ. سەرینێکی توند هەڵدراو دای دەنیشێنێتەوە.)

[هاوارێک.]

دوێشەو لێرە خەوتیت؟

**دەیڤس:** بەڵێ...

**مایک:** (بە هەمان شێواز بەردەوامە) چۆن نووستیت؟

**دەیڤس:** من نووس

**مایک:** باش نووستیت؟

**دەیڤس:** سەیر بکە.

**مایک:** کام پێخەفەیان؟

**دەیڤس:** ئەوە.

**مایک:** ئەوەکەی دیکەیان نا؟

**دەیڤس:** نا!

**مایک:** کەم داوا نیت.

[وچان]

(لەسەرەخۆ) کەم داوا نیت!

[وچان]

(جارێکی تر هاوڕێیانە) چ خەوێک لە ناو ئەو پێخەفەدا خەوتیت؟

**دەیڤس:** (بۆکس بە زەویەکەدا دەکێشێت) بەسە!



**مایک:** تیایدا نارەحەت نەبوویت؟

**دەیڤس:** (بە دەم ناڵەوە) بەسە!

**مایک:** دەوەستێت، و بەرەو ڕووی دەڕوا.

**مایک:** تۆ بیانییت؟

**دەیڤس:** نا.

**مایک:** لە دوورگەکانی بەریتانیادا لەدایکبوویت و گەورەبوویت؟

**دەیڤس:** بەڵێ!

**مایک:** چییان فێر کردوویت؟

[وچان]

سیسەمەکەی منت پێ خۆش بوو؟

[وچان]

ئەوە تەختخەوی منە. ناترسی کە تووشی سەرماخوردەگی بیت؟

**دەیڤس:** لە تەختی خەوەکە؟

**مایک:** نا، ئێستا، قوونت بڵند بکە.

(دەیڤس بە گومانەوە لە مایک دەڕوانێ، کە خەریکە ئاوەڕ بداتەوە.) (دەیڤس خۆی دەبزوێنێ بۆ لای کەوانتەری جلهەڵواسینەکە و پانتۆڵەکەی خۆی دەبا. مایک بە خێرایی ئاوەڕ دەداتەوە و پانتۆڵەکەی لە دەست دەردەهێنێت. دەیڤس دەستیان بۆ دەهێنێت. مایک دەستێکی بە هەڕەشەوە دەبزوینێ.)

بە تەمای لێرە دای بکوتیت؟

**دەیڤس:** پانتۆڵەکەم بدەوە.

**مایک:** بە تەمای زۆر لێرە بمێنیتەوە؟

**دەیڤس:** پانتۆڵە خوداگرتووەکانم بدەوە!

**مایک:** بۆ، مەگەر بۆ کوێ دەچیت؟

**دەیڤس:** بمدەیێ و دەڕۆم. دەچم بۆ سایدکەپ!

**مایک:** (چەند جارێک پانتۆڵەکە لە دەموچاوی دەیڤس دەخشێنێ.)

**دەیڤس:** (پاشەکشە دەکات.)

[وچان]

**مایک:** دەزانی، تۆ کابرایەکم وەبیر دەهێنیتەوە کە جارێک تێم سرەواند. هەر دروست لەوبەری گوڵفۆرد لە...

**دەیڤس:** منیان هێناوە بۆ ئێرە!

[وچان]

**مایک:** ببوورە؟

**دەیڤس:** منیان هێناوە بۆ ئێرە! منیان هێناوە بۆ ئێرە!

**مایک:** هێناویانیت بۆ ئێرە؟ کێ تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

**دەیڤس:** ئەو پیاوە کە لێرە دەژی... ئەو...

[وچان]

**مایک:** درۆ.

**دەیڤس:** هێنایانم بۆ ئێرە، دوێنێ شەو... لە قاوەخانەیەک بینیم... کارم دەکرد... گوللەیەکم بەر کەوت... لەوێ کارم دەکرد... هێن،



ئەو پیاوە... لە لێدانێکی باش ڕزگاری کردم، هێنامی بۆ ئێرە، تا ئێرە هێنامی.

[وچان]

**مایک:** پێم وایە ئێوە بە درۆزنی لەدایکبوون، وا نییە؟ ئێوە ئێستا لەگەڵ خاوەنی ئێرە دەدوێن. ئەمە ژووری منە. تۆ ئێستا لە ناو ماڵی مندایت.

**دەیڤس:** ئەمە هی ئەوە... ئەو ئاگای لە من بووە... ئەو...

**مایک:** (ئاماژە بە سیسەمەکەی دەیڤس دەکات) ئەوە تەختخەوی منە.

**دەیڤس:** ئەدی ئەی ئەوەکەی تر؟

**مایک:** ئەوە تەختخەوی دایکمە.

**دەیڤس:** بەڵام دوێ شەو دایکتی تێدا نەبوو!

**مایک:** (لێی دەچێتە پێشێ) ئەها، کورە، نەکەی، زەوق نەتگرێ، زەوق نەتگرێ، خۆ لە دایکی پیرم وەدوور بگرە.

**دەیڤس:** من نەم...، من نەمب....

**مایک:** لە قاڵبی خۆت نەچیتە دەر، هاوڕێ، پێی خۆت ڕامەکێشە و مەکەوە باسی دایەی پیرم، کەمێک ڕێزی خۆت بگرە.

**دەیڤس:** ڕێزی خۆم دەگرم، کەست دەست ناکەوێ لە من زیاتر ڕێزی خۆی بگرێ.

**مایک:** باشە، کەوایە واز لەم هەموو درۆیە بهێنە.

**دەیڤس:** ئێستا تۆ گوێم لێ بگرە، خۆ من هەرگیز لەوەبەر نەمدیویت، بینیومیت؟

**مایک:** خۆ هەرگیز دایکیشمت لەوەبەر نەدیوە، بە هەرحاڵ پێ موایە؟

[وچان]

پێم وایە بەرێوەم بگەمە سەرئەنجامێک کە تۆ کۆنە نابەرێزێکیت. زیاتر لە پیاوکی خوێڕی و بوودەڵە هیچی دیکە نیت.

**دەیڤس:** ئەرێ کاکە سەبر...

**مایک:** گوێ بگرە کورە، گوێ بگرە ڕۆڵە، تۆ بۆگەنت دێت.

**دەیڤس:** تۆ هیچ مافێکت نییە کە.

**مایک:** تۆ هەر بۆگەنت بەرداوەتە ئەم ناوە. تۆ کۆنە دزیت، تازە ناتوانیت لێی ڕزگار بیت. تۆ پیرێکی بێ دەربەستیت. تۆ شایستەی شوێن و جێگای باشی وەک ئەمە نیت. تۆ کۆنە بەڕبەرییەکیت. بە ڕاستی. تۆ هیچ مافێکت نییە و ئەوە کاری تۆ نییە کە بێیت و لە ناو ئەپارتمانێکی بێ ئەساسدا بێیت و بچیت. ئەگەر بمەوێت دەمتوانی حەوت دانە کوید (دینار) لە هەفتەیەکدا بە کرێی ئەمە وەربگرم. سبەی سەرایدارێک پەیدا دەکەم. ساڵی سێسەد و پەنجا کوید. هیچ قسەی پێ ناوێ. مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر پارەی ئاوا لەو شێوەیەت پێ هەڵدەسووڕێت و لە گیرفانتدایە ئەوا فەرموو بیلێ. فەرموو دەی. ئەساس و شتومەک، چوارسەد کویدم دەوێت یان شتێک لەو بابەتە. یاخود هەر وەرزەی نەوەد کوید. ئەوجا ئاو و گەرمی و ڕووناکی بە پەنجا کوید. بە هەمووی بۆ تۆ دەکاتە هەشتسەد و پەنجا ئەگەر شتی وات پێ هەڵدەسووڕێت. هەر دەم بکەرەوە



و یەک وشە بڵێ و بە وەکیلەکەم بڵێ هەر ئێستا گورج دەستبەجێ کۆنتراکتێکت بۆ بنووسێ. دەنا پیکئاپەکەم ئا لەو بەردەرگایە ڕاگرتووە، دەتوانم بە فڕکانێک بتبەم بۆ پۆلیسخانە و لەسەر خۆبەژووورداکردنی نابەجێ، هەوڵی کاری خراپ بە پلان، دزیکردن بە ڕۆژی ڕووناک، ماشینەوە، دزی و بۆگەنکردنی ئەم شوێنە. چی دەڵێیت؟ مەگەر هەر بە ڕاستی لەسەر بەکرێگرتن سوور بیت. بێگومان، براکەم دەهێنم و پێی دەڵێم کە لە پێشدا سەروخوار بۆت دیکۆر بکا. برایەکم هەیە لە دیکۆرکردندا یەکەمە. ئەو بۆت دیکۆر دەکات. ئەگەر شوێنێکی گەورەترت دەوێ ئەوا نێزیک بە پلیکانەکان چوار ژوور هەن هەر ئەوەندەیە بچیتە ناویان. گەرماوێک، هۆڵێکی دانیشتن، ژوورێکی نووستن و یەکێکی منداڵیش. ئەمەیان بکە بە ژووری خۆت بۆ خوێندنەوە. ئەو برایەم کە بۆم باسکردیت، ماوەیەکی تر بە تەمایە کار لەسەر ژوورەکانی تر بکا. ئەرێ، هەر ڕۆژێک دەست پێ بکات دەیکا. دەی، چی دەڵێیت؟ هەشتسەدی ڕێک بۆ ئەم ژوورە و یان سێ هەزار بۆ هەر هەموو قاتی سەرێ. وەکو تریش، ئەگەر ئایندەیانە بیر دەکەیتەوە ئەوا کارگایێکی بیمە لە وێست هام دەناسم کە بە خۆشییەوە کارەکانت بۆ جێبەجێ دەکا. خزمەتگوزارییەکی ڕاست و ڕەوان، تۆمارێکی بێ خەوش، بیست لە سەددا سوود، پەنجا لە سەددا پێشدەستی، پارە بە قیستدانەوە، پارە دانەوەی کۆن، خەرجیی منداڵان، بۆنوس و دەستخۆشانە، خاترگرتن بۆ ڕێکوپێکی، شەش مانگ ڕەهن، پشکنینی ساڵانەی ئەو شتانەی کە بابەتی باسن، هەر

دەستوورێک کە هەتبێ، پاشەکەوتی قازانج، بەرفراوانکردنی سوود و قازانج، خەرمانەدانەوە لە کاتی نەتوانینی پارەدانەوەدا، پارێزەیەکی زۆر باش هەیە بۆ کاتی ئاژاوە، بۆ پشێویی ناوخۆ، بۆ تێکهەڵچوونی کرێکاران، ڕەشەبا، تۆفان و هەورەبرووسکە کەوتنەوە، دەست بەسەر ساماندا گرتن یان ڕەشەولاخداریی، ئەمانە هەر هەمووی بابەتی چێک کردن و دووبارە چێک کردنەوەن. بێگومان پێویستمان بە بەڵگەنامەیەکە لەلای خزمەتگوزاریی تەندروستیتەوە کە تێیدا نووسرابێ تۆ توانای بەرزکردنەوە و هەڵگرتنی ئەو سەتڵەت هەیە. ئەی وا نییە؟ چ بانکێکت هەیە؟

[وچان]

دەرگاکە دەکرێتەوە. ئەستن دێتە ژوور. مایک ڕووی وەردەچەرخێنێ و پانتۆڵەکە فڕێ دەداتە خوار. دەیڤس هەڵی دەگرێتە و لە پێی دەکا. ئەستن پاش ئەوەی لە هەردووکیان دەڕوانێت دەچێ بۆ لای سیسەمەکەی، ساکێکی لەسەر دادەنێت کە بە دەستییەوەیەتی، و دادەنیشێ و خەریکی چاککردنەوەی نانبرژێنەرەکە دەبێت. دەیڤس دەچێتەوە بۆ سووچەکەی خۆی. مایک لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ.)

[بێدەنگیی.]

(دەنگی دڵۆپەیەکی تر دێ کە دەکەوێتە ناو سەتڵەکە. هەموویان لێی دەڕوانن.)

[بێدەنگی.]

هێشتا هەر ئەو دڵۆپەیەت ماوە.



**ئەستن:** ئەرێ.

[وچان]

لە بنمیچەکەوە دێتە خوار.

**مایک:** لە بنمیچەکەوە؟

**ئەستن:** ئەرێ.

[وچان]

دەبێت هەڵی بگێڕمەوە.

**مایک:** هەڵی دەگێڕیتەوە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**مایک:** چی؟

**ئەستن:** قڵیشەکان دەگرم.

[وچان]

**مایک:** قڵیشی سەربانەکە پڕ دەکەیتەوە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

[وچان]

**مایک:**

پێت وایە بەوە چاک دەبێت؟

**ئەستن:** جارێ وای لێ دەکەم، با بزانم چۆن دەبێ.

**مایک:** ئۆ.

[وچان]

**دەیڤس:** (لە پڕێکدا) ئەرێ خەریکی چیت؟

هەردووکیان لێی دەڕوانن.

چی دەکەن... کاتێک کە سەتڵەکە پڕ بوو؟

[وچان]

**ئەستن:** بەتاڵی دەکەین.

[وچان]

**مایک:** تۆزێک لەمەوبەر بۆ ئەم هاوڕێیەم باس دەکرد کە تۆ خەریکی دیکۆرکردنی ژوورەکانی تریت.

**ئەستن:** بەڵێ.

[وچان]

(ڕوو دەکاتە ئەستن) جانتاکەتم هێنا.

**دەیڤس:** ئۆ.

دەچێ بۆ لای و دەیهێنێ.

ئۆ، سوپاس گەورەم سوپاس. دایانیتێ، ها؟

(دەیڤس دووبارە بە جانتایەکەیەوە دەچێتەوە شوێنی خۆی.)

**مایک:** (هەڵدەستێ و لێی دەفڕێنێ.)

**مایک:** ئەمە چییە؟

**دەیڤس:** بمدەرەوە، ساکی خۆمە!

**مایک:** (دووری دەخاتەوە) ئەم ساکەم لەوەبەر بینیوە.

**دەیڤس:** جانتای خۆمە!



**مایک:** (لێی دوور دەکەوێتەوە) ئەم ساکەم لا ئاشنایە.

**دەیڤس:** مەبەستت چییە؟

**مایک:** لە کوێت بوو؟

**ئەستن:** (هەڵدەستێ. بە هەردووکیان) تەواوی بکەن.

**دەیڤس:** هی منە.

**مایک:** هی کێیە؟

**دەیڤس:** هی منە! پێی بڵێ هی منە!

**مایک:** ساکی تۆیە؟

**دەیڤس:** بمدەرەوە!

**مایک:** چی؟ چیت بدەمەوە؟

**دەیڤس:** جانتا بەدجنسەم بدەوە!

**مایک:** (دەیخاتە پشت تەباخی گازەکەوە) کامە ساک؟

(ڕوو دەکاتە دەیڤس) چ ساکێک؟

**دەیڤس:** (دەبزووێت) بڕوانە!

**مایک:** (ڕووی تێ دەکا) بۆ کوێ دەڕۆیت؟

**دەیڤس:** دەچم... هینە کۆنەکەم بهێنم...

**مایک:** ئاگات لە لاقی خۆت بێ، کورە! لە دەرگایەک دەدەیت کە کەس لە ماڵ نییە. بەختی خۆت تاقی مەکەوە. دێیت و خۆت دەکەیت بە ماڵی خەڵکدا، دەستت دەنێیتە بان هەر شتێک دەستت بیگاتێ. لەوە زیاتر پێی خۆت ڕامەکێشە، کورە.

**ئەستن:** ساکەکە هەڵدەگرێتەوە.

**دەڤس:** دزی گەواد... دزی بەرەلا...بمدەوە، بمدەرێ...

**ئەستن:** فەرموو.

(ئەستن ساکەکە دەداتە دەست دەڤس.)

(مایک دەیگرێ. ئەستن دەیباتەوە.)

مایک دەیگرێ. دەڤس دەستی بۆ دەبات.

(ئەستن دەیبات. مایک دەیەوێ دەستی بیگاتێ.)

(ئەستن دەیداتە دەست دەڤس. مایک ساکەکە دەیگرێ.)

[وچان]

(ئەستن دەیگرێت. دەڤس وەریدەگرێ. مایک دەیبات. دەڤس دەیەوێ دەستی بیگاتێ. ئەستن دەیبا.)

[وچان]

**ئەستن:** (دەدیدا بە مایک. مایک دەیدات بە دەڤس.)

**دەڤس:** لێی دەستەنێت.

[وچان]

**مایک:** (لە ئەستن دەڕوانێ. دەڤس بە ساکەکەیەوە دوور دەکەوێتەوە.)

(ساکەکەی لێ بەردەبێتەوە.)

[وچان]

(هەردووکیان لێی دەڕووانن. دەڤس ساکەکە هەڵدەگرێتەوە. دەچێتە سەر جێگاکەی خۆی، و دادەنیشێ.)

**ئەستن:** (دەچێتە سەر جێگاکەی خۆی، دادەنیشێ، دەست دەکا بە پێچانەوەی سیغارێک.)



**مایک:** (بە بێدەنگی ڕادەوەستێ.)

[وچان]

دەنگی درۆپەیەکی دیکە بۆ ناو سەتڵەکە دێ. هەموویان لێی دەڕوانن.

[وچان]

چۆن گەیشیتە وێمبڵی؟

**دەڤس:** نەچووم.

[وچان]

نا، نەمتوانی بچم.

**مایک:** دەچێت بۆ لای دەرگاکەوە و دەڕووات.

**ئەستن:** کەمێک سەرئێشەم لەبەر ئەو مشارەدا تووش بوو. کە گەیشتمە ئەوێ نەمابوو.

[وچان]

**دەڤس:** ئەو کوڕە کێ بوو؟

**ئەستن:** برامە.

**دەڤس:** براتە؟ کەمێک شێتۆکە دیارە، مەگەر نا؟

**ئەستن:** ئۆ.

**دەڤس:** ئەرێ، بە ڕاستیی شێتە.

**ئەستن:** کەللەی شۆخیبازیی هەیە.

**دەڤس:** بەڵێ، بە چاوی خۆم دیتم.

[وچان]

جۆکەرێکی تەواوە.... ئەو هەرزەکارە... دیارە...

[وچان]

**ئەستن:** بەڵێ، دەتوانێ لایەنە خۆشەکانی شت ببینێ.

**دەیڤس:** ئەرێ، کەللەی شۆخی و گاڵتەی هەیە، وانییە؟

**ئەستن:** با.

**دەیڤس:** بەڵێ، دیارە.

[وچان]

هەر یەکەم جار بینینم تێ گەیشتم کە ئەو بە شێوەی خۆی لە دەوروبەری دەڕووانێت.

**ئەستن:** (هەڵدەستێ، دەچێ بۆ لای بۆفیەکە، پەیکەرەکەی بوودا هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر تەباخەکە.)

**ئەستن:** بڕیار وایە بەشی سەرەوەی خانووەکەی بۆ چاک بکەم.

**دەیڤس:** چی؟... مەبەستت ئەوەیە... کە ئەمە خانووی ئەوە؟

**ئەستن:** ئەرێ، بڕیار وایە ئەم بەشەی لای پلیکانەکانی بۆ دیکۆر بکەم، ئاوا شوێنێکی تەختی جێ تێدا بکەمەوە.

**دەیڤس:** ئەی ئەو خۆی چی دەکا؟

**ئەستن:** خۆی بازرگانیی خانووبەرە دەکا. کاری خۆی هەیە.

**دەیڤس:** خۆ لێرە ناژی؟ دەژی؟

**ئەستن:** با لەو گژوگیایەی دەرێ نەجات بم، ئیتر کاتم دەبێت بیر لەوێ بکەمەوە. ڕەنگە بتوانم....

(دەچێ بۆ لای پەنجەرەکە.)



دەتوانم کار بەدەستەکانم بکەم. دەزانیت، ئەوە شتێکە کە دەتوانم. هەرگیز نەمدەزانی کە دەتوانم، بەڵام دەتوانم هەموو جۆرە کارێک بە دەستەکانم بکەم، با لەو گژوگیایەی دەرێ تەواو بم، بۆ خۆم لێرە ورشەیەک دروست دەکەم. هەندێک کاری تەختە دەکەم. لە سەرەتادا کاری هاسان بە تەختە... تەختەی باش.

[وچان]

بێگومان، کار زۆر هەیە لیرە بکرێ. بەڵام پێم وایە کە دیوارێک لێرە دادەنێم. لە یەکێک لە ژوورەکاندا نێزیک بە پلیکانەکان. پێم وایە دەبێت. دەزانیت... ئەو پەرژینانە هەن، دەزانیت، هی خۆرهەڵاتی. خۆرهەڵاتییەکان بەوە ژوورێک جیا دەکەنەوە. دەیکەن بە دوو بەشەوە. یان ئەوە دادەنێم، یان هەر تەواو دەیکەم بە دوو بەشەوە. دەتوانم بیکەم ئەگەر ورشەیەکم هەبووایە.

[وچان]

**دەیڤس:** ئۆ، سەیر بکە، بیرم دەکردەوە. ئەوە جانتای من نییە.

**ئەستن:** نا، وا نەڵێیت.

**دەیڤس:** نا، ئەوە جانتای من نییە. ساکەکەی من جۆرێکی دیکە بوو، دەزانیت. دەزانم چییان کردووە. ئاوایان کردووە، ساکەکەی منیان گل داوەتەوە و دانەیەکی تریان داویتێ.

**ئەستن:** نا، ئەوەی ڕووی داوە ئەوەیە کە کەسێک بە ساکەکەی تۆوە هەڵهاتووە.

**دەیڤس:** (هەڵدەستێ) منیش هەر وام گوت!

**ئەستن:** بە هەرحاڵ، ئەم ساکەم لە شوێنێکی تر هێنا. هەندێک، چەند پارچەیەک جلوبەرگیشم تێ هاویشت. کابرا بە هەرزان دایمێ.

**دەیڤس:** (ساکەکە دەکاتەوە) ئەی پێڵاو؟

(دەیڤس دوو کراس، سوورێکی کراوە و سەوزێکی کراوە، لە ساکەکە دەردەهێنێ. بە دەستیەوە بە بەرزییەوە ڕایان دەگرێ.)

بڕوانە.

**ئەستن:** ئەرێ.

**دەیڤس:** بەڵێ، شتێک لەسەر ئەم کراسانە دەزانم، دەزانیت. کراسی لەم جۆرە، لە زستاناندا چ سوودێکیان نییە. دەڵێم، ئەمە بە فاکت دەزانم. نا، ئەوی من پێویستمە ئەو جۆرە کراسانەن کە خەتخەتن، کراسێکی باشی قایم بە خەتی سەربەرەوخوارەوە. من کراسی وام دەوێ.

(چاکەتێکی سمۆکینگی سووری تۆخی قەیفە لە ساکەکە دەردەهێنێ.)

ئەمە چییە؟

**ئەستن:** چاکەتێکی سمۆکینگە.

**دەیڤس:** چاکەتێکی سمۆکینگ؟

(دەستی پیادا دەهێنێ.)

ئەمە بەرگێکی خراپ نییە. با بزانم چۆن بە بەرم دەبێت.

(لە بەری دەکات.)

ئاوێنەیەکت نییە، هەتە؟



**ئەستن:** پێم وانییە.

**دەیڤس:** خراپ بە بەرم نییە. پێت وایە چۆنم لێ دێ؟

**ئەستن:** عەیبێکی نییە.

**دەیڤس:** دەی کە وایە سەر بۆ ئەمە با نادەم.

ئەستن پارچەکە هەڵدەگرێت و لێی دەڕوانێ.

نا، ناڵێم ئەمەم ناوێ.

[وچان]

**ئەستن:** بۆت هەیە لێرە ببیت بە سەرایدار، ئەگەر دەتەوێت.

**دەیڤس:** چی؟

**ئەستن:** دەتوانیت، بۆت هەیە ئاگات لەم شوێنە بێ، ئەگەر پێت خۆشە. دەزانیت، پلیکانەکان و ئێرە، پلیکانەکانی پێشەوە، چاوێکت لەسەریان بێت. زەنگەکان پۆڵیش بکەیت.

**دەیڤس:** زەنگ؟

**ئەستن:** چەند دانەیەک پەیدا دەکەم، بۆ خوارەوە لای دەرگاکەی دەرێ. مس.

**دەیڤس:** سەرایداریی، ها؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** باشە، بەڵام خۆ من هەرگیز لەوەبەر سەرایداریم نەکردوە.. دەمەوێ بڵێم... من هەرگیز... ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە... هەرگیز لەوەبەر سەرایدار نەبووم.

[وچان]

**ئەستن:** ئەی چۆن هەست دەکەیت کە ببیت بە سەرایدار؟

**دەیڤس:** بلێم چی، دەبێ بیری... دەبێ بزانم...، دەزانیت

**ئەستن:** چی بزانیت...

**دەیڤس:** ئەرێ وەکوو چی... دەزانیت...

[وچان]

**ئەستن:** مەبەستم ئەوەیە...

**دەیڤس:** مەبەستم ئەوەیە... دەبێ...

**ئەستن:** باشە، من دەتوانم پێت بڵێم...

**دەیڤس:** ئەویش ئەوەیە... ئەویش ئەوەیە... دەزانیت، دەزانیت مەبەستم چییە؟

**ئەستن:** کاتێک کاتی خۆی دێ...

**دەیڤس:** ئەوەی دمەوێت بیڵێم، ئەوەیە، دەزانیت...

**ئەستن:** کەموزۆر بە تەواوی، مەبەستت...

**دەیڤس:** دەزانیت، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە... ئەوەی دەمەوێ بێمە سەری... مەبەستم ئەوەیە، چ جۆرە کارێک...

[وچان]

**ئەستن:** باشە، شت هەن، وەکو پلیکانەکان... و... زەنگەکان...

**دەیڤس:** بەڵام ئەوە... هەر هینێکی... گسکێکی دەوێ... وا نییە؟

**ئەستن:** بەڵێ، بێگومان، هەروەها پێویستت بە چەند فلچەیەک و تۆزتەکێنێکیش دەبێ.

**دەیڤس:** دەبێت چەند ئامێریکی باشت هەبێ... دەزانیت... دەبێت



چەند ئامێرێکی زۆر باشت هەبێ.

(ئەستن بەدلەیەکی سپی لە مێخێک دەکاتەوە کە لەسەر سیسەمەکەیەتی و نیشانی دەیڤسی دەدا.)

**ئەستن:** دەتوانیت ئەمە لەبەر بکەیت، ئەگەر پێت باشە.

**دەیڤس:** بۆ نا، شتێکی جوانە، وانییە؟

**ئەستن:** ناهێڵێت تۆزاوی ببی.

**دەیڤس:** (لەبەری دەکات) ئەرێ، ئەمە تۆزەکە لە خۆی دەگرێ. باشە، زۆر باشە، زۆر زۆر سوپاس، گەورەم.

**ئەستن:** دەزانیت، دەتوانین، دەمانتوانی، دەتوانین زەنگێک لە قاتی خوارەوە، لەو دیو دەرگاکەوە داکوتم کە لەسەری بنووسین "سەرایدار". تۆش وەڵامی پرسیار بدەوە.

**دەیڤس:** ئۆ، نازانم ئەگەر ئەوەم پێ بکرێ.

**ئەستن:** بۆ نا؟

**دەیڤس:** لەبەرئەوەی، مەبەستم ئەوەیە، پیاو نازانێ کێ دێتە بەر ئەو دەرگایە، دەزانی؟ دەبێت کەمێک ئاگام لە خۆم بێ.

**ئەستن:** بۆ، مەگەر کەسێک بە دواتەوەیە؟

**دەیڤس:** بە دوامەوە؟ بڵێم چی. کابرا بزنی سکۆتی دەتوانێت وەدوام کەوتبێت، وا نییە؟ هەموو کارم ئەوە دەبێ کە گوێم لە زەنگەکە دەبێ و دەچمە خوارێ و دەرگاکە دەکەمەوە. بەڵام کێ لە پشت دەرگاکەوە دەبێ؟ هەر بابایەک دەتوانێ لە پشت دەرگاکەوە بێت. هەر ئاوا بەو سووک و هاسانییە دەتوانم پێوە بم. ڕەنگە بۆ ئەوە بێن کە دەیانەوێت کارتەکەم ببینن. مەبەستم ئەوەیە،

ببینە، وەزعەکە ئاوایە. هەر تەنیا چوار مۆری پێوەیە. هەر ئەوەندە. هیچی ترمەوەرنەگرتووە. هەر ئەوەندەیە. ئەوان دێن و لە زەنگەکە دەدەن کە زەنگی سەرایدارە، و منیش پێوە دەبم. هەر ئەوەش دەکەن. نا ئەو شانسە تاقی ناکەمەوە. بێگومان چەندین کارتی ترم هەن لێرە و لەوێ، بەڵام خۆ ئەوان ئەوە نازانن و منیش ناتوانم پێیان بڵێم، ئایا دەتوانم؟ چونکە ئەو کاتە دەزانن کە من لە ژێر ناوێکی تردا دێم و دەچم. ئەو ناوەی ئێستا خۆمی پێ دەناسێنم، ناوی ڕاستیی خۆم نییە. ناوە ڕاستییەکەی خۆم ئەوە نییە کە بەکاری دەهێنم، دەزانیت. مەسەلەکە ئەوەیە. دەزانیت، ئەو ناوەی ئێستا بە کاری دەهێنم خۆ ناوی خۆم نییە. ناوێکی دروست کراوە. ناوێکی دروستکراو.

[بێدەنگی.]

[گڵۆپەکان لە کزییەوە بەرەو خامۆش بوون دەچن.]

[لە پەنجەرەکەوە ڕووناکیی گڵۆپێکی کز دێتە ژوور.]

[دەرگایەک زرمەی دێ.]

[دەنگی کلیلێک لە دەرگای ژوورەکەدا.]

(دەیڤس دێتە ژوور، دەرگاکە دادەخا، سویچی گڵۆپەکە (لەمپاکە) تاقی دەکاتەوە، پێ، خامۆش، پێ، خامۆش.)

**دەیڤس:** (بە دەم خۆیەوە) ئەوە چییە؟

(سویچەکە پێ دەکات و خامۆش دەکا.)

گرفتی ئەم لەمپا بەدجنسە چییە؟



(سویچەکە پێ دەکات و خامۆش دەکا.)

ئاه، نەڵێی لەمپا قۆڕە سکوتی کرد.

[وچان]

چی بکەم؟ لەمپا قۆڕەکە سکوتی کرد. هیچ نابینم.

[وچان]

ئێستا چی بکەم؟

(دەبزوێت. پێی لە شتێک دەگیرێ.)

ئای خودایە، ئەوە چی بوو؟ لەمپاکەم بۆ ڕۆشن بکەوە. کەمێک سەبر.

(لە گیرفانیدا بە دوای شەمچەدا دەگەڕێ، دەریدەهێنێ و دای دەگیرسێنێ. شقارتەکە دەکوژێتەوە. پاکەتە شەمچەکەی لە دەست دەکەوێتە خوار.)

ئای، کەوتە کوێ؟

(دەوەستێ.)

پاکەتە شەمچەکە لە کوێیە؟

(لووتەشەقێک لە پاکەتە شەمچەکە دەدرێ.)

ئەوە چییە؟ چییە؟ ئەوە چییە؟ ئەوە چییە؟

[وچان] (دەبزوێ.)

پاکەتە شەمچەکەم کوا؟ ئا لێرەدا کەوت. ئەوە چییە؟ چی دەیبزوێنێ؟

[بێدەنگی.]

ده واز بێنه. ئەوە چییە؟ شەمچەکەم بە کێیە؟

[وچان]

کێ لێرەیە؟

[وچان]

چەقۆم پێیە. ئامادەم. دەی وەرە پێش. بزانم تۆ کێی؟

دەبزوێت. پێی لە شتێک دەگیرێ، دەکەوێ و هاواری لێ بەرز دەبێتەوە.

[وچان]

[بێدەنگی.]

دەنگێکی سکاڵای نزم لە دەیڤسەوە دێ. هەڵدەسێتەوە سەر پێ.

باشە!

(دەوەستێت. وچانی سوارە.)

(لە پڕێکدا ئیلیکترولوکسەکە دەنگی لێ پەیدا دەبێ. بیچمێک لەگەڵیدا دەبزووێت. دەمی گسکە کارەباییەکە لەسەر زەوییەکە بە دوای دەیڤس دا دەڕوات و ئەمیش خۆی لادەدا و لادەکەوێ و بێ هەناسە دەکەوێ.)

ئای، ئای، وازم لێ بهێنە!

(ئەلێکترلوکسەکە دەوەستێ. بیچمەکە خۆی هەڵدەداتە سەر سیسەمەکەی ئەستن.)

هەر ئێستا دێم و دەتبەم، من ئامادەم!

(بیچمەکە پلاکی ئەلێکترولوکسەکە لە کارەباکە دەردەهێنێت و لەمپاکەش توند دەکاتەوە. لەمپاکە دادەگیرسێت. دەیڤس خۆی



بە دیواری دەستە ڕاستەوە توند گرتووە، چەقۆیەکی بە دەستەوەیە. مایک لەسەر سیسەمەکە وەستاوە، پلاکەکەی بە دەستەوەیە.)

**مایک:** هەندێک خاوێنیی بەهارەم دەکرد.

(دێتە خوار.)

جاران پلاکێکی دیوار بۆ ئەم گسکە ئەلێکترولوکسە هەبوو. ئێستا کار ناکا. ناچار بووم بیبەستم بە شوێنی گڵۆپەکەوە.

(پلاکی ئەلێکترولوکسەکە دەخاتە ژێر سیسەمەکەی ئەستن.)

پێت وایە ئەم شوێنە چۆنە؟ باشم خاوێن کردەوە.

[وچان]

من و براکەم بە سەرە کارەکە دەکەین. هەر دوو هەفتە جارێک، بۆ ئەوەی شوێنەکە باش پاک بکەینەوە. من شەو درەنگ کارم دەکرد، هەر ئێستا گەیشتمە ئێرە. بەڵام بیرم کردەوە کە هەر ئێستا بیکەم باشترە، خۆ هەر سەرەی خۆمە.

[وچان]

ئەوە نییە کە بە ڕاستی لێرە بژیم. لێرە ناژیم. لە ڕاستیدا لە شوێنێکی تر دەژیم. بەڵام بە هەرحاڵ، من بەرپرسیاری باش ڕاگرتنی ئێرەم. مەگەر وا نییە؟ ناتوانم شانازیی پێوە نەکەم.

(بەرەو لای دەیڤس دەڕوات و چەقۆکە دەبینێ.)

ئەوەت بۆ بە دەستەوە هەڵگرتووە؟

**دەیڤس:** نەیەیتە پێشەوە لێم...

**مایک:** بە داخەوەم کە زویرم کردوویت. تۆشم لە خەیاڵدا هەبووی. تۆ،

تۆی میوانی براکەم. دەبێت بیر لە خۆشیی تۆش بکەینەوە، وا نییە؟ نامانەوێ لەو تەپوتۆزەدا ون ببیت. ئەرێ، بە تەمایت چەند لێرە بمێنیتەوە؟ لە ڕاستیدا، هەر ئێستا بیرم لەوە دەکردەوە کە کرێیەکەت بۆ کەم بکەینەوە، هەر بیکەین بە ڕێژەیەکی ئاواهی. هەتا خۆت ساز دەکەیت، هەر ئاوا کرێیەکی کەم، لەوە زیاتر نا.

[وچان]

بە هەر حاڵ، ئەگەر هەروا گرژ دەبیت، ئەوا ناچارم دووبارە بیر لە هەموو ئەم شتانە بکەمەوە.

[وچان]

بەڵام خۆ هیچ بە تەمانیت زەبرێک بەرانبەرم بنوێنیت؟ تۆ لە زەبرگیران نییت، هەیت؟

**دەیڤس:** (شێلگیرانە) کاکە، خۆم بۆ خۆم، بەڵام ئەگەر هەر کەسێک سەر بخاتە سەرم دەزانن چی بە نسیبیان دەبێ.

**مایک:** بڕوا دەکەم.

**دەیڤس:** دەیکەیت؟ دەبینیت من زۆر شوێنم کردووە. خۆ لێم تێ دەگەیت. نە ئێستایش و نە ئەوسایش بە شۆخیم نەبووە، بەڵام با ئەوەت پێ بڵێم کە هیچ کەسێک بەر لە من ناگرێ.

**مایک:** بەڵێ حاڵی دەبم چی دەڵێیت.

**دەیڤس:** دەتوانرێ هێندە بە قەدەر ئێستا دوور ببردرێم، بەڵام...

**مایک:** لەمە دوورتر نا.

**دەیڤس:** نەخێر.

(لەبەری ڕاستەوە بە چیچکانەوە دادەنیشێ.)



چی دەکەیت؟

**مایک:** هیچ، هەر دەمەوێت ئەوە بڵێم کە... من هەر زۆر سەرسامم.

**دەیڤس:** ها؟

**مایک:** زۆر سەرسامم بەوەی کە هەر ئێستا باست کرد.

[وچان]

ئەرێ، بە ڕاستی سەرسامم. بەرخوردت کار لە پیاو دەکات.

[وچان]

ئەرێ. بە هەر حاڵ، کارتێکراوم.

**دەیڤس:** کەواتە دەزانیت باسی چی دەکەم؟

**مایک:** ئەرێ، دەزانم. پێم وایە هەردووکمان لە یەکتر حاڵی دەبین.

**دەیڤس:** نا؟ ئێ باشە، پێت دەڵێم. پێم خۆشە بزانم وا بیر دەکەیتەوە. ماوەیەکە سەر دەخەیتە سەرم، دەزانیت. نازانم بۆ وا دەکەیت. خۆ من هیچ ئازارم بۆت نەبووە.

**مایک:** نا، دەزانیت چی بوو؟ هەر ئەوەندەیە کە پێمان لە پێیەکی هەڵە ناوە. هەر ئەوەندە بووە و تەواو.

**دەیڤس:** ئای، ئەرێ.

(دەیڤسیش لەسەر چیچکان دادەنیشێ.)

**مایک:** وەکو سەندویچێک.

**دەیڤس:** چی؟

**مایک:** (سەندویچێک لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێ) یەکێکی وات دەوێت.

**دەیڤس:** واز بێنە کورە.

**مایک:** نا، خۆ هێشتا هەر لە من تێ ناگەیت. ناتوانم بێ دەربەست بم بەرانبەر بە هاوڕێیانی برایەکەم. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ هاوڕێی براکەمی، وا نییە؟

**دەیڤس:** ها، نازانم، من هێندە دوور ناڕۆم.

**مایک:** ئەی کە وایە پێت وا نییە کوڕێکی باش بێت؟

**دەیڤس:** باشە، من ناتوانم بڵێم ئێمە هێندە هاوڕێین. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندووم. بەڵام ناشتوانم بڵێم کە ئەو هاوڕێیەکی تایبەتیمە. باشە، ئەی ئەو سەندویجەت چی تێدایە؟

**مایک:** پەنیر.

**دەیڤس:** پێی ڕازیم.

**مایک:** دانەیەک ببە.

**دەیڤس:** سوپاس، مستەر.

**مایک:** بەداخەوەم دەیبیستم کە براکەم هاوڕێدۆست نییە.

**دەیڤس:** هاوڕێدۆستە، هاوڕیدۆستە، من نەمگوتووە ئەو...

**مایک:** (خوێدانێک لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێ) خوێ؟

**دەیڤس:** نا، سوپاس.

قەپاڵێک لە سەندویجەکە دەگرێ.

هەر ئەوەندەیە کە... ناتوانم بیخەمە ڕیزی...

**مایک:** (بە گیرفانیدا دەگەڕێت) بیبەرم لە بیر چووە.



**دەیڤس:** هەر ئەوەندەیە کە ناتوانم قامکی بهاومە سەر.

**مایک:** کەمێک چەوەندەرم لە شوێنێکدا هەبوو. نازانم لە کوێم داناوە.

[وچان]

(دەیڤس سەندویجەکە دەجوێت. مایک لێی دەڕوانێت. پاشان هەڵدەسێ و ڕووە و بەشی خوارەوە دەڕوا.)

ئۆ... گوێ بگرە... ئایا دەتوانم داوای ڕێنماییت بکەم؟ مەبەستم ئەوەیە کە تۆ پیاوی جیهاندیدەی. ئایا دەتوانم ڕێنماییت بۆ شتێک لێ وەربگرم؟

**دەیڤس:** هەر یەکسەر بیکە.

**مایک:** باشە. ئەوە چییە... دەزانیت، من... کەمێک نیگەرانی براکەمم.

**دەیڤس:** براکەت؟

**مایک:** ئەرێ، دەزانیت... گرفتەکە ئەوەیە....

**دەیڤس:** گرفتەکە چییە؟

**مایک:** ئاخر، شتێکی وا جوان نییە بگوترێ...

**دەیڤس:** (هەڵدەسێت و ڕوو بە خوارەوە دێ) دەی بەردەوام بە، بیڵێ.

(مایک لێی دەڕوانێ.)

**مایک:** حەز لە کارکردن ناکا.

[وچان]

**دەیڤس:** دەی بەردەوام بە!

**مایک:** نەخێر، هەر حەز لە کار ناکا و تەواو، ئەوە کێشەکەیە.

**دەیڤس:** بە ڕاستتە؟

**مایک:** ئەمە هەر شتێکی زۆر ناخۆشە پیاو بە برای خۆی بڵێت.

**دەیڤس:** ئای.

**مایک:** خۆی لە کار دەدزێتەوە. زۆر شەرم لەوە دەکا. زۆر شەرمی لە خۆی دێت.

**دەیڤس:** شێوەی وا دەناسم.

**مایک:** جۆری وا دەناسیت.

**دەیڤس:** بینیوومن.

**مایک:** مەبەستم ئەوەیە، هانی بدەم بڕوات و جیهان ببینێ.

**دەیڤس:** مافی خۆتە.

**مایک:** ئەگەر برایەکی گەورەتر لە خۆتت هەبێت دەتەوێت هانی بدەیت، دەتەوێت ببینێت کە ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە. ناتوانم ببینم هەر ئاوا پاڵی لێ بداتەوە. هەر زیان بە خۆی دەگەیەنێت. ئەوەیە مەبەستم.

**دەیڤس:** بەڵێ.

**مایک:** بەڵام هەر نایەتە سەر کار.

**دەیڤس:** حەز بە کار ناکات.

**مایک:** لە کاردا سستە.

**دەیڤس:** ئەرێ، لەوە دەچێ.

**مایک:** جۆری وات بینیوە، مەگەر نا؟

**دەیڤس:** من؟ جۆری وا دەناسم.

**مایک:** ئەرێ.



**دەیڤس:** جۆری وا دەناسم. بینیومن.

**مایک:** زۆر نیگەرانی کردووم. دەزانیت. من خۆم پیاوی کارم. بازرگانم. ئۆتوبووسی خۆم هەیە.

**دەیڤس:** بە ڕاستتە؟

**مایک:** وا بڕیار بوو کارێکی بچکۆلەم بۆ بکات... لێرە دەیهێڵمەوە بۆ ئەوەی کارێکی بچووک بکا... بەڵام نازانم... گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە کە ئەو کرێکارێکی خاوە.

[وچان]

ڕێنماییت چییە؟

**دەیڤس:** ئەرێ، براکەت پیاوێکی سەیرە.

**مایک:** چی؟

**دەیڤس:** گوتم... براکەت کەمێک سەیرە، براکەت.

(مایک لێی ورد دەبێتەوە.)

**مایک:** سەیرە؟ بۆچی؟

**دەیڤس:** چووزانم، سەیرە و تەواو...

**مایک:** کوێی سەیرە؟

[وچان]

**دەیڤس:** کە حەز لە کار ناکات.

**مایک:** بۆ سەیرە؟

**دەیڤس:** هیچ.

[وچان]

**مایک:** من ئەوە بە سەیر دانانێم.

**دەیڤس:** منیش.

**مایک:** ناتەوێت دووچاری دووڕوویی ببیت، هەر پێچ بە خۆت دەدەیت.

**دەیڤس:** نا، نا... دووڕووویی، تەنیا دەمویست بڵێم...

**مایک:** بێ ئەقڵ مەبە. بیبڕەوە.

**دەیڤس:** بڕوانە، تەنیا شتێک ویستم بیڵێم ئەوە بوو...

**مایک:** بیبڕەوە.

[بە پەلە.]

بڕوانە! من پێشنیارێکم بە تۆ کردووە. بیر لەوە دەکەمەوە کە بەڕێوەبردنی ئەم شوێنە بخەمە دەستی خۆم. دەبینیت؟ پێم وایە باشتر کارەکان کەمێک بە ڕێوە دەچێ. بیرم زۆر بۆ دێت، پلانی زۆر بە مێشکمدا تێپەڕ دەبن.

(لە دەیڤس دەڕوانێ.)

بە لاتەوە چۆنە لێرە بمێنیتەوە، ببیت بە سەرایدار؟

**دەیڤس:** چی؟

**مایک:** لەگەڵ تۆ تەواو ڕاشکاو دەبم. دەتوانم پشت بە پیاوێکی وەکو تۆ لێرە ببەستم، چاوی لە شتەکان بێت.

**دەیڤس:** بەڵام، ئێستا... تۆ سەبر بگرە...من، من هەرگیز لەوەبەر سەرایداریم نەکردووە، دەزانیت.

**مایک:** ئەوە گرینگ نییە. هەر ئەوەندە بەسە بۆ من تۆ لە پیاوێکی بە توانا دەچی.



**دەیڤس:** من پیاوێکی بە توانام. دەمەوێ بڵێم، لە ساڵانی تەمەنمدا نێچیری باشم کوتاوە بە ئەردا، دەزانیت، ئیتر ناکرێ ئەوە نەبینرێ.

**مایک:** ئەرێ، لەوەبەر بینیم، کاتێک کە ئەو چەقۆیەت دەرهێنا، کە ناهێڵیت هیچ کەسێک بێتە مەیدانت.

**دەیڤس:** نەخێر، قوربان، کەس نییە سەربخاتە سەرم.

**مایک:** مەبەستم ئەوەیە کە خزمەتی سەربازیت کردووە، کۆنە سەربازیت، مەگەر وا نییە؟

**دەیڤس:** چیم کردووە؟

**مایک:** خزمەتی سەربازی دەڵێم. هەر لە دوورەوە پێتەوە دیارە کە کردووتە.

**دەیڤس:** ئەرێ، نیوەی ژیانم لەوەدا بردووەتە سەر، ئەرێ، لەو بەری دەریاوە، ئا، خزمەت... کردوومە

**مایک:** لە کۆلۆنییەکان کردووتە، وا نییە؟

**دەیڤس:** لەوێ بووم. یەکەمین کەسێک بووم گەیشتوومەتە ئەوێ.

**مایک:** تەواوە. تۆ ئەو کەسەیت کە من دەمەوێ.

**دەیڤس:** بۆ... بۆچی؟

**مایک:** بۆ سەرایداری.

**دەیڤس:** باشە، ئاخر،... ببینە، گوێ بگرە... کێ خاوە نماڵە لێرە، ئەو یان تۆ؟

**مایک:** من. منم. دەشتوانم بیسەلمێنم. کاخەزم هەیە.

**دەیڤس:** ئەها.

(بە گومانەوە.)

بەڵام گـوێ بگرە، دەتوانم هـەندێک کـاری سـەرایداریی بکەم، دەتوانم ئاگاداری شوێنەکە بم.

**مایک:** بێگومـان، لەسـەر ڕێککەوتنێکی بچکۆلەی پارە ڕێک دەکەوین، کە لە بەرژەوەندی هەردووکماندا بێ.

**دەیڤس:** ئەوەش تەسلیم بە خۆت دەکەم.

**مایک:** سوپاس. تەنیا هەر یەک شت هەیە.

**دەیڤس:** ئەو شتە چییە؟

**مایک:** دەتوانیت بەرخوردنامەیەکم بۆ بهێنی.

**دەیڤس:** ها؟

**مایک:** هەر بۆ ئەوەی دەمی پارێزەرەکەمی پێ بگرم.

**دەیڤس:** چەندین بەرخوردنامەم هەیە. هەرئەوەندەم لەسەرە سبەینێ بگەمە ناوشار و بچمە سایدکەپ. هەر بەردخوردنامەیەکم بوێ لەوێ دەستم دەکەوێ.

**مایک:** سادیئەپ کوێیە؟

**دەیڤس:** سیکەپ. هەر بە تەنیا بەرخوردنامەکانمی لا نییە، بەڵکو هەر هەموو کاخەزەکانمی لایە. ئەو شوێنە هەروەک لەپی دەستی خۆم دەناسم. هەر دەبێ بچم بۆ ئەوێ، دەزانیت مەبەستم چییە، هەر دەبێت بچم بۆ ئەوێ، دەنا هیچم نابێ.

**مایک:** کەواتە هەر کاتێک بمانەوێ دەتوانین دەستمان بەو



بەرخوردنامانە بگا.

**دەیڤس:** هەر ڕۆژێک بێ خۆم دەگەیەنمە ئەوێندەرێ. دەمویست ئەمڕۆ بچم، بەڵام... چاوەڕوانی ئاووهەواکەم بیشکێنێ.

**مایک:** ئەها.

**دەیڤس:** گوێ بگرە. ئایا ناتوانیت جووتێک کەوشی باشم بۆ پەیدا بکەیت، دەتوانیت؟ زۆر پێویستم بە جووتێک کەوشی باش هەیە. ناتوانم بە بێ جووتێک کەوشی باش بگەمە هیچ شوێنێک، دەبینیت؟ ئایا پێت وایە... بتوانیت جووتێک کەوشی باشم بۆ پەیدا بکەیت؟

[چراکان لە کزەوە بەرەو خامۆش بوون دەچن.]

[چراکان پێ دەبن. بەیانییە.]

(ئەستن پانتۆڵەکەی بەسەر دەرپێی درێژی ژێرەوەدا لەبەر دەکا. ڕوخساری کەمێک گرژە. لە سەروو تەختی نووستنەکەی خۆی دەڕوانێت، خاولییەک لە قولاپی ڕەفەکە دەکاتەوە و هەڵی دەسووڕێنێ. دەچێ بۆ لای دەیڤس و دای دەنەوێنێت و دەیڤس هەڵدەستێنێت. دەیڤس یەکسەر هەڵدەستێ.)

**ئەستن:** پێت گوتم کە خەبەرت بکەمەوە.

**دەیڤس:** بۆ؟

**ئەستن:** پێت گوتم بەتەمایت بچیت بۆ سایدکەپ.

**دەیڤس:** ئای. ئەرێ باش دەبوو ئەگەر خۆم بگەیاندایەتە ئەوێ.

**ئەستن:** لە ڕۆژێکی خۆش ناچێ.

**دەیڤس:** ئەرێ، ئەمە تێکی داوە، وانییە؟

**ئەستن:** من...من دووباره شەوێکی ناخۆشم هەبوو.

**دەیڤس:** من خراپ خەوتووم.

[وچان]

**ئەستن:** تۆ دەنگت....

**دەیڤس:** ناخۆش. کەمێک باران باری، وا نییە؟ هەر نەخەوتووم.

**ئەستن:** هەر کەمێک.

دەچێت بۆ لای تەختی خەوەکەی. پارچەتەختەیەک هەڵدەگرێ و دەست دەکا بە سمارەتەکردنی.

**دەیڤس:** پێم وابوو. گەیشتبووە کەللەم.

[وچان]

بە هەرحاڵ، بایەکە یەکسەر دەیدا لە سەرم.

[وچان]

ئایا ناتوانیت پەنجەرەی پشت ئەو ساکە دابخەیت؟

**ئەستن:** دەتوانیت بیکەیت.

**دەیڤس:** باشە، ئەی چی لێ بکەین؟ بارانەکە ڕاستەوڕاست لە سەرم دەدا.

**ئەستن:** دەبێ تۆزێک هەوا لێمان لێ بدا.

**دەیڤس:** (لە پێخەفەکەی دێتە دەر. پانتۆڵ و هێلەک و چاکەتەکەی لەبەر دەکا.)

**دەیڤس:** (دەمپاییەیکانی لە پێ دەکا) گوێ بگرە. کورە من هەموو ژیانم لە ناو ئەو هەوایەدا بەسەر بردووە، تۆ هەقت نییە بێیت



و باسی هەوام لەگەڵدا بکەیت. دەمەوێت پێت بڵێم، بایەکی هەر زۆر لەو پەنجەرەیەوە دێتە ژوور، کاتێک کە خەوتووم.

**ئەستن:** ئێرە هەر زۆر خنکاو دەبێ ئەگەر ئەو پەنجەرەیە نەکرێتەوە.

**ئەستن:** (دەڕوات بەرەو لای کورسییەکە، پارچەتەختەکەی دەخاتە سەر، و لەسەر سمارتەکردنی بەردەوامە.)

**دەیڤس:** تۆ، گوێم لێ بگرە. حاڵی نابیت چیت پێ دەڵێم. کورە، ئەو بارانە قۆڕە، هەر ڕاست لە سەرم دەدا. خەوەکەم لێ تێک دەدا. بەو بایەوە سەرما دەگرم و دەمکوژێ. قسەکەم هەر ئەوەندەیە. هەر ئەو پەنجەرەیە دابخە و ئیتر کەس سەرمای نابێ، قسەکەی من هەر ئەوەیە.

[وچان]

**ئەستن:** ئەو پەنجەرەیە نەکرێتەوە ناتوانم بخەوم.

**دەیڤس:** باشە. ئەدی ئەی من؟ دەی... ئەی سەبارەت بە دۆخی من چی دەڵێیت؟ ئەی من؟

**ئەستن:** بۆ بە شێوەکەی تر ڕاناکشێیت؟

**دەیڤس:** مەبەستت چییە؟

**ئەستن:** لاقت بکە پەنجەرەکە.

**دەیڤس:** جا ئەوە چ سوودێکی هەیە؟

**ئەستن:** ئەو کاتە بارانەکە لە سەرت نادات.

**دەیڤس:** نا. ناتوانم وا ڕابکشێم. ناتوانم وا بکەم.

[وچان]

مەبەستم ئەوەیە، خووم گرتووە کە ئاوا لەو بارە ڕابکشێم. ئەوە من نیم کە دەبێ بگۆڕدرێم، پەنجەرەکە دەبێ بگۆڕدرێ. دەبینیت، ئەوە هەر ئێستا باران دەبارێ. ببینە، دەبارێ.

[وچان]

**ئەستن:** پێم وایە دەبێ بچم بۆ شەقامی گۆڵدهاوک. لەوێ لەگەڵ کەسێک دەدوێم. دەستگایەکی مشاری هەیە. لەوە دەچوو شتێکی باش بێت. پێم وانییە ئەو خۆی سوودێکی وای لێ ببینێ.

وچان

ئەرێ، پێم وایە دەبێ بەرەو ئەوێ شۆڕ ببمەوە.

**دەیڤس:** جا تۆ گوێ لەوە بگرە. ئەوە چوونی منی بۆ سایدکەپ تەواو کرد. ها، ئەی چی لە بارەی داخستنی پەنجەرەکەوە دەکەیت؟

[بارانەکە دێتە ژوور.]

**ئەستن:** ئێستا جارێ دای بخە.

(دەیڤس پەنجەرەکە دادەخا و لە دەرەوە دەڕوانێ.)

**دەیڤس:** جی لە ژێر ئەو موشەمایەوەیە لە دەرەوە؟

**ئەستن:** تەختە.

**دەیڤس:** بۆ چیتە؟

**ئەستن:** هۆدەکەمی پێ دروست دەکەم.

(دەیڤس لەسەر تەختەکەی خۆی دادەنیشێ.)

**دەیڤس:** دەستت نەگەیشتە ئەو جووتە کەوشەی کە بە تەمابوویت





سەیرێکی بکەیت بۆم، کردت؟

**ئەستن:** ئا، نەخێر. با بزانم ئەمڕۆ جووتێکم دەست دەکەوێ.

**دەیڤس:** ناتوانم ئا بە مانەوە بچمە دەر. دەتوانم؟ تەنانەت ناتوانم پێیانەوە بچمە دەر بۆ چای خواردنەوەیەکیش.

**ئەستن:** چایخانەیەک هەر لەو بەری جادەکەوەیە.

**دەیڤس:** دەشێت وا بێت، هاوڕێ.

(لە کاتی قسەکانی ئەستندا ژوورەکە تاریکتر دادێ.)

(پاش تەواوبوونی قسەکان تەنیا ئەستن بە ڕوونیی دەبینرێ. دەیڤس و هەموو شتەکانی تر دەبن بە سێبەر.) [کەمکردنەوەی ڕووناکییی چراکان دەبێ هێندەی دەکرێت لەسەرخۆ و درێژخایان و ئارام بکردرێت.]

**ئەستن:** هەمیشە دەچووم بۆ ئەوێ. ئەرێ، لە مێژە نەچووم. بەڵام وازم هێنا کە بچم. ڕۆژانێک هەبوو حەزم لەو شوێنە دەکرد. کاتێکی تەواو زۆرم لەوی سەرف دەکرد. ئەوە پێش ئەوە بوو کە دوور بکەومەوە. پێش ئەوە بوو. پێم وایە... ئەو شوێنە زۆر پێوەندیی بەوەوە هەیە. هەموویان لەوێ بوون، کەمێک لە من بە تەمەنتر. بەڵام هەمیشە گوێیان دەگرت. پێم وابوو... لێم حاڵی دەبن. مەبەستم ئەوەیە کە قسەم بۆ دەکردن. زۆر بڵێ بووم. ئەوە هەڵەکەم بوو. لە کارگاکەش هەروا بوو. دەوێستام، یان لە وچانەکاندا، ڕا هاتبووم کە لەسەر شت دەدوام. ئەو پیاوانە... گوێیان لێ دەگرتم. هەر کاتێک... شتێکم هەبوایە بیڵێم. گرفتێک لە ئارادا نەبوو. گرفتەکە لەوەدا بوو کە دووچاری

خەیاڵگرتوویی دەبووم. خەیاڵگرتووییش نەبوو، هێن بوو، تووشی ئەو هەستە دەبووم کە پێم وابوو شت دەبینم... بە ڕوونی، هەموو شتێک... وا ڕوون بوو. هەموو شتێک... هەموو شتێک بێدەنگ دەبوو... هەموو شتێک بێدەنگ بوو... هەموو ئەم شتانە... بێدەنگ... و هاوکات بە ڕوخسارێکی ڕوونەوە... ئەرێ... بەڵام ڕەنگە هەڵەش بووبم. بە هەرحاڵ، کەسیک دەبێ شتێکی گوتبێ. خۆم هیچ نازانم کە گوتراوە یان نا. جۆرێکیش لە درۆ دەبێ کردرابێ. ئیتر ئەم درۆیە کەوتە گەڕ. پێم وابوو خەڵک سەیریان لێهاتووە. لەو چایخانەیەدا. لەو کارگایەدا. تێ نەدەگەیشتم. ئیتر ئەوە بوو ڕۆژێک هاتن و بردیانم بۆ نەخۆشخانە، دروست لە دەرەوەی لەندەن. ئەوان... منیان بردە ئەوێ. نەمدەویست بچم. بە هەرحاڵ... دەمویست لەوێ بڕۆم، چەندین جار، بەڵام هەروا هاسان نەبوو. لەوێ پرسیاریان لێ دەپرسیم. دەیانکردمە ژوور و هەر پرسیارێکیان بە دەمدا بهاتایە لێیان دەکردم. ئیتر پێم گوتن... ئەوەی کە دەیانویست بزانن، کە چۆن بیرم دەکردەوە. ئەرێ... ئەوە بوو ڕۆژێک، ئەو پیاوە... کە پێم وایە دکتۆر بوو... یەکێکی گەورە، پیاوێک بوو دیار بوو کە جیاوازە... هەرچەندە ناشزانم کە وایە یان نا. بانگی کردمە ژوور. پێی گوتم... پێی گوتم شتێکمە. پێی گوتم ئەوان لێکۆڵینەوەکەیان کردووە. وای پێ گوتم. ئەوجا دەستەیەک کاخەزی نیشان دام و پێی گوتم کە شتێکمە، گرفتێک. پێی گوتم، هەرئەوەندەی گوت، دەبینیت. تۆ شتێکت هەیە، ئەوەیە گرفتی تۆ. ئەوجا پێی گوتم، ئێمە بڕیارمان داوە



لە بەرژەوەندی تۆدا تەنیا یەک شت هەیە بکردرێ. پێی گوتم... بەڵام... ناتوانم... بە دروستیی بیرم بێتەوە... کە چۆن گوتی. پێی گوتم، ئێمە شتێک لە مێشکت دەکەین. پێی گوتم ئەگەر وا نەکەین ئەوا هەر هەموو ژیانت لێرە دەمێنیتەوە، بەڵام ئەگەر بیکەین ئەوا شانسێکت دەبێ. دەتوانیت لێرە بڕۆیت، و وەکو خەڵکی تر بژیت. پێم گوت، باشە دەتەوێت چی لە مێشکم بکەیت. بەڵام هەر ئەو قسەکانی خۆی دووپات کردەوە. باشە خۆ گەوج نەبووم. دەمزانی، دەمزانی کە بە تەمەنی یاسایی لاوم. دەمزانی ئەو ناتوانێت بە بێ وەرگرتنی مۆڵەت هیچ شتێک بکات. دەمزانی دەبێت مۆڵەتی دایکم وەربگرێ. ئەوە بوو بۆ دایکمم نووسی و بۆم باس کرد دەیانەوێ چیم لێ بکەن. بەڵام دایکم مۆڵەتنامەکەی بۆ ئیمزا کردن، دەبینیت، مۆڵەتی پێ دان. دەزانم کردبووی، چونکە کاتێک کە باسم کرد دکتۆرەکە ئیمزاکەی ئەوی نیشان دام. ئەو شەوە ویستم هەڵبێم. پێنج دانە کاژێر بەوەوە مەشغوڵ بووم کە شیشی ئاسنی یەکێک لە پەنجەرەکانم بڕی. هەر هەموو کاتی تاریکییەکە. عادەتیان وابوو هەر نیوکاژێر جارێک ڕووناکییەک لە سیستەمی خەوتنمان بدەن. منیش لەسەر ئەو کاتە کاری خۆم عەیار کردبوو. خەریک بوو تەواو دەبووم، پیاوێک گەیشتە سەرم و گرتیانم. بە هەرحاڵ، هەفتەیەک پاش ئەوە بۆیان هەڵکەوت و ئەو شتەیان لە مێشکم کرد. هەموومان هەر بە تەمابووین بکرێ، لەم نەخۆشخانەیەدا. ئیتر بۆیان هەڵکەوت و کردیان. شەوێکیان. من دواترین بووم. بە تەواوی چاوم لێ بوو چییان

لەوانەی دیکە دەکرد. بۆیشیان دەلوا وا بکەن. نازانم چی بوون... ئەو شتانە لە موکێشی گەورە دەچوون، کە وایەریان پێوە بوو، وایەرکان بە ماشینێکی بچووکەوە بوون. ئەلەتریکی بوو. کەسەکەیان توند پاڵ دەخست و دەیانگرت، و سەرۆکەکەش، سەرۆکە دکتۆرەکە، مووکێشەکانی، شتێک بوون هەر دەتگوت گوێشەی بیستن، دەخستە سەر ئەملاولای کەللەسەری کەسەکە. پیاوێک ماشینەکەی بە دەستی هەڵ دەگرت، دەبینیت، و پاشان دای دەگیرساند. ئەوجا سەرۆکەکەیش ئەو مووکێشەی دەخستە سەر کەللەسەری کەسەکە و لەوێدا دای دەنا. پاشان لای دەبرد. پاشان کەسەکەیان دادەپۆشیی و هەتا ماوەیەک پاش ئەوە نەدەچوون بە لایدا. هەندێک کەس هەندێک خۆیان ڕادەتەکاند و بە شەڕ دەهاتن، بەڵام زۆربەیان هیچیان نەدەکرد. هەر لەوێدا ڕادەکشان. باشە، ئیتر سەرەی منیش هات. ئەو شەوەی هاتن بمبەن من خۆم بە دیوارەکەوە نووساندبوو. پێیان گوتم بێم و لەسەر تەختەکە ڕابکشێم. منیش دەمزانی هەر دەبێت بمبەن و لەوێدا پاڵم بخەن دەنا ئەگەر هەروا بە پێوە لێم بێنە پێش ئێسکێکی پشتم دەشکێنن. لەبەرئەوە نەبزووام و لە جێی خۆم وەستام. پاشان یەک یان دوو کەسیان هات. ئەو کاتە لاو بووم، زۆر لە ئێستا بەهێزتر بووم. زۆر بەهێزتر بووم لە ئێستا. لە یەکێکیانم سرەواند، بەڵام ئەوی تریان دەستی نایە گەرووم، پاشان لە پڕ سەرۆکەکە مووکێشەکانی گەیاندە سەر سەرم و دەمزانی نابێ تا ئەو کاتەی بە پێوە بم دای بگیرسێنێت،



لەبەرئەوە... من... بە هەرحاڵ، هەر کردی. ئیتر ئەوە بوو پاشان هاتمە دەر. ئەرێ، هاتمە دەر. بەڵام نەمدەتوانی بە باشی بڕۆم. باوەڕیش ناکەم بربڕەی پشتم زەرەری پێ کەوتبێ. پێم وایە چ عەیبێکی نەبوو. عەیبەکە لەوەدا بوو کە بیر کردنەوەم... هەر زۆر لاواز بووبوو. نەمدەتوانی هیچ بیر بکەمەوە. نەمدەتوانی... بیرم ڕێک بخەم، هەرگیز نەمدەتوانی بیرم کۆ... بکەمەوە... ناخۆشییەکە لەوەدا بوو کە هەرگیز حاڵی نەدەبووم خەڵک چی دەڵێن. نەمدەتوانی بە لای ڕاست یان چەپدا ڕوو وەرگێڕم، هەر دەمتوانی سەرم ڕابگرم و تەماشای پێشەوە بکەم، چونکە ئەگەر سەرم وەرچەرخاندایە، نەمدەتوانی... ڕێکی ڕابگرم. ئەوجا ئەو سەرئێشانەیشم هەبوو. خووم بەوەوە گرتبوو کە لە ژوورەکەی خۆمدا دابنیشم. ئەو کاتە ئەوە بوو کە لەگەڵ دایکم دەژیام. براکەشم. ئەو لە من بچووکتر بوو. لە ژوورکەمدا هەموو شتەکانم تێکوپێک شکاند. هەموو شتەکان کە دەمزانی هی من بوون. بەڵام نەمردم. مەسەلەکە ئەوە بوو، دەبا بمردمایە. دەبا مردبام. بە هەرحاڵ، ئێستا زۆر باشترم. بەڵام ئێستا لەگەڵ خەڵک نادوێم. لە شوێنی وەکو ئەو چایخانەیە خۆم بە دوور دەگرم. ئێستا هەرگیزم ناڕۆمە ئەو شوێنانە. لەگەڵ کەس نادوێم... زۆر جار بیرم کردووەتەوە کە بڕۆم و ئەو پیاوە بدۆزمەوە کە وای لێکردم. بەڵام دەمەوێ پێش ئەوە شتێک بکەم. دەمەوێ ئەو هۆدەیە لە دەرەوە لە باخەکەدا دروست بکەم.

# پەردەی سێ

[دوو هەفتە پاشتر]

**مایک:** (لەسەر ئەردەکە ڕاکشاوە، لە خوارەوە لای دەستە چەپ، پێخەفەکەی لەسەر فەرشەلوولکراوەکە دانراوە، لە بنمیچەکە دەڕوانێ.)

**دەیڤس:** (لەسەر کورسییەک دانیشتووە، پایپەکەی بە دەستەوەیە. چاکەتە سمۆکینگەکەی لەبەردایە. پاشنیوەڕۆیە.)

[بێدەنگی.]

**دەیڤس:** هەست ئەکەم شتێکی لەو درزانە کردووە.

[وچان]

ببینە، هەفتەی پێشوو بارانێکی ئێجگار زۆر باری، بەڵام هیچ دڵۆپەی نەکردووتە ناو سەتڵەکە.

[وچان]

دەبێت بە قیر سواخی دابێ.

[وچان]

ئەو شەوە کەسێک لەسەر سەربانەکە دەهات و دەچوو. دەبێت ئەو بوویێت.

[وچان]



هەست دەکەم بە قیر سواخی داوە. خۆ یەک وشەی لە بارەی ئەوە پێ نەگوتوم. یەک دانە وشەی بە من نەگوتوە.

[وچان]

هیچ وەڵامم ناداتەوە کاتێک کە قسەی لەگەڵ دەکەم.

شەمچەیەک دادەگیرسێنێ، و دەیخاتە سەر پایپەکەی و نەفەسی لێ دەدات.

هیچ چەقۆم پێ نادات!

[وچان]

هیچ چەقۆیەکم ناداتێ نانەکەیشی پێ ببڕم.

[وچان]

چۆن کوتەسەمونێک لەت بکەم بە بێ چەقۆ؟

[وچان]

نەشیاوە بکرێ.

[وچان]

**مایک:** چەقۆت پێیە.

**دەیڤس:** چی؟

**مایک:** چەقۆت پێیە.

**دەیڤس:** چەقۆم پێیە. بە دڵنیاییەوە چەقۆم پێیە، بەڵام پێت وایە چۆن دەتوانم بەو چەقۆیە کوتەسەمونێک ببڕم؟ خۆ ئەوە چەقۆی نان نییە. ئەوە بۆ ئەوە نەکراوە نانی پێ ببڕدرێ. لە شوێنێک دەستم کەوت. نازانم لە کوێ بوو. دەزانم؟ نا، دەمەوێ...

**مایک:** دەزانم چیت دەوێ.

[وچان]

(دەیڤس هەڵدەستێ و دەچێ بۆ لای تەباخە گازەکە.)

**دەیڤس:** ئەی چی لەم تەباخە گازە بکەین؟ پێم دەڵێت نەبەستراوە. چۆن من بزانم کە نەبەستراوە؟ سەیرم بکە، من هەر دروست لە تەنیشت ئەمەوە دەخەوم. لە نیوەی شەودا خەبەرم دەبێتەوە. ڕاستەوڕاست ڕووم لە فڕنەکەیەتی، کورە، هەر دروست لەسەر دەموچاومە، چۆن بزانم، دەشێت کاتێک لەسەر جێگاکەم ڕاکشابم بتەقێتەوە، دەتوانێ زیانم پێ بگەیەنێ!

[وچان]

بەڵام لەوە ناچێ هیچ ئەوەی بە خەیاڵدا بێ کە من پێی دەڵێم. ئەو ڕۆژە پێم گوت، دەبینیت، لە بارەی ئەو ڕەشانەوە پێم گوت، لە بارەی ئەو ڕەشانەوە کە لەو دەرگایەی تەنیشتمانەوە دەردەکەون، و دێن و ئاودەستەکە بە کار دەبەن. پێم گوت، ئەوێ هەر زۆر پیسە، هەموو قەراخ و جێدەستی پلیکانەکان پیسن، هەموو ڕەشن، ئاودەستەکە سەراپا ڕەشە. بەڵام چی کرد؟ ئەو گوایا سەرایدار و بەرپرسی ئێرەیە، هەر هیچ ناڵێت. هیچ هیچی نییە بیڵێ.

[وچان]

دوو هەفتە لەوەبەر... ئا لێرە دانیشتبوو. قسەیەکی زۆری کرد... دوو هەفتە لەوە پێش. قسەیەکی زۆر زۆری کرد. لەو ڕۆژەوە بە ئاستەم وشەیەکی گوتبێت یان نا. ئەو ڕۆژە هەر



دەیگوت، نازانم چی لێ هاتبوو. خۆ سەیری منی نەدەکرد، قسەی بۆ من نەدەکرد، ئەو ئەسڵەن گوێ بە من نادا. قسەی بۆ خۆی دەکرد! ئەوە تەنیا شتێکە کە بیری لێ دەکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە، تۆ دێیت بۆ لام، و داوای ڕێنماییم لێ دەکەیت، ئەو هەرگیز شتی وا ناکا. مەبەستم ئەوەیە کە هەرگیز قسەیەکمان نییە، تێ دەگەیت؟ پیاو ناتوانێ لە ناو هەمان ژووردا لەگەڵ کەسێک بژی کە... هیچ باسێکت لەگەڵدا ناکاتەوە.

[وچان]

هەر هیچی لێ حاڵی نابم.

[وچان]

من و تۆ دەتوانین ئەم شوێنە بخەینە گەڕ.

**مایک:** (لەبەرخۆیەوە) ئەرێ، قسەکەت ڕاستە. ڕاست دەکەیت! دەزانیت دەتوانم چی لەم شوێنە بکەم.

[وچان]

دەتوانم ئەم شوێنە بکەم بە پێنتهاوسێک (باننهۆم). بۆ نموونە... هەر ئەم ژوورە. دەتوانیت ئەم ژوورە بکەیت بە ئاشپەزخانەیەک. ئەندازەیەکی دروست، پەنجەرەیەکی جوان. خۆر دێتە ژوور. دەتوانم ڕەنگێکی شینی سەوزباوی بکەم، کاخەزی دیواری ڕەنگ مسین. وام دەکرد کە ڕەنگەکان لەسەر دیوارەکان وەڵامی یەک بدەنەوە. وام دەکرد کە شتومەکی ئاشپەزخانەکە ڕەنگێکی بۆری خەڵووزییان هەبێت، بۆفی باشم ساز دەکرد بۆ شتومەکی چایی، بۆفیەکی گەورەی دیواربەند،

بۆفیەکی سووچی دیوار کە ڕەفەکانی بشبزوێت. دەتوانی شوێنی خوان بخەیتە لای ئەم تەختاییییە، دەبینیت؟ پەردەی ڤێنەتیان، زەویی تەختە، فەرشێکی نەرمی سپی، مێزێک لە تەختەی جوانی ئەفرۆمۆسیی، مێزی تەنیشتی ڕەشی تێر بە کەشەفەوە، کورسیی کەوانی و قەنەفەی کوشنی، کورسیی شانداریی داری قایم و باش، کورسی دووانەی سەر ڕۆخی دەریا بە گیای ئاوی چندراو، مێزی تەخت سپی کە گەرما کاری تێ نەکا، کاشیی سپی لە چواردەور. ئەرێ، ئەوجا ژووری نووستن. ژووری نووستن چییە؟ ژووری نووستن قەڵای پەنابۆبردنە. شوینێکە بۆ حەوانە و ئاسوودەیی. لەبەرئەوە دیکۆرێکی نەرم و بێدەنگت دەوێت. ڕووناکییەکەی دەبێت بە پێی پێویست بێت. مۆبلەکان... مەهاگۆنی و تەختەی گەوڵین بێ. مافوورێکی شینی قوول. پەردەی سپی و شینی نەرم. سەرنونێک کە نەخشی بچکۆلەی ڕۆزی شینی تێدا بێ و تەختەکەی سپی بێ، مێزێکی ئارایش و سینیداری پلاستیک، مێزێکی لامپا لە داری سپی پالم...

(مایک هەڵدەستێت.)

ئا ئەمە نابێ، کۆشکێک دەبێ.

**دەیڤس:** ئەرێ،، منیش وا دەڵێم.

**مایک:** کۆشکێک.

**دەیڤس:** کێ تیایدا بژی؟

**مایک:** من. من و براکەم.



**دەیڤس:** ئەدی ئەی من؟

**مایک:** (بە بێدەنگی) هەموو ئەم خرتەوپرتەیە. بە کەڵکی کەس نایەت. هەر هەمووی کۆنەئاسنە و هیچی تر. شتی قۆڕ. پیاو ناتوانێت ماڵێک لەمە دروست بکا. ئیمکانی نییە پێکەوە ڕێک بخرێن. شتی خوێڕی. هەرگیز ناشتوانێت بیانفرۆشێتەوە. کەس دوو قرانی پێ نادات.

[وچان]

شتی قۆڕ.

[وچان]

بەڵام لەوە ناچێت ئەو بەلایەوە گرینگ بێت کە چی لە مێشکی مندایە. ئەوە گرفتەکەیە. بۆ قسەیەکی لەگەڵدا ناکەی، بزانە ئارەزوومەندییەکی هەیە؟

**دەیڤس:** من؟

**مایک:** ئا. تۆ هاوڕێی ئەویت.

**دەیڤس:** هیچ هاوڕێی من نییە.

**مایک:** تۆ لە ژوورێکدا لەگەڵ ئەو دەژیت، مەگەر وا نییە؟

**دەیڤس:** هیچ هاوڕێی من نییە. پیاو هەرگیز نازانێت لەگەڵ ئەودا کێیە. مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ پیاوێکی وەکوو تۆدا، پیاو دەزانێت کێیە.

**مایک:** (لێی دەڕوانێت.)

مەبەستم ئەوەیە کە تۆ شێوەی خۆتت هەیە. من ناتوانم بڵێم تۆ شێوەی خۆتت نییە، هەموو کەسێک دەتوانێت ئەوە ببینێت.

ڕەنگە هەندێک شێوەی سەیرت هەبێت، بەڵام هەر هەموومان واین، بەڵام لەگەڵ ئەودا وا نییە. دەبینیت. مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ تۆدا لانیکەم، لەگەڵ تۆدا شت...

**مایک:** ڕێک و ڕەوانە. من ڕاشکاوم!

**دەیڤس:** ئەوەیە. تۆ ڕێک و ڕاشکاویت.

**مایک:** وایە.

**دەیڤس:** بەڵام لەگەڵ ئەودا نیوەی کاتەکە نازانیت چی دەوێت و بە چییەوە خەریکە.

**مایک:** ئۆ.

**دەیڤس:** هیچ هەستێکی نییە.

[وچان]

ببینە. پێویستم بە کاتژمێرێکە! پێویستم بە کاتژمێرێکە تا بزانم کات چەندە! چۆن بزانم کات چەندە بێ ئەوەی کاتژمێرێکم لە دەستدا بێ؟ ناتوانم. پێمگوت، گوتم، ببینە، چ دەڵێی کە کاتژمێرێکم بۆ پەیدا بکەی، تا بزانم کات چەندە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر نەزانیت کات چەندە، هەر ناشزانیت لە کوێندەریی. خۆ تێ دەگەیت مەبەستم چییە؟ دەبینیت؟ ئێستا چیم دەکرد، ئەگەر لە دەرەوە بوومایە و بڕۆیشتمایە، هەوڵم دەدا چاوم بە کاتژمێرێک بکەوێ و کاتەکە لەسەری خۆمدا تۆمار بکەم و بزانم کات چەندە. بەڵام ئەوە باش نییە. مەبەستم ئەوەیە کە هەر پێنج خولەک دەمێنمەوە و پاشان لە بیری دەکەم. لە بیرم دەچێتەوە کات چەندە بووە!



**دەیڤس:** (سەرەوخوار بە ژوورەکەدا دەڕوا.)

ئا بەو شێوەیە بیبینە. کاتێک کە کەمێک بێ حاڵ دەبم دێم و تۆزێک ڕادەکشێم. پاشان، کاتێک کە بە خەبەر دێم، نازانم کات چەندە، تا بزانم هەڵسم و بچم پیاڵەیەک چای بخۆمەوە! دەبینی. ئێجگار وا خراپ نییە کە دێمە ژوور، چونکە لەوێدا لە سووچەکەدا کاتژمێرێک هەیە. هەر ئەوەندەی پێ دەنێمە خانووەکەوە دەزانم کات چەندە. بەڵام تەنها ئەو کاتەی کە لە ناوەوەم! هەر تەنیا کاتێک کە لە ناوەوە بم... هەر هیچ هیچ ناتوانم بزانم کات چەندە!

[وچان]

ئەرێ، ئەوی پێویستمە ئەوەیە کە لێرە کاتژمێرێکم هەبێ، ئا لەم ژوورەدا. پاشانیش هەر یەک تۆز هەل، بەڵام خۆ نامداتێ.

**دەیڤس:** (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ.)

خەبەرم دەکاتەوە، لە نیوەی شەودا دێت و خەبەرم دەکاتەوە. پێم دەڵێت دەنگت لێوە دێت! پێت دەڵێم هەندێک جار نیوەڕێگام بڕیوە کە بکێشم بە دەمیدا.

**مایک:** ناهێڵێت بخەویت؟

**دەیڤس:** ناهێڵێت بخەوم! خەبەرم دەکاتەوە!

**مایک:** ئەوە هەر زۆر ناخۆشە.

**دەیڤس:** لە زۆر جێگای تر بووم. هەمیشە وازیان لێ هێناوم بخەوم. لە هەموو ئەو دونیایەدا وایە، لێرە نەبێ.

**مایک:** خەو سەرەکیە. من هەمیشە ئەوەم گوتووە.

**دەیڤس:** ڕاست دەکەیت. سەرەکیە. بەیانان خەبەرم دەبێتەوە. تەواو سواوم! کارم هەیە بیانکەم. دەبێ ببزوێم. دەبێت خۆم کۆ بکەمەوە. دەبێت بکەومە سەر ڕێ. بەڵام کە لە بەیانییاندا خەبەرم دەبێتەوە، هیچ وزەیەکم تێدا نییە. لەسەرو و هەموو ئەوەشەوە کاتژمێرێکم نییە.

**مایک:** وایە.

**دەیڤس:** (دەوەستێ. دەبزوێ) ئەو خۆی دەچێتە دەر. نازانم بۆ کوێ دەچێ. دەچێتە کوێ. خۆ هەرگیز پێم ناڵێ. جارەوبارە قسەیەکمان دەکرد، بەڵام ئەوەش نەماوە. هەرگیز نایبینم. دەچێتە دەر، درەنگانێک دەگاتەوە ماڵ. ئیتر هەر ئەوەندە دەزانم سەرەی من دێت کە لە نیوەی شەودا پاڵی پێوە بنێت.

[وچان]

ببینە، لە بەیانییاندا خەبەرم دەبێتەوە... لە بەیانییاندا خەبەرم دەبێتەوە پێم پێ دەکەنێت! لەوێدا دەوەستێ! لەوێدا دەوەستێت. سەیرم دەکا و زەردەخەنە دەیگرێت! لە منەوە دیارە، دەبینیت. لە ناو بەتانیەکەوە دەیبینم. چاکەتەکەی خۆی لەبەر دەکا. خۆی با دەدا، سەیرێکی پێخەفەکەم دەکا، و زەردەخەنەکە هەر بە لێویەوەیەتی! کاول بێت، بە دەم چییەوە زەردە دەیگرێ؟ ئەوەی ئەو ئاگای لێ نییە ئەوەیە کە من لە ناو بەتانییەکەوە لێی دەڕوانم. ئەو ئاگای لێ نییە و نازانێ! نازانێ کە دەتوانم بیبینم، پێی وایە خەوتووم. بەڵام هەر هەموو کاتەکە لە ناو بەتانییەکەوە چاوێکم تێوەیەتی. دەبینی؟ بەڵام خۆی نازانێ! هەر سەیرم دەکات و زەردەخەنە دەیگرێ. نازانێت ئاگام لێیەتی



وا دەکا!

[وچان]

(دەچەمێتەوە. نێزیک بە مایک.)

نەخێر. ئەوەی تۆ دەتەوێ ئەوەیە کە قسەی لەگەڵدا بکەیت. دەتەوێت قسەی لەگەڵدا بکەیت. وایە؟ من بیرم لەوە کردووەتەوە. تۆ دەتەوێ پێی بڵێی... کە ئێمە پلانمان بۆ ئەم شوێنە هەیە، کە دەتوانین ئاوەدانی بکەینەوە، دەتوانین دەستی پێ بکەین. دەبینیت. دەتوانم سەرتاپا بۆت دیکۆر بکەم. دەتوانم یارمەتیت بدەم لە کردنیدا... لە بەینی خۆماندا بێ.

[وچان]

ئێستا لە کوێ دەژیت؟

**مایک:** من؟ ئۆ، شوێنێکی بچکۆلەم هەیە. خراپ نییە. هەموو شتێکی تێدایە. دەبێت جارێک سەردانێکم بکەیت و خواردنەوەیەکی تێدا هەڵبدەین. گوێ لە هەندێک چایکۆڤیسکی بگرین.

**دەیڤس:** نا، تۆ ئەو پیاوەی کە دەبێت لەگەڵیدا بدوێیت. مەبەستم ئەوەیە، ئاخر خۆ براتە.

[وچان]

**مایک:** بەڵێ... ڕەنگە بیکەم.

[دەرگایەک دەنگی لیوە دێت.]

**مایک:** (هەڵدەستێ. دەچێ بۆ لای دەرگاکە و دەڕوا.)

**دەیڤس:** بۆ کوێ دەچیت؟ ئەوە ئەوە!

[بێدەنگی.]

**دەیڤس:** (هەڵدەستێ. دەچێ بۆ لای پەنجەرەکە و سەیری دەرەوە دەکا.)

(ئەستن دێتە ژوور. کیسەیەکی کاخەزی پێیە. پاڵتۆکەی دادەکەنێ. کیسەکە دەکاتەوە و جووتێک کەوش دەردەهێنێ.)

**ئەستن:** جووتێک کەوش.

**دەیڤس:** (ئاوڕ دەداتەوە) چی؟

**ئەستن:** پەیدام کرد. تاقییان بکەوە.

**دەیڤس:** کەوش؟ چ جۆرێک؟

**ئەستن:** ڕەنگە بۆت باش بن.

**دەیڤس:** (دێتەخوار، دەمپاییەکانی خۆی دادەکەنێ و کەوشەکان تاقی دەکاتەوە. پێیانەوە دەگەڕێت. پێی بەملاولادا ڕادەتەکێنێ، دەچەمێتەوە و دەست لەسەر چەرمەکەی دادەگرێ.)

**دەیڤس:** نا، باش نین.

**ئەستن:** باش نین؟

**دەیڤس:** نا، بە پێم فیت نین.

**ئەستن:** ئممممممم.

[وچان]

**دەیڤس:** باشە، پێت دەڵێم چی، ڕەنگە بە پێم بن... تا ئەو کاتەی جووتێکی تر پەیدا دەکەم.

[وچان]

قەیتانەکانی لە کوێن؟



**ئەستن:** نییانە.

**دەیڤس:** ناتوانم بێ قەیتان لە پێیان بکەم.

**ئەستن:** من هەر ئێستا کەوشەکان خۆیانم دەست کەوتوون.

**دەیڤس:** باشە ئێستا، ئەوە چاکەکە دەسڕێتەوە، وا نییە. مەبەستم ئەوەیە، ئاخر خۆ تۆ ناتوانیت ئەم کەوشانە لە پێ بکەیت ئەگەر قەیتانیان نەبێت. تەنیا ڕێگایەک کە کەوش بە پاوە بوەستێ ئەوەیە کە قەیتانیان هەبێ. قەیتان بۆ ئەوەیە کە لە پێدا ڕایان بگریت. دەبینیت؟ بە کەوشی توندکراوەوە پیاو بە ڕێگادا دەڕوا؟ دەبینیت؟ ئەمە بۆ پێ باش نییە. فشارێکی زۆر دەخاتە سەر پێ. ئەگەر کەوش باش توند بکرێ، کەمتر فشار بۆ پێ دەهێنرێ.

(ئەستن دەچێ بۆ سەر جێگاکەی.)

**ئەستن:** ڕەنگە لە شوێنێک قەیتانی کەوشم هەبێت.

**دەیڤس:** دەبینی مەبەستم چییە؟

[وچان]

**ئەستن:** ئەوە چەند دانەیەکە.

(دەیانگەیەنێتە دەست دەیڤس.)

**دەیڤس:** ئەمانە قاوەیین.

**ئەستن:** هەر ئەوانەم هەن.

**دەیڤس:** کەوشەکان ڕەشن.

**ئەستن:** (وەڵام ناداتەوە.)

باشە، بەهەرحاڵ، دەکرێ تا ئەو دەمەی جووتێکی تر پەیدا دەکەم بەکەڵک بێن.

**دەیڤس:** (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ و دەست دەکا بە قەیتانتێگرتنی کەوشەکانی.)

ڕەنگە سبەی بمگەیەننە سایدکەپ. ئەگەر بگەمە ئەوێ دەتوانم کاروباری خۆم جێبەجێ بکەم.

[وچان]

بەڵێنی کارێکی باشم پێ دراوە. بەڵێنیان پێ داوم. کەسەکە... خاوەنی کۆمەڵێک بیرە. ئەو کەسە شتێک ئایندەی هەیە. بەڵام کاخەزەکانمیان دەوێ. دەبینیت، دەیانەوێ بەرخوردنامەکانم ببینن. دەبێ بگەمە سایدکەپ تا دەستم بکەون. هەموویان لەوێن. دەبینیت، کێشەکە لەوێدایە کە بگەمە ئەوێندەرێ. ئەوە گرفتەکەمە. ئاووهەوا ئاوا دوژمنی منە.

**ئەستن:** (بەبێ دەنگی دەڕوا، دەیڤس تێبینی ناکا.)

نازانم ئەم کەوشانە تا کوێ هەڵ بکەن. جادەکەی خراپە، لەوەبەر ئەو ڕێگایەم بڕیوە، لەو دیوەوە هاتووم، دوا جار ئەوێم جێ هێشت... هێن بوو، دوا جار... ماوەیەک لەوەبەر بوو، ڕێگایەکە خراپ بوو، باران بە خوڕ دەباری. بەختیار بووم کە لەسەر ئەو جادەیە نەمردم. بەڵام هەر گەیشتمە ئێرە. هەر ڕۆیشتم و ڕۆیشتم... بەڵێ... هەر ڕانەوەستام و ڕۆیشتم. بەڵام هاوکاتیش، خۆ ناتوانم هەر وا بەردەوام بم. ئەوەی دەبێ بیکەم ئەوەیە کە بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ، ئەو پیاوە بدۆزمەوە...



(وەردەچەرخێ و سەیرێکی ژوورەکە دەکا.)

خودایە! ئەو سەگسارە هەر گوێشم لێ ناگرێ! هەر بۆ خۆی لێیدا و ڕۆیشت.

[تاریک دادێت.]

(شەوە. ئەستن دەیڤس هەردووکیان لە ناو جێگادان. دەیڤس بە دەم خەوەوە دەناڵێنێ.)

(ئەستن هەڵدەستێت، لە پێخەفەکەی دێتە دەر، لەمپاکە دادەگیرسێنێ و دەچێ بۆ لای دەیڤس، و ڕای دەوەشێنێ.)

**ئەستن:** کورە تۆ، بێدەنگ بە، خۆ ناهێڵیت بخەوم.

**دەیڤس:** چی؟ چی؟ چی قەوماوە؟

**ئەستن:** هەر وڕێنە دەکەیت.

**دەیڤس:** من پیاوێکی بەتەمەنم. مەگەر چاوەڕوانیی چیت لە من هەیە. هەناسەی خۆم بگرم؟

**ئەستن:** دەنگت لێوە دێ.

**دەیڤس:** چاوەڕوانیی چیت لە من هەیە. هەناسەی خۆم بگرم؟

(ئەستن دەگەڕێتەوە بۆ سەر جێگاکەی خۆی و پانتۆڵەکەی لە پێ دەکات.)

**ئەستن:** کەمێک هەوا وەردەگرم.

**دەیڤس:** چاوەڕوانیی چی لە من دەکەیت؟ پێت دەڵێم کاکە. هیچ سەرسوڕماو نیم کە بردوویانیت و کردوویانیتە کون. پیاوێکی پیر لە نیوەی شەودا خەبەر دەکەیتەوە، دەبێت پێچ و مۆرەت

پێوە نەمابێ! خەونی ناخۆش دەبینم، مەگەر کێ بەرپرسیارە، باشە دەی، کە من ئاوا خەونی ناخۆش دەبینم؟ ئەگەر تۆ نەیەیت و ئاوا تێم نەخوڕیت منیش پرخە پرخ ناکەم و ناناڵێنم! بە تەمای من چۆن بە ئارامیی بخەوم کە تۆ هەمیشە هەر دێیت و تێم دەکوتیت؟ چاوەڕوانیی چیت لە من هەیە. هەناسەی خۆم بگرم؟

(لێفەکەی خۆی فڕێ دەدا و لە پێخەفەکەی دێتە دەر. پانتۆڵ و هێلەک و چاکەتەکەی خۆی لەبەر دەکا.)

ئێرە وا سارد بووە کە ناچارم بە پانتۆڵەکەمەوە بچمە ناو جێگا. لەوەبەر لە ژیانمدا شتی وام نەکردووە. بەڵام لێرە ناچارم وا بکەم. هەر لەبەرئەوەی تۆ هیچ گەرمییەکی خوداگرتوو ناکەیتەوە! ئیتر بەم تێکوتانەی تۆ گەیشتووەتە تینم. کورە، من ڕۆژانی باشترم دیوە وەک لە تۆ، هیچ کەسێک نەیتوانیوە من بخاتە ناو یەکێک لەو شوێنانە. من تەندروستم! ئیتر مەکەوە تێکوتانم. من وەزعم باشە هێندەی کە تۆ لە شوێنی خۆت دوور نەکەویەوە. هەر ئەوەندە. لەبەرئەوە با پێت بڵێم، براکەت چاوێکی لەسەرتە. هەموو شتێکت لەسەر دەزانێ. من بێ هاوڕێ نیم، نیگەرانی ئەوە نەبی. هاوڕێیەکی ڕاستەقینەم هەیە. وەک پیسی مامەلەم لە تەکدا دەکەیت! بۆ دێیت و داوەتی ئێرەم دەکەیت، ئەگەر ئە ئاوا بەم شێوەیە مامەڵەم لە تەکدا دەکەیت؟ پێت وایە تۆ لە من باشتریت و بیری تریش بۆ دێ. زۆر دەزانم، ها. لەوە پێش هەڵیان داویتە یەکێک لەو کونانەوە، دەتوانن جارێکی تریش تێت هاونەوە. براکەت



چاوێکی لەسەرتە! دەتوانن دووبارە مووکێشەکان بخەنەوە سەر ئەملاولای سەرت، کورە، دەتوانن دووبارە بیخەنەوە سەری! هەر کاتێک بیانەوێ. هەر ئەوەندە پێویستە وشەکە بگاتەوە گوێیان. دەتبەنەوە بۆ ئەوێ. کورە، دێن و هەڵت دەگرن و بە باوەش دەتبەنەوە بۆ ئەوێ! چارەت دەکەنەوە. مووکێشەکان دەخەنەوە سەر سەرت و چارەت دەکەن! سەیرێکی هەموو ئەم شتە قۆڕەی ئێرە دەکەن کە من لێرە ناچارم لە ناویاندا بخەوم و دەزانن تۆ کێیت. گوێم لێ بگرە، با پێت بڵێم، لەبەرئەوە بەریان دای وایانزانی نەرم بوویت، ئەوە گەورەترین هەڵە بوو کردیان. کەس نازانێت مەشغووڵی چییت. دەچیتە دەر، دێیتە ژوور، کەس نازانێ خەریکی چیت! باشە، بزانە، هیچ کەسێک ناتوانێت چەندی بوێت سەر بخاتە سەرم. پێت وایە من دێم و هەرچی کارە قۆڕە، کاری قۆڕ کە خۆت بۆت ناکرێت، بۆت دەکەم؟ ها، جێی خۆیەتی باشتر بیر بکەیەوە! پێت وایە من دێم و هەرچی کاری قۆڕە بۆت دەکەم، سەروخوار، هەر تەنیا لەبەرئەوەی ڕێگام بدەی شەوانە لێرە لەم کونە پیسە چلکنەدا بنووم؟ ئیتر چیتر نا، کورە. نازانیت نیوەی کاتەکە بە چییەوە خەریکیت. کەوتوویتە ناو ئاوی خوڕ! نیوەی کات کوژاویتەوە. هەر بە سەیرکردنێکتدا دەبینرێت. کێ هەتا ئێستا بینیوویەتی تۆ دوو کارم پێ بدەیت؟ وەکوو ئاژەڵێکی خوێڕی مامەڵەم دەکەی! خۆ من هەرگیز ناوەوەی شێتخانەیەکم نەدیتووە.

**ئەستن:** (بە ئاستەم ڕووبەڕووی ئەو دەبزوێ. دەیڤس چەقۆکەی لە گیرفانی دەردەهێنێ.)

نەیەیتە پێشەوە لێم، کورە. ئا ئەمەم پێیە. بەکاری دەهێنم. نەیەیتە پێش.

(وچانێک. لە یەکتر دەڕوانن.)

[وچان]

هەوڵ نەدەیت توخنم بکەویت.

[وچان]

**ئەستن:** پێم وایە... ئیتر کاتی خۆی هاتووە بڕۆیت و شوێنێکی تر بۆ خۆت بدۆزیتەوە. پێم وانییە بتوانین بە یەکەوە بیگوزەرێنین.

**دەیڤس:** شوێنێکی تر بدۆزمەوە؟

**ئەستن:** بەڵێ.

**دەیڤس:** من؟ لەگەڵ منتە؟ نا من نا، کورە، تۆ دەبێت بیدۆزیتەوە!

**ئەستن:** چی؟

**دەیڤس:** تۆ، باشتر وایە تۆ شوێنێکی تر بدۆزیتەوە!

**ئەستن:** من لێرە دەژیم. تۆ لێرە ناژیت.

**دەیڤس:** من لێرە ناژیم؟ دەبینیت، لێرە دەژیم. لێرە کارێکیان پێ سپاردووم.

**ئەستن:** باشە، بەڵام لە ڕاستیدا پێم وانییە کە تۆ بۆ ئەو کارە گونجاو بیت.

**دەیڤس:** گونجاو نیم؟ باشە، با پێت بڵێم. کەسێک لێرە هەیە کە پێی وایە من گونجاوم. با پێشت بڵێم. من لێرە وەک سەرایدارێک ماومەتەوە! حاڵی بە! براکەت، ئەو پێی گوتم، دەبینیت، ئەو پێی



گوتم کارەکە هی منە. من! تێ بگە من کێم. من دەبم بە سەرایداری ئەو.

**ئەستن:** براکەم؟

**دەیڤس:** ئەو لێرە دەمێنێتەوە. ئیتر ئەو ئەم شوێنە بەڕێوە دەبات. منیش لای ئەو دەمێنمەوە.

**ئەستن:** ببینە. ئەگەر من... یەک دوو قڕانت بدەمێ دەتوانیت خۆتی پێ بگەیەنیتە سایدکەپ.

**دەیڤس:** جارێ هۆدەکەی خۆت دروست بکە! یەک دوو قڕان! کەنگێ من لێرە دەتوانم مووچەیەکی ئاسایی وەربگرم! جارێ خانووچکە بۆگەنەکەی خۆت تەواو بکە! با جارێ ئەوە بەس بێت!

(ئەستن لێی دەڕووانێ.)

**ئەستن:** ئەوە هۆدەیەکی بۆگەن نییە.

[بێدەنگیی.]

**ئەستن:** (بەرەو لای دەچێ.)

هۆدەیەکی خاوێنە. هەمووی داروتەختەی باشە. بەرزی دەکەمەوە. هیچ گرفتێک نییە.

**دەیڤس:** زۆر نێزیک نەکەویەوە!

**ئەستن:** لە خۆڕا بەوە دەڵێی هۆدەی بۆگەن.

**دەیڤس:** (چەقۆکەی ئاراستە دەکا.)

تۆش بۆنت دێ.

**دەیڤس:** چی؟

**ئەستن:** تۆ ماڵەکەت بۆگەن کردووە.

**دەیڤس:** خودایە، تۆ وا بە من دەڵێیت!

**ئەستن:** لە مێژە. لەبەرئەوەیە خەو ناکەوێتە چاوم.

**دەیڤس:** تۆ وا بە من دەڵێیت! تۆ بە من دەڵێیت بۆگەن!

**ئەستن:** باشتر وایە بڕۆیت.

**دەیڤس:** لە کارت دەخەم.

(دەستی دەهێنێتە پێش. باڵی بە ئاستەم دەلەرزێ. چەقۆکە ئاراستەی ورگی ئەستن دەبێت. ئەستن نابزوێ. بێدەنگیی. دەستی دەیڤس لە شوێنی خۆیدا دەوەستێ. هەردووکیان دەوەستن.)

لە کارت دەخەم.

[وچان]

**ئەستن:** شتەکانت کۆ بکەوە.

(دەیڤس ڕووی چەقۆکە دەکاتە سنگی ئەستن. بە توندیی هەناسە دەدا. ئەستن: دەچێ بۆ سەر جێگاکەی دەیڤس، جانتاکەی دەیڤس هەڵدەگرێ و هەندێک لە شتەکانی ئەوی تێ دەهاوێ.)

**دەیڤس:** تۆ ناتوانیت. تۆ مافت نییە وا بکەیت... لێی گەڕێ ئەوە هی منە!

(دەیڤس جانتاکەی لێ وەردەگرێ و شتەکانی تێ دەئاخنێ.)

باشە... من لێرە کارێکم پێ دراوە... چاوەڕێ بە...



(چاکەتە سمۆکینگەکەی لەبەر دەکا.)

چاوەڕێ بە... براکەت... چارت دەکا... ئاوام پێ دەڵێیت... هیچ کەسێک هەرگیز وای پێ نەگوتووم.

(پاڵتۆکەیشی لەبەر دەکا.)

لە پاشان پەشیمان دەبیەوە کە ئاوات پێ گوتووم... هێشتا دوا وشەت لە من نەبیستووە.

(جانتاکەی هەڵدەگرێ و بەرەو لای دەرگاکە دەڕوا.)

بەداخەوە دەبی کە ئاوات پێ گوتووم...

(دەرگاکە دەکاتەوە. ئەستن لێی دەڕوانێ.)

ئێستا دەزانم باوەڕم بە کێ هەبێ.

(دەیڤس دەچێتە دەر. ئەستن دەوەستێ.)

[تاریک دادێ.]

[ڕووناکی. سەر لە ئێوارەیە.]

[لەسەر پلیکانەکان دەنگ دێت.]

(مایک و دەیڤس دێنە ژوور.)

**دەیڤس:** بۆن! گوێت لێیە! من! پێمگووتی چی پێگوتووم، پێم نەگوتیت؟ بۆگەن! دەیبیستی؟ ئا ئەوەی پێ گوتووم!

**مایک:** شش، شش، شس

**دەیڤس:** ئەوەی پێ گوتوم.

**مایک:** تۆ بۆگەن نیت.

**دەیڤس:** نەخێر، قوربان!

**مایک:** ئەگەر بۆنت لێبهاتایە من یەکەمین کەس بووم پێم دەگوتیت.

**دەیڤس:** پێم گوت... پێم گوت من... پێم گوت کە هێشتا ئاخر وشەی لێ نەبیستووم، کورە! پێم گوت، براکەتت لە بیر نەچێ. پێم گوت کە تۆ دێیت و ئەم حیسابەی لەگەڵدا دەکەیت. ئەو نازانێت بەو کارەی دەستی بە چی کردووە. کە ئاوا لە من بکات. پێم گوت... پێمگوت کە تۆ دێیت، کە براکەت لەگەڵمدا دێت، کە تۆ ئەقلت لەسەردایە، وەکو ئەو نیت.

**مایک:** مەبەستت چییە؟

**دەیڤس:** ها؟

**مایک:** تۆ دەڵێیت کە براکەم هیچ ئەقڵی لەسەردا نییە؟

**دەیڤس:** چی؟ من هەرئەوەندە دەڵێم، تۆ بیرت بۆ ئەم شوێنە هەیە، بۆ هەموو ئەم شتانە... هەموو ئەم دیکۆر کردنە، دەبینیت؟ مەبەستم ئەوەیە کە ئەو هیچ مافێکی نییە ئاوا بێت و فەرمان بەسەرمدا بدات. من فەرمان لە تۆ قبووڵ دەکەم، سەرایدارییەکە بۆ تۆ دەکەم، مەبەستم ئەوەیە کە تۆ ئاگات لێمەوەیە... تۆ وەکو مشتێک کوڵک مامەڵەم ناکەیت... هەردووکمان دەتوانین... هەردووکمان دەیبینین کە کابرا چییە.

[وچان]

**مایک:** ئەی ئەو گوتی چی، کاتێک کە پێت گوت من کاری سەرایداریەکەم پێ داویت؟

**دەیڤس:** ئەو... ئەو گوتی... ئەو گوتی... شتێکی وەکوو... کە ئەو لێرە دەژی.



**مایک:** ئەرێ، بەڵام ئەو ڕاست دەکا، مەگەر وا نییە؟

**دەیڤس:** ڕاست دەکا؟ ئەمە ماڵی تۆیە، وا نییە؟ تۆ ڕێگات بەو داوە لێرە بژی!

**مایک:** باوەڕدارم کە دەتوانم پێی بڵێم بڕیوات.

**دەیڤس:** ئێ منیش وام پێ گوت.

**مایک:** بەڵی. دەتوانم پێی بلێم بڕووات. مەبەستم ئەوەیە کە من خێوی خانووەکەم. بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەو کرێنشینێکی جێگرتووە. دەبینیت، ئیزندانی، مەسەلەیەکی یاساییە و بە یاسا بەندە، هەر ئەوەندەیە. لەسەر ئەوە کەوتووە کە تۆ ئەم ژوورە چۆن دەبینیت. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر تۆ ئەم ژوورە وەکو ژوورێکی ئەساسدار دەبینیت یان بێ ئەساس. دەزانیت مەبەستم چییە؟

**دەیڤس:** نەخێر نازانم.

**مایک:** دەبینیت، هەموو ئەم شتومەکانە لێرە هەن، هەمووی هی ئەوە، بێ لە تەختەکانی خەو، بێگومان. کەواتە ئەوەی ئەو دەیڵێت، قسەیەکی تەواو یاساییە، مەسەلەکە ئەوەیە.

[وچان]

**دەیڤس:** پێت دەڵێم... وا باشە ئەو بڕواتەوە ئەو شوێنەی لێی هاتووە!

**مایک:** (با دەداتەوە بۆ ئەوەی ڕووی تێ بکا) کە لێوەی هاتووە؟

**دەیڤس:** بەڵێ.

**مایک:** مەگەر لە کوێوە هاتووە؟

**دەیڤس:** ئەو... ئەو... لە...

**مایک:** هەندێک جار لە سنووری خۆت دەرناچیت، پێت وا نییە؟

[وچان]

(هەڵسان. بە پەلە) باشە، دەی بە هەرحاڵ، کە شتەکان بەو شێوەیەن، هیچ کێشەیەکم نییە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم شوێنە بگۆڕم...

**دەیڤس:** منیش دەمەوێ ئەوەت لێ ببیستم!

**مایک:** نەخێر، کێشەیەکم نییە.

(وەردەچەرخێت بۆ ئەوەی ڕوو بکاتە دەیڤس.)

بەڵام تۆ دەبێت وا باش بیت کە دەڵێیت باشم.

**دەیڤس:** مەبەستت چییە؟

**مایک:** مەگەر تۆ ناڵێیت کە دیکۆروانی، باشتر وایە دیکۆروانێکی باش بیت دەنا.

**دەیڤس:** چی بم؟

**مایک:** مەبەستت چییە لە "چی بم؟" دیکۆروان، کەسێک کە دیکۆری ناوماڵ دەکا.

**دەیڤس:** من؟ مەبەستت چییە. من هەرگیز وام نەگوتووە. هەرگیز ئەو کارەم نەکردووە.

**مایک:** چیت هەرگیز نەکردووە؟

**دەیڤس:** نا، نا، من نا. کوورە، من دیکۆروان نیم. من هەر زۆر مەشغوول بووم. زۆر شتی تر هەبوون کە بیکەم، دەبینیت. بەڵام... بەڵام هەمیشە دەتوانم کە دەستەکانم بە شتی تر



ڕابهێنم... هەندێک کاتم بدەیە... تا دەستم پێی ڕابێت.

**مایک:** نامەوێت دەستت پێی ڕا بێت. من یەک دانە دیکۆروانی دەرەجە یەکم دەوێت. پێم وابوو تۆ ئەو دانەیەیت.

**دەیڤس:** من؟ یەک تۆز سەبر، یەک تۆز سەبر، تۆ لەگەڵ کەسێکی تر دەدوێیت.

**مایک:** چۆن لەگەڵ کەسێکی تر دەدوێم؟ تۆ تەنیا کەسێکیت کە لەگەڵیدا قسەم کردووە. تۆ تەنیا کەسێکی کە ئەمەم لا باس کردووە، کە باسی خەونەکانی خۆم لا کردووە، باسی قووڵترین ئارەزووەکانم. تۆ تەنیا کەسێکی پێم گوتبێت. هەر تەنیا بۆ تۆم باس کرد چونکە پێم وابوو تۆ کەسێکی دەرەجە یەکی دیکۆروانی پسپۆڕیت و هەروەها دیکۆروانێکی دەرەوەی ماڵیشی.

**دەیڤس:** سەیر بکە، سەیر بکە.

**مایک:** مەبەستت ئەوەیە کە نازانی شینی تۆخ، چوارگۆشەی ڕەنگ مسین و شینی قووڵ کامەیە و ئەو ڕەنگانە لە سەر دیوارەکە پێکەوە هاوئاهەنگ بسازێنیت؟

**دەیڤس:** نا، نا، بڕوانە، لە کوێ ئەم شتانەت پەیدا کرد؟

**مایک:** کەواتە ناتوانیت مێزێک بە شینی قووڵی ئەفۆمۆسی دیکۆر بکەیت، مێزێکی شاندار بە تەختەی قاوەی ی کاڵ و کورسیی کوشنی بە گیای هۆنراوەی دەریا بڕازێنیتەوە؟

**دەیڤس:** من هەرگیز شتی وام نەگووتوە.

**مایک:** براڵە، تۆ کەسێکی خۆگۆڕی!

**دەیڤس:** نا، ناکرێت تۆ شتی وا بە من بڵێیت. تۆ منت وەکو سەرایدارێک بۆ ئێرە هێنا. من هەرئەوەندەم لەسەر بوو شاگردییەکت بکەم، هەر ئەوەندە بوو. ئەو کارە بە مووچەیەکی کەم، مووچەیەکی کەم. من هەرگیز شتی وام نەگووتوە. خۆت دەستت کرد بە ناوزەندکردم بە شتی جۆراوجۆر.

**مایک:** ناوت چییە؟

**دەیڤس:** دەست بەوە مەکە.

**مایک:** نا، باشە ناوە ئەسڵییەکەت چییە؟

**دەیڤس:** ناوە ئەسڵییەکەم دەیڤسە.

**مایک:** ناوە نهێنییەکەت چییە؟

**دەیڤس:** جێنکینس!

**مایک:** تۆ دوو ناوت هەیە. ئەی چی تر؟ ها؟ دەی پێم بڵێ، بۆچی ئەو هەموو فشەیەت لەسەر دیکۆروانیی خۆت پێ گوتم؟

**دەیڤس:** من هیچم پێ نەگوتوویت؟ گوێ لە هیچ شتێک ناگریت کە من پێت دەڵێم؟

[وچان]

ئەو پێی گوتوویت. دەبێت براکەت ئەو شتانەی پێ گوتبێت. ئەو تێک چووە. ئەو دەتوانێت هەموو شتێکت پێ بڵێ. هەر شتێک، کابرا تەواو نییە. نیوەی ڕێگای شێتیی تەی کردووە. دەبێ ئەو پێی گوتبێت.

مایک ڕووبەڕووی دەڕوات.

**مایک:** براکەمت بە چی بانگ کرد؟



**دەیڤس:** کەی؟

**مایک:** براکەم چییە؟

**دەیڤس:** من... ئێستا باش لە مە حاڵی ببە...

**مایک:** شێتۆکە؟ کێ شێتۆکەیە؟ براکەی من؟

[وچان]

بە براکەی من دەڵێی شێتۆکە؟ برای من. ئەوەی دەیڵێیت... ئایا ئەوە شتێکی کەمێک بێ ئەدەبی نییە، وا نییە؟

**دەیڤس:** بەڵام خۆی وا دەڵێت!

(مایک لە سەرەخۆ بە دەوری دەیڤسدا دەخولێتەوە. یەک جار لێی وردەبێتەوە.)

**مایک:** چ پیاوێکی سەیری تۆ. وا نییە؟ بە راستی سەیریت. لەو ڕۆژەوەی پێت ناوەتە ئەم خانووە هەر کێشەت ناوەتەوە. بە ڕاستی، ناتوانم هیچ شتێک بە هەند وەربگرم کە تۆ دەیڵێیت. هەر شتێک دەڵێیت جێگای چەندین لێکدانەوەی جیاوازە. زۆربەی ئەوەی دەیڵێیت درۆیە. تۆ بێ بەریت، تۆ هەر بە تەواوی جێی نادڵنیاییت. کە پیاو لێت حاڵی دەبێت، هیچ شتێک نیت زیاتر لە ئاژەڵێکی دڕندە. بەڕبەڕیت. هەر لە دەری قوونتەوە هەتا سەری سەرەوە بۆگەنت دێت و دەبێت سەرەکەی بنرێتەوە. ببینە. تۆ خۆت دێیتە ئێرە و خۆت وەک دیکۆروانێکی ناوماڵ دەناسێنیت، منیش باوەڕ بە قسەکەت دەکەم، پاشان چی ڕوو دەدات؟ قسەیەکی دوورودرێژ لەسەر هەموو ئەو ئەزموونانامانە دەکەیت کە گوایا هەتن و کە دەچیت لە سایدئەپ

دەیانهێنیت.جێی داخە، بەڵام لەوە دەچێت ناچار بم پارەی ئەو ماوەیەت بدەمێ کە گوایا سەرایدار بوویت. فەرموو ئەوە نیودۆلار.

(دەست دەکات بە گیرفانی خۆیدا، نیوکراونێک دەردەهێنێت و هەڵی دەداتە بەر دەم لاقی دەیڤس. دەیڤس بێ جووڵە ڕادەوەستێ. مایک دەچێت بۆ لای تەباخی گازەکە و پەیکەرەکەی بووداکە بە دەستییەوە دەگرێت.

**دەیڤس:** (لەسەرەخۆ) کەوایە باشە... وا بکە... بیکە... ئەگەر ئەوە ئەوەیە کە دەتەوێ...

**مایک:** ئەرێ، دروست ئەوە ئەوەیە کە دەمەوێت وا بکەم.

(پەیکەرەکەی بوودا توند دەکێشێ بە تەباخەکەدا. پەیکەرەکە دەشکێت.)

(بە هەستەوە) خەڵک پێی وایە ئەم خانووە تەنیا شتێکە کە بیری لێ دەکەمەوە. شتی تر زۆرە کە دەتوانم پێت بڵێم بیریان لێ دەکەمەوە. شتی تر. ئارەزووی ترم زۆرە. بیزنیسی خۆم هەیە کە دەبێت سەری بخەم، وا نییە؟ دەبێت بیر لە بەرفراوانبوون بکەمەوە... بە هەموو ئاراستەیەکدا. من لە شوێنی خۆمدا دانانیشم. من هەمیشە دەبزوێم... هەمیشە دەبزوێم. دەبێت بیر لە ئاینده بکەمەوە. من نیگەرانی ئەم خانووە نییم. چ ئارەزوویەکی ئەمەم نییە. براکەم دەتوانێت بە دەربەستییەوە بێت. ئەو دەتوانێت چاکی بکات، ئەو دەتوانێت دیکۆری بکا، دەتوانێت هەر شتێکی لێ بکا کە پێی خۆشە. گوێم لێی نییە. پێم وابوو قازانجێکی پێ دەگەیەنم، کە ڕێگام



داوە لێرە بژی. ئەو خاوەنی بیری خۆیەتی. با ئەو بیرانەی هەبێت. من ئەمە فڕێ دەدەم.

[وچان]

**دەیڤس:** ئەدی ئەی من؟

بێدەنگیی. مایک تەماشای ناکات.

دەرگایەک توند پێوە دەدرێت.

[بێدەنگیی] (هیچیان نابزوێن.)

**ئەستن:** (دێتە ژوور. دەرگاکە دادەخا، دەچێتە ژوورەوە و بەرانبەر بە مایک ڕادەوەستێ. لە یەکتر دەڕوانن. هەردووکیان بە دەم یەکەوە زەردە دەیانگرێت. زەردەخەنەکەیان وردە وردە دەڕەوێتەوە.

**مایک:** (دەست دەکات بە قسەکردن لەگەڵ ئەستن) ببینە... ها...

(مایک دەست دەکا بە ڕۆیشتن، دەچێ بەرەو دەرگاکە و لە چاو ون دەبێت. ئەستن دەرگاکە دەخاتە سەر پشت، لە پشت دەیڤسەوە دەڕوات. بودا شکاوەکە دەبینێ، و بۆ چاوتروکاندنێک لە پارچە شکاوەکان دەڕوانێ. پاشان دەچێتە سەر جێگاکەی. پاڵتۆکەی دادەکەنێ، دادەنیشێ، دەڕنەفیزێک و پلاکێک دەردەهێنێ و دەست دەکات بە کارکردن لەسەر پلاکەکە.)

**دەیڤس:** هاتبوومەوە پایپەکەم بهێنم.

**ئەستن:** ئەرێ.

**دەیڤس:** چوومە دەر و... لە نیوە ڕێگا... لە پڕێکدا... من... بۆم

دەرکەوت... دەبینیت... بۆم دەرکەوت پاپپەکەم لە بیر چووە. ئیتر گەڕامەوە تا بیبەم...

[وچان] (بەرەو لای ئەستن دەڕوا.)

ئەوە خۆ هەر هەمان پلاک نییە، ئایا هەمان پلاکە، تۆ ئەوە...؟

[وچان]

هەر هیچی لەگەڵدا ناکەیت بە هیچ، ها؟

[وچان]

باشە، ئەگەر... تۆ ڕێگا بدەیت... بە باوەڕی من، تۆ دەبێت...

[وچان]

گوێ بگرە...ئەوە... من هیچ لەوە ناز...

[وچان]

تۆ مەبەستت نەبوو لەوەی کە بە منت گوت، ئایا مەبەستت بوو کە من بۆگەنم دێت، وا بوو؟

[وچان]

ئایا مەبەستت بوو؟ تۆ هاوڕێیەکی باشی من بوویت. ڕێگات پێ دام بێمە ماڵت، ڕێگات پێ دام. هیچ پرسیارت لێ نەکردم، جێگایەکت پێ دام، بوویت بە هاوڕێم. گوێ بگرە، بیرم کردووەتەوە، بۆ هەموو ئەو ناڵەناڵەم دەکرد، لەبەر بایەکە بوو، دەبینیت. بایەکە لە کاتی خەودا لەسەر سەرم بوو، ئەوە بوو وای لێ دەکردم ناڵەناڵم بێت بێ ئەوەی پێی بزانم. ببینە، بیرم کردووەتەوە. دەمەوێ ئەوە بڵێم، کاتێک کە تۆ دەتەوێ جێگایەکەت بە من بدەیت و منیش ئەوی خۆم بە تۆ بدەم، هیچ



جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە. هەردووکیان هەر هەمان شێوەی سیسەمن، ئەگەر بتوانم ئەوی تۆم هەبێت، خۆ تۆ لەسەر هەر تەختێک بخەویت، هەر خەوت لێ دەکەوێ، دەتوانیت ئەوی من هەڵبگریت، و منیش ئەوی تۆ. ئیتر هەموو شتێک باش دەبێت. دەبینیت، لەو بایە ڕزگارم دەبێت. مەبەستم ئەوەیە.. خۆ تۆ... گوێ بە بایەکی زۆریش نادەیت، تۆ کەمێک هەوات پێویستە. لەوە تێ دەگەم، وەختی خۆی... لەو شوێنە بوویت، ئەو شوێنە، بەو هەموو دکتۆر و بەو هەموو شتانەوە کە لێیان کردوویت، لە ژوور خزێنراو. من دەزانم ئەو شوێنانە چۆنن، زۆر گەرمن، دەبینیت. ئەو شوێنانە هەمیشە گەرمن. من یەک جار سەرنجم دا. نێزیکەی خەریک بوو بخنکێم. بۆیە پێم وایە... ئەوە باشترین شتە بیکەین، جێگاکانمان دەگۆڕینەوە، پاشان دێینە سەر ئەو باسەی خەریکی بووین. من ئاگام لە شوێنەکە دەبێت بۆ تۆ، نە بۆ خەڵکی تر... نە بۆ... بۆ براکەت نا، دەبینین بۆ تۆ. دەبم بە بەردەستەی تۆ، هەر ئەوەندەی وشەکە بڵێ، تەنیا وشەکەت لە دەم بێتە دەر و من دەیکەم... پێشنیارەکەمت پێ چۆنە؟

[وچان]

**ئەستن:** نا، من پێم خۆشە لەسەر ئەم سیسەمە بخەوم.

**دەیڤس:** بەڵام تۆ لە مەبەستم حاڵیی نابیت!

**ئەستن:** بە هەرحاڵ، ئەو دانەیەیان هی براکەمە.

**دەیڤس:** هی براکەتە؟

**ئەستن:** هەر کاتێک بیەوێت لێرە بمێنێتەوە. ئەمە تەختی خەوی منە. ئەمە تەنیا تەختێکی خەوە کە دەتوانم تیایدا بخەوم.

**دەیڤس:** بەڵام براکەت ڕۆیشت، ڕۆی!

[وچان]

**ئەستن:** نا، ناتوانم تەختی خەو لەگەڵ کەس بگۆڕمەوە.

**دەیڤس:** بەڵام تۆ لە مەبەستی من ناگەیت!

**ئەستن:** بە هەرحاڵ، من مەشغووڵ دەبم. دەبێ ئەو هۆدەیە دامەزرێنم. ئەگەر ئێستا نەیکەم هەرگیز بۆم ناکرێت. هەتا بەرزی نەکەمەوە، ناتوانم دەست بە کاری تر بکەم.

**دەیڤس:** بەڵام من... یارمەتیت دەدەم هۆدەکەت دابمەزرێنی. وا دەکەم!

[وچان]

یارمەتیت دەدەم. هەردووکمان پێکەوە دای دەمەزرێنین. دەبینیت، هەر بە دوو خولەک تەواوی دەکەین. تێ دەگەیت باسی چی دەکەم؟

[وچان]

**ئەستن:** نا، دەتوانم بە تەنیا خۆم دای بمەزرێنم.

**دەیڤس:** بەڵام گوێ بگرە، من لەگەڵتدام. من لێرە لەگەڵتدا دەبم. ئەو کارەت بۆ دەکەم!

[وچان]

پێکەوە... هەردووکمان دەیکەین! پێکەوە... هەردووکمان...

[وچان]



بۆ خاتری خودا، جێگایەکانمان دەگۆڕینەوە!

**ئەستن:** (دەچێت بۆ لای پەنجەرەکە و پشت لە دەیڤس ڕادەوەستێ.)

مەبەستت ئەوەیە کە فڕێم دەدەیتە دەر؟ ناتوانیت وا بکەیت چۆن وا دەکەیت؟ گوێ بگرە، گوێم لێ بگرە. دەبینیت، من گوێ نادەمێ. دەمێنمەوە. گوێ نادەمێ. با پێت بڵێم، ئەگەر ناتەوێت جێگاکان بگۆڕینەوە، هەروەکو خۆیان دەیانهێڵینەوە. من لە هەمان تەختدا دەخەوم، بەس هەر ئەوەندەی ئەگەر کیسەیەکی توندترم دەست بکەوێ کە بیدەمە بەر پەنجەرەکە، بۆ ئەوەی بایەکەی پێ بگرم. هەر ئەوەندەم بەسە. ها چی دەڵێیت؟ هەر ئاوا دەیانهێڵینەوە.

[وچان]

**ئەستن:** نا.

**دەیڤس:** بۆ نا؟

(ئەستن ڕوو وەردەگێڕێ بۆ ئەوەی سەیری بکا.)

**ئەستن:** چونکە تۆ زۆر دەنگت لێوە دێ.

**دەیڤس:** بەڵام، بەڵام، سەیر بکە، ئاخر، گوێ بگرە، مەبەستم ئەوەیە....

**ئەستن:** (ڕوو دەکاتەوە پەنجەرەکە.)

ئەدی ئێستا... من ڕوو لە کوێ بکەم؟

[وچان]

چی بکەم؟

[وچان]

بۆ کوێ سەری خۆم هەڵبگرم؟

[وچان]

ئەگەر دەتەوێت بڕۆم دەڕۆم... دەڕۆم. هەر وشەکە بڵێ و تەواو.

[وچان]

بەڵام پێت دەڵێم چی... ئەو کەوشانە... ئەو کەوشانە کە دات پێم... جووتێک کەوشی باشن... باشن. ڕەنگە بتوانم بڕۆم بۆ ئەو خوارە... بچم بۆ ئەو خوارە....

(ئەستن بە بێ جووڵە دەمێنێتەوە، پشتی لە دەیڤسە، لە لای پەنجەرەکەیە.)

گوێ بگرە... ئەگەر بڕۆم بۆ ئەو خوارە... ئەگەر بتوانم کاخەزەکانم پەیدا بکەم... ئایا تۆ... تۆ دەیکەیت... ئەگەر بچم بۆ ئەو خوارە.... و کاخەزەکانم...

[بێ دەنگییەکی درێژ.]

[پەردە دادەرێتەوە]